# بەدرخان یادی ١١١ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پیرۆزدەکات


بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی ڕۆژنامەوانیی
گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١١٦) چوار شەممە ٢٠٠٩/٤/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە گوڵانی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com




## شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان

دوای سـەرکەوتنی تەواوی چالاکییەکانـی دەزگای بەدرخان لە ئەوروپا، بڕیارە ئەمساڵ بە بۆنەی ١١١ـەمینساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان شەشەمین فێستیڤاڵی خۆی لە وڵاتی یۆنان بە هاوکاری حزبی پاسۆکی یۆنانی ئەنجام بدات.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٤ حەمید بەدرخان لە ڕێگای فڕۆکەخانەی ئەسـینا گەیشتە وڵاتی یۆنان و لەوێ لەلایەن ڕەوا حەمە کەریم و حوسـامەدین ئەهائەدین و هەڤاڵانی پەیوەندییەکانی ی.ن.ک پێشوازی لێکرا، دواتر حەمید بەدرخان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ی.ن.ک کردو لەوێ بە گەرمی پێشوازی لێکرا، دواتر بەمەبەستی سازکردنی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان حەمید بەدرخان بە هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەوا حەمە کەریم لەگەڵ ڕۆماننووس و نووسەری کورد جەمیل تۆران کۆبوونەوەو دوای گفتوگۆیەکی سێ سەعاتی، بڕیاردرا شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینای پایتەخی یۆنان ئەنجام بدرێت، دوابەدوای ئەوە، حەمید بەدرخان لەگەڵ فلیپۆس ساڤیدیس جێگری بەرپرسـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پاسۆکی یۆنانی کۆبووەوەو بڕیاردرا شەشەمین فێسـتیڤاڵی بەدرخان بەهاوبەشی لە نێوان دەزگای بەدرخان و حزبی پاسۆکی یۆنانی سازبدرێت.

لەکۆتایی دانیشتنەکەشـدا، حەمید بەدرخان سـڵاوی کارمەندانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە سـەرۆکی حزبی پاسۆک گەیاندو چەند دیارییەکی تایبەتی پێشکەش کرد، کە ئەو دیارییانەی لە کوردستانەوە بەو مەبەستە بردرابوون.

جێـی ئاماژەیـە، دەزگای بەدرخان سـاڵانە فێسـتیڤاڵێک سـازدەکاو فێسـتیڤاڵەکانی ڕابردوو لە هەریەک سلێمانی، دهۆک، هەولێر، بەرلین و قاهیرە سـازکرابوون، لێـرەوەش داوای لێبوردن لە ڕۆژنامەنووسـان دەکەین لەبەر سەرقاڵبوون بەچەندین پڕۆژە نەمانتوانی لە ٤/٢٢ شەشەمین فێستیڤاڵ سـازبکەین. مژدەش دەدەینە ڕۆژنامەنووسان کە لە ٢٠٠٩/٦/٢٢ شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینای پایتەختی یۆنان سازدەکرێت.

## لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بەگەڕخرایەوە



ل١٠

## دوورکەوتنەوەی سەباح عەبدولڕەحمان بۆ؟



ل١٩

## بەدرخان و گەنج بۆ شانۆ لە دوای ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە هەولێر



پاش بەکۆتاهاتنی کارو چالاکییەکانی خۆیان لە وڵاتانی ئەڵمانیاو سوید ئەنجامدا، بڕیارە ئەمڕۆ کاتژمێر (٧)ی ئێوارە لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی شاندی دەزگای بەدرخان بگەنەوە هەولێری پایتەخت.
لە هەفتەی ڕابردووش ئەندامانی گرووپی گەنج بۆ شانۆ گەیشتنەوە شاری هەولێر.

ل ٢-٣



* نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر مەدیحە بەکر هەمەوەندی کۆچی دوایی کرد
* شانۆگەری دیوار لە دیدی شێرزاد هەینی و عەبدولموئمین دەشتیدا
* د. حەمدوش لەسەر ڕەوشی کوردان بۆ بەدرخان دەدوێ
* فیلەکانی جەمۆو هەوڵێک بۆ بەستایلکردنی شانۆی کلتووری میللی
* ڕۆژنامەی کوردستانی دایک لە ڕووی دیزاینەوە
* سوود و زیانەکانی سیستەمی نوێی پەروەردە بۆ خوێندکاران

## دەزگای بەدرخان فیلمی دۆکیۆمێنتی بەدرخان و بەدرخانیان بەرهەم دێنێت

لە درێـژەی کارو چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان، بۆ ئەمساڵ بەبۆنەی ساڵرۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و یادی ١١١ سـاڵە، دەزگای بەدرخان فیلمێکـی دۆکیۆمێنتی لەسـەر ئەزموونی ٩ سـاڵەی کارکردنی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و ئەو سـتافەی لە هەفتەنامەی بەدرخان کاردەکەن و ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی بەشـدارن لـە چالاکییەکانـی دەزگای بەدرخـان، هەموو ئەمانـە لە فیلمێکی دۆکیۆمێنتـاری خراونەتـەڕوو، کـە بەهاوکاری کەناڵی هەولێری تەلەڤزیۆنی گەلـی کوردسـتان و لـە ئامادەکردن و دەرهێنانـی سـتار محەمـەد ئەمیـن و وێنەگرتنی حوسێن ئەحمەدو سامی فەتاح و لە مۆنتاژکردنی سـەلاحی کۆمپیوتەر بەرهەم هاتووە.
لە لێدوانێکی تایبەتـدا دەرهێنەری ئەو فیلمـە، گوتـی: لەسـەر داوای دەزگای بەدرخان و بۆ باسـکردنی تەواوی کارو چالاکییەکانی ئەو دەزگایە بەبۆنەی یادی ڕۆژنامەگەری کوردی، کاری ئامادەکردن و دەرهێنانـم بـۆ فیلمـی بەدرخـان و بەدرخانیان کردووەو لەو ڕۆژەدا دەزگای بەدرخان پێشکەشـی دەکات و بڕیارە لە شەشەمین ڤیستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان نمایش بکرێت.

# جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕۆژنامەنووسانی کورد پیرۆز

**بەدرخان - ستۆکهۆڵم**

* ئەمرۆ ١١١ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی لە مێژووی خۆیدا، کە بە ڕۆژنامەی دایک ناسراوە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە پایتەختی هونەر و جوانی و وڵاتی غەریبان لە دار هیلال لەسەر دەستی جۆرج زێدان هاتۆتە چاپکردن و دەزگای بەدرخانیش لە دوو چاپی جیاوازدا (قاهیرە – تاران) ڕۆژنامەی (کوردستان)ی چاپکردۆتەوە.

* ئەمرۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە خەمی ئەوەدان چۆن بتوانن کارێک بکەن کوردستان بپارێزن لە شۆڤێنی نەتەوە پەرستەکان و ئەقڵ بەستووەکان و شەمشەمە کوێرەکانی دنیای نوێ چونکە ناخوازن کۆمەڵگای کوردەواری هوشیاربێ و بەرەو پێشەوە بچێ.

* ئەمرۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری هەیە، لە هەمبەر ئەو هەواڵ و چەواشەکارییەی کە لێرەو لەوێ بەمەبەستی جیا جیاو دەست لە پشتدانی خەڵکانی نابەرپرس و دوور لەخەمی ئەوەی، کە کوردستانی حازرەکی بەرهەمی خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی ئەم میللەتە ستەمدیدەیە.

* ئەمرۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئازادانەو سەربەستانە بێ سانسۆر هەرچییەکیان ویستبێ و نووسیبێ، بڵاویان کردۆتەوەو لە بەرامبەر هەر کەسێک یاسا بەرقەرارە.

* ئەمرۆ ڕۆژنامەنووسان ناخوازن هەواڵێک بڵاوبکەنەوە دوژمنانی کورد سوودی لێوەربگرن، چونکە هەزار کاری چاک و وتەی چاک و ئاوەدانکردنەوەو ژیاندۆستی و ژیانخۆشی لە مەملەکەتی کوردستان ڕوودەدات باسی لێوە ناکەن، بەڵام کاڵفامێک یا یەکێک لەسەر ناردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یەکسەر بە کارێکی یاساغ لە قەڵەم دەداو، ئینجا بابەتەکەش وەردەگێردرێتە سەر زمانانی دنیا، بۆیە ڕۆژنامەنووسان لەمرۆ بەدواوە ئەوە دەکەن. کە بابەتەکانیان ڕەنگی ژیاری و مافی چارەنووسی میللەتە ژێر دەستەکانی ژێر دەستی ئەو وڵاتانە دەکات، کە کوردی تێدا دەچەوسێنردێتەوە.

* بۆیە لەو ڕۆژەشدا لەگەڵ ئەوەداین دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (دۆسیە تایبەتییەکان، کە تایبەتن بە برگەی کۆنتراکتەکان، ریزبەندی پرۆژەکان، مووچەی دەسەڵاتداران، مەرجەکانی بەخشین و پاداشت و پارە دابەشکردن...هتد) زانیاریان بخاتە بەردەست و لێرەدا دەکرێ بڵێین و لەجێگای خۆیەتی ڕۆژنامەنووسان لە هەموو ئەو شتانە لێکۆڵینەوە بکەن، بە جددی کاری بۆ بکەن لەپاشان ڕاستییەکان بەڕاستی بڵاو بکەنەوە.

لە دوماهیدا دبێژم، پیرۆزبێ، یادی ١١١ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، بەهیوام لە ئاییندەیەکی نزیک (٢٠٠٩/٦/٢٢) لە یۆنان لە چالاکییەکی کلتووری کوردی– یۆنانی بەیەک شاد بینەوە.

## ئاراستەی سێیەم

# ئێستا بیخۆین جا بیکوتین یان بیکوتین جا بیخۆین

کێشەکە هەر ئەوە نییە کێ دەخوا و کێ دەکوترێت، چونکە لە هەموو سەردەمێکدا کەسانێک هەن دەخۆن و دەکوتن، کەسانێکیش هەن هەر دەکوترێن، گرفتەکەش ئەوەیە هەموو جارێکیش چ لە شۆڕشدا و چ لە شۆڕشی دوای شۆڕشدا هەر ئەوانە دەخۆن و دەکوتن کە پێشتریش هەر خۆیان بوونە، کەمجار هەیە ئەوانەی لە قۆناغێکدا کوتراون، لە قۆناغێکی دیکەدا بکوتن.


سمکۆ عەبدولکەریم

پیاو ئاگای لەخۆی نەبێت ڕۆژێ چەندین جار دەکڕێ و دەفرۆشرێت جارێک بە لیستی سەربەخۆ و چاکسازی و جارێکیش بە لیستی جیاواز، لە کۆتاییشدا هەرخوا بۆخۆی دەزانێت لە کامە بازاڕی دەبیندرێتەوە، هێشتا ریفۆرمەکە تەواو نەبووە قسە لەسەر ما بەعدە ئەلریفۆرم دەکرێ، مەسەلەکی کوردیش هەیە دەڵێ دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە، ئەوانەش کە دەهۆڵەکەی دەکوتن هەمووی لۆ ئەوەیە ئەوەی لە وێ دەستی نەکەوتووە لێرە دەستی کەوێت، بەڵام تا ئەو لە دەهۆڵ کوتانەکەی دەبێتەوە هیچ نەماوە تا بیخوات، بۆیە پیاو بیخوات جا بیکوتێت باشترە، نەک بیکوتێت جا بیخوات، ئەوەتا کابرای مەبدەئی دوای ئەوەی لە کۆنگرەکەی ئەوبەری هیچی بە هیچ نەکرد و ئەو دەهۆڵەی لەوێی کوتا هیچی لێشین نەبوو، بە یەک چرکەی گەیشتە کۆنگرەکەی ئەمبەرەی و لەسەر خێران نەک هەر لێی شین بوو بەڵکو بەریشدا، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە و هیچ عەیبی تێدا نییە، ئەوێ نا ئەوێ، سەرەنجام هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە، بەڵام ڕەنگە لەوێ بەسواری پشتی کیسەڵی بێت و ئەوەی دیکەش بە سواری پشتی حوشتری و ئەوەی دیکەش بەسواری پشتی یەکدی، بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو جیاوازییەکەوە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکەین و هەموومان بەیەکەوە ساوارەکەی بکوتین.

بۆ ئەو ساوار کوتانەش پێویستمان بە هەموو جۆرە ریفۆرمخوازێک هەیە، بە گەنج و مامناوەندی و بە ئەزموون و، ئەوانەش کە عەزلاتیان هەیە و ڕوحی مقاوەمەت و گیانفیدایان تێدایە، پاڵەوانیش ئەو کەسەیە بەردەوام بکوتێت و کۆڵنەدات، چونکە ئێستا بۆ هەندەکان خێر لەو سیاسەتی دەهۆڵ کوتانەیدایە، ئەگەر تا دوێنێ خێر لە ماستاویدا بووبێت ئەوە ئێستا لە دەهۆڵ کوتانیدایە، ئەگەر پێشتر باو باوی زوڕنای بووبێ، ئەوە ئێستا باو باوی دەهۆڵ کوتانە، ئەگەر پێشتر پیاو لەو سیاسەت و هونەرەی زوڕنا لێدان و ماستاو ساردکردنەوەی سەرکەوتوو نەبووبێ و هیچی بەهیچ نەکردبێ و دووحانەی پێنەبرابێت، ئەوە بێشک لەو دەهۆڵکوتانانەی خوا دەرگایەکی خێری بەسەردا دەکاتەوە.

# بەدرخان و گەنج بۆ شانۆ لە ئەوروپا


حەمید بەدرخان دیاری بەدرخان دەداتە فیلیپۆس ساڤیدیس

**ئا: بەدرخان- ئەوروپا**

### گروپەکە لە شانۆکەی ڕۆبەرتدا

دوا بەدوای ئەوەی وەفدەکە لە وڵاتی سوید شانۆگەری دیواریان نمایش کرد و بووە مایەی دڵخۆشی هەمووان، لە ڕۆژانی دواتر شانۆکاری ناوداری شانۆی سروشەیی "ئێرتیجالی" سویدی ڕۆبێرت وەفدەکەی داوەت کرد بۆ بینینی شانۆگەرییەکی تایبەتی ئێرتیجالی خۆی، هەر بۆیەش وەفدەکە بە خۆشحاڵییەوە لە کارەکە بەشداربوون.

### دیوار لە ئەڵمانیا نمایش کرا

دوای ئەوەی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید نمایش کرا، ئەوجارەیان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/٨ شانۆگەری دیوار لە تەنیشت دیواری بەرلین بە ئامادەبوونی چەندین ڕەوەندی کورد و هونەرمەندانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە لە ئەڵمانیا نمایش کرا، کە لە نووسین و دەرهێنانی کارۆخ و ئیبراهیمە و بەهاوکاری دەزگای بەدرخان گروپی گەنج بۆ شانۆ نمایشی کرد، لە پاڵ ئەوەشدا پێشانگای کتێبی گەڕۆکی بەدرخان لە دوای نمایشکردنی شانۆگەرییەکە کرایەوە و چاپکراوەکانی دەزگای بەدرخانی تێدا نمایش کرا.

شانۆگەری دیوار بریتییە لە کارێکی کوردی و باس لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی دەکات، باس لە خێزان و تاکی کورد و دیوارەکانی ژیان دەکا، لە پاڵ ئەوەشدا فەلسەفەی دەقی ئەو شانۆگەرییە بریتییە "١" خولەک لە ژیانی هەر تاکێکی کورد، کە لە ساتێکی دەم بە خەندە و پێکەنیندا چی دەکا و چی ناکا، چی دێتەوە یاد، ئەو دیوارانە چین کە هەموو ئەو پێکەنینا تێکدەشکێنێ و تاکی کورد دەباتەوە دنیای خەم و ژیانی ئاسایی خۆی.

جێی ئاماژەیە ئەکتەرانی ئەو شانۆگەرییە بریتی بوون لە "کارۆخ ئیبراهیم، ژیار ئیسماعیل، مەزهەر ئیبراهیم، ڕووبار ئیسماعیل" کارە تەکنیکییەکانیش لە لایەن کاریان شێرکۆوە جێبەجێ کرا.

### دیدەنی ڕەواندانی کوردی ئەڵمانیا

دوای ئەوەی وەفدەکە گەیشتنە وڵاتی ئەڵمانیا، چاویان بە چەندین نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی دانیشتووی ئەو وڵاتە کەوت لەوانە: (عەبدولموئمین دەشتی، سالمێ جاسم، ئیحسان عوسمان، موحسین عوسمان، پێشڕەوی سەید برایمی، عەبدولغەنی کاکۆ، ئەنوەر تۆڤی، کرمانج هەرکی، شانۆکاری ئەڵمان کریستۆف، زاهیر خۆشناو) و باسیان لە چەندین بابەت و تەوەری گرنگ کرد.

### سەردانی شوێنە ناودارەکانی ئەڵمانیا

هەر لە درێژەی ئەو گەشتەدا، وەفدی بەدرخان و گەنج بۆ شانۆ سەردانی چەندین شوێنی ناودار و پیرۆزی ئەڵمانیایان کرد، وەکو: (ئارامگە و ماڵی برێخت، هۆڵەکانی شانۆی ئەو وڵاتە، ئارامگەی هیگڵ).

### هەریەکە و بۆ وڵاتێک

دوای نمایشکردن و ئەنجامدانی تەواوی چالاکییەکان لە وڵاتی ئەڵمانیا، هەریەک لە ئەندامانی وەفدەکە بەرەو وڵاتێکی ئەوروپی چوون، حەمید بەدرخان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆتۆکۆڵی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان بەرەو یۆنان کەوتە ڕێ، هەریەک لە مەزهەر ئیبراهیم و کاریان شێرکۆ ڕۆیشتن بەرەو وڵاتی هۆڵەندا و "ڕووبار ئیسماعیل و ژیار ئیسماعیل و کارۆخ ئیبراهیم و ئەیوب یوسف" دووبارە گەڕانەوە سوید و دواتر کارۆخ ئەوانیشی جێهێشت و ئەویش چووە هۆڵەندا.

### ئەنجومەنی گەنجانی کورد لە هۆڵەندا و گروپی گەنج بۆ شانۆ

دوای ئەوەی کە لە وڵاتی سوید و ئەڵمانیا کارە هونەرییەکانی گروپی گەنج بۆ شانۆ کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، بەشێک لە ئەندامانی گروپەکە بە مەبەستی سەردانێکی چەند ڕۆژە ڕوویان لە وڵاتی هۆڵەندا کرد و لە ئەمستەردامی پایتەختی هۆڵەندا ئێوارەی ڕۆژی شەمە ٢٠٠٩/٠٤/١١ لەلایەن (بەختیار بەکر) لێپرساوی ئەنجومەنی گەنجانی کورد (میدیا) لە هۆڵەندا و کارگێڕی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. سەرەتا لێپرساوی ئەنجومەنی گەنجانی کورد لە هۆڵەندا وێڕای دەست خۆشی کردن لە چالاکیەکانیان لە دەرەوەی وڵات، بەخێرهاتنی کردن و پشتگیری ڕێکخراوەکەیانی بۆ کارەکانی داهاتوویان دووپات کردەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن. لە ئاکامی ئەم دیدارەی نێوان ئەنجومەنی گەنجان لە هۆڵەندا و گروپی گەنج بۆ شانۆ لە کوردستان، تواندرا چەند باسێک و پڕۆژەی سەرەتایی تاوتوێ بکرێت و بیرۆکەی چەند کارێک باسی لێوە کرا و بڕیار درا لە داهاتوودا دانیشتنی زیاتری لەسەر بکەن و هەوڵ بدەن بۆ کاری هاوبەش. شایەنی باسە هەردوولا ئەم دیدارەیان بە هەنگاوی نوێ ناوبرد و بەم جۆرە پردێک لە نێوان گەنجانی ناوەوە و گەنجانی دەرەوە دروست دەکەن. لە کۆتایی دیدارەکە هەریەک لە (کارۆخ ئیبراهیم حەکیم) و (مەزهەر ئیبراهیم) سوپاسی ئەم پێشوازییە گەرمەیان کرد و هیوایان خواست بەردەوامی لە پەیوەندیەکاندا هەبێت و لە داهاتوودا ئەم جۆرە سەردانانە بەرنامەڕێژی باشتری بۆ بکرێت.

گروپی گەنج بۆ شانۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای بەدرخان، شانۆیی(دیوار)یان لە ستۆکهۆڵم و بەرلین نمایشکرد. ئەم شانۆیگەریە لە نوسین و دەرهێنانی هونەرمەند (کارۆخ ئیبراهیم)ە و لە نواندنی هونەرمەندان (ڕووبار ئیسماعیل و مەزهەر ئیبراهیم و ژیار ئیسماعیل و کارۆخ ئیبراهیم)ە و کاری موزیکی لە لایەن هونەرمەند (شیرکۆ)وە بۆ کراوە.

شانۆیی (دیوار) شانۆییەکە دەیەوێ باسی دیوارەکانی نێوان مرۆڤەکان بکەن و لێکدانەوەی جیاواز بخەنەوە هزروبیری تاکی کورد کە دیوار لەناودیواردای بۆ دروستکردوون و ئەو (تەقسانە) بخەنە ڕوو کە نامۆن بە کۆمەڵگەی ئەوروپی و دەربڕی کلتورێکی جیاواز بن..

لە شانۆییەکەدا خوێندنەوەی جیاجیا بۆ (دیوار) کراوە جۆرەها دیوار، لێکدابڕان، دەربازبوون و چونەوە ناو دیوارەکا. لێکدانەوەی لە ڕووی ئایداو وەهم و تەنانەت بەمانا داخراوەکەی پێشاندانی هزری کوردی.

دواجار عەشق و نوێبوونەوە و ململانێی بەردەوام. قسەکردن لەسەر هەموو دیوارە دروستکراوەکان، کەلە شانۆیی (دیوار)دا بەرجەستە دەکرێت بەرهەمی گروپێکی هونەرمەندو ئەکادیمی گەنجانی شاری هەولێرمان پیشان دەدات کە سەرەنجام هیوایەکمان پێ دەبەخشێ کە ئایندە ڕوناکەو ئومێدمان بۆ دەرێتەوە.

### شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان

پاش سەرکەوتنی چالاکییەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، کە بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی – ئەڵمانی لە مانهایم ڕێکخرا، گروپی گەنج بۆ شانۆ توانیان سەرکەوتووانە نمایشی شانۆگەری (دیوار) کە لە نووسین و دەرهێنانی کارۆخ ئیبراهیم حەکیم بوو لە وڵاتانی (سوید و ئەڵمانیا) پێشکەش بکەن، گروپەکە پاشان ڕوویان لە هۆڵەندا کرد و حەمید بەدرخانیش بەرەو وڵاتی گریس کەوتەڕێ، لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٠٤/١١ گەیشتە ئەسینای پایتەخت و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەسینا لە لایەن بەڕێزان (ڕەوا حەمە کەریم و حوسامەدین بەهائەدین) هەڤاڵانی کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە یۆنان پێشوازی لێ کرا، پاشان سەردانی چەندین شوێنی شوێنەواری کۆنی یۆنانی کرا لە ئەسینا ( ئەکرۆپۆلیس )، هەروەها سەردانی کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە یۆنان کرا و حەمید بەدرخان چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەڤاڵانی کۆمیتەو حسێن حەمە ساڵح بەر پرسی کۆمیتە کرد.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٠٤/١٢ هەر لە ئەسینا لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامەنووس (جەمیل تۆران) دانیشتن کرا، بۆ ئەوەی چۆن بتوانن چالاکییەکی ڕۆژنامەوانی و کلتووری لە یۆنان ئەنجام بدەن، پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە (٣) کاتژمێری خایاند، بڕیاردرا کە ( جەمیل تۆران ) کارئاسانی و هەموو کارێکی کلتووری بگرێتە ئەستۆ بە ڕاوێژ لەگەڵ (ڕەوا حەمە کەریم).


حەمید بەدرخان لە رادیۆی زایەڵە

ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٩/٠٤/١٤ سەعات ١٥,٣٠ لە بارەگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پاسۆکی یۆنانی و لە لایەن جێگری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پاسۆک (فیلیپۆس ساڤیدیس) و هەندێک ڕێکخراوی ڕۆشنبیری یۆنانییەوە پێشوازی لە ( حەمید بەدرخان و ڕەوا حەمە کەریم) کرا، کە تێیدا باس لەسەر چۆنیەتی بە هاوبەشی سازدانی چالاکی ( فێستیڤاڵی بەدرخان – ٦) کە بڕیارە لە ٢٠٠٩/٠٦/٢٢ لە ئەسینای پایتەختی یۆنان ساز بدرێت کرا، لە دانیشتنەکە باس لە پەیوەندی کلتووری کوردی– یۆنانی کرا و هەروەها هیواخواز بوون کە لە کات و وادەی دیاری کراودا زوو ئەو چالاکییە ئەنجام بدرێت، هەروەها حەمید بەدرخان سڵاوی کارمەندانی دەزگای بەدرخانی ئاراستەی سەرۆکی پارتی پاسۆکی یۆنانی و سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەر ناسیۆنال (یۆرگۆ پاپاندرەیۆ) کرد.

هێژای گوتنە پاش دانیشتنە فەرمییەکە، چەند دیارییەک کە لە لایەن دەزگای بەدرخانەوە لە کوردستان بۆ ئەو مەبەستە دروست کرا بوو، لە لایەن (حەمید بەدرخان)ەوە پێشکەش بە ( فیلیپۆ ساڤیدیس ) کرا.

### دیوار لە هۆڵەندا نمایش نەکرا

هەروەکو ڕاگەیاندرابوو، بڕیاریش بوو دوابەدوای ئەڵمانیا شانۆگەری دیوار لە وڵاتی هۆڵەندا نمایش بکرێ، بەڵام بەهۆی دابین نەکردنی هۆڵ نەتوانرا ئەو شانۆگەرییە لە وڵاتی هۆڵەندا نمایش بکرێ.

### گەنج بۆ شانۆ گەڕانەوە

دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی شانۆگەرییەکەی خۆیان لە وڵاتی "سوید و ئەڵمانیا" نمایشکرد، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ئەندامانی گروپی گەنج بۆ شانۆ جگە لە کاریان شێرکۆ، کە پێکهاتبوون لە "کارۆخ ئیبراهیم، مەزهەر ئیبراهیم، ڕووبار ئیسماعیل، ژیار ئیسماعیل" لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتنەوە شاری هەولێر و بڕیاریشە ئەندامانی دیکەی ئەو وەفدە کە "٥" کەس ماون ئەمرۆ ٢٠٠٩/٤/٢٢ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بگەنەوە هەولێر.

### گەشتەکە لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان

دوای گەیشتنی وەفدەکە بۆ سوید هەریەک لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان زۆر دڵسۆزانە و بە پەرۆشەوە هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی ئەو گەشتەکەیان بە خوێنەرانی کورد دەگەیاند، بۆیە بەپێویستی دەزانین سوپاسی هەریەک لە "puk media، کوردستانی نوێ، خەبات، کوردستان ڕاپۆرت، ئاسۆ، ماڵپەری چاودێر، ڕۆژنامەی هەولێر" بکەین، کە لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکان کەمتەرخەمیان نەکرد، حەزیش دەکەین ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەین، بە سوپاسەوە گۆڤاری هەرێمی کوردستان هەواڵی نمایشکردنی شانۆگەری دیواریان بڵاوکردەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسیان لەوە نەکردبوو دەزگای بەدرخان ئەو گەشتەی ڕێکخستووە، ناشزانین گۆڤاری هەرێمی کوردستان ئەو هەواڵەیان لەکوێ وەرگرتووە و کوا سەرچاوەکەی، چونکە هەموو چالاکی ڕاگەیاندنەکان لەلایەن "مەسعود ئیبراهیم مەلا هەمزە" ئەنجامدراو ئەویش ئەو هەواڵەی بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان نەناردووە، بۆیە بە هەقی خۆمانی دەزانین ئەو ڕاستییە بڵێین و ئەگەر هەر لایەنێکیش


ئەندامانی وەفدی بەدرخان و گەنج بۆ شانۆ

# ڕەگەزی کورد

د. نەبەز مەجید ئەمین

بەپێی دەرئەنجامی ئەو کنەو پشکنینانەی زانا شوێنەوارناسەکان لە ناوچەکانی کوردستان ئەنجامیان داوە، تەمەنی مرۆڤ لەسەر خاکی کوردستان و لە ئەشکەوتەکانی ئەم ناوچەیە بە پتر لە (60) هەزار ساڵ مەزەندە دەکرێت و سەدان ساڵە کوردستان بووەتە لانکەی گروهە مرۆییەکان، کە بە درێژایی چاخەکان هەماهانگی و زمانی یەکگرتوویان بەرجەستە بووە و بۆتە مایەی پێکهێنانی پایەیەک بۆ نەتەوەی کورد دوای ئەوەی چەند گۆڕانکارییەکی رووکاری لەناو میکانیزمەکانی ژیان و گوزەرانی هاتۆتەدی(35) .

هاوپەیمانەتی و تێکەڵبوونی خێڵە کوردییەکان، کە هاوکات بوو لەگەڵ پتەوبوونی پەیوەندیە ئابووری و فەرهەنگییەکان لە نێوان سەرجەم ئەندامەکانی خێڵ و شەڕو پێکدادانەکان و کۆچرەوی دانیشتوان چ بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانەوە بێت یان بە هۆی گواستنەوەی زۆرەملێ بووبێت، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مولکایەتی تایبەت و سیستەمی کۆیلایەتی دەرکەوت، ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری تێکەڵبوونی ئەندامانی خێڵەکان، دواتریش بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندییە خوێنییەکان( رابطة الدم) لە نێو ئەو خێڵانە بگۆڕێ بە پەیوەندییە هەرێمییەکان و هەروەها سەرهەڵدانی شێوەیەکی نوێ لە کۆبوونەوە مێژووییەکانی مرۆڤ، کە لەچەند کۆمەڵێکی مرۆیی پێکهاتبوو، کە لەرووی نەژاد و زمانەوە لەیەکدی نزیک بوون(36) .

بۆیە دەتوانین بڵێین، کە هەر لەسەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە وەک لە تۆمارە کۆنەکانی سەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشورییەکان پێمان گەیشتوە، کە لە بابەتی وشەی کورددا باسمان کرد، لە کوردستان کۆمەڵێک ناو سەریان هەڵداوە کە گوزارشتیان لە بوونی نەتەوەو چەند یەکەیەکی خێڵەکی دەکرد، کە لە ڕووی سیاسی و شارستانییەوە ڕۆڵی تایبەتییان هەبووە لە ناوچەکەدا .

بەم پێیەش سەر هەڵدان و گەشەکردنی نەتەوەی کورد لە مێژوودا لە ناوچە ئارینشینەکانی باشووری رووسیا یان لە ئێران یان لە ناوەڕاستی ئاسیا نەبووە، نەسەرەتای سەرهەڵدانیشیان لە کاردۆخییەکانەوە دێتەخوارەوە وەک هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەیان پێ کردووە، نەکوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی کیرتییەکانن وەک لای هەندێک ئەم ڕایە گەڵاڵە بووە، چونکە هەروەک ( د. جەمال رەشید) ئاماژەی پێ کردووە، کە ئەم بۆچوونەیان هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی نییە جگە لە نزیکی هەردوو وشەی ( کورد، کیرت) لەڕووی فۆنەتیکەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە کوردەکان ڕاستەوخۆ نەوەی میدییەکان نین.

بەڵکو ئەگەر لە ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە ڕۆبچین و قووڵ ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم گەلانە بەشێک بوونە لەو گروپە مرۆییانەی کوردستانیان کردبوو بە نشینگە و لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کورددا ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە پتەوکردنی ئەو بناغەیەی، کە سەرەتای دیاردە نەتەوەیی و ژیارییەکانی کوردی لێوە چەکەرەی کردووە لە ماوەی چەند سەدەیەکی مێژووییدا(37) .

نەتەوەی کورد لە باکووری دۆڵی ڕافیدەین و لە بەرزاییەکانی چیاکانی زاگرۆس و تۆڕۆس و پێدەشتەکانی سۆرباتۆ دەرکەوتووە، کە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی لە گوتییەکان و لولوەکان و هۆرییەکان و کاشییەکان پێک هاتبوو دواتر کەوتنە ژێر ڕکێفی زمانەوانی کۆمەڵێک لە هۆزە هیندۆ ئارییەکان و ئیتر شێوەزاری گەلە ڕەسەنەکانی ون بوو یان هەندێک وشەی تێکەڵ بەزمانی گەلە کۆچەرەکان بوو. بۆیە زۆر لە توێژەران گۆتییەکان، کە کۆنترین گەلی ناوچەی کوردستانن بەیەکەم ڕیشەی نەژادی کوردە هاوچەرخەکان دەزانن . بەڵام لەڕاستیدا گۆتییەکان ئاوێتەی هۆرییەکان بوون و دواتریش لە هەزارەی دووەمی بەر لە زایین بەدواوە و پاش هاتنی شاڵاوی هۆزە هیندۆ- ئارییەکان و بەتایبەت ( میتانییەکان) ئیتر ئەم گەلە ڕەسەنانە کەوتنە ژێر ڕکێفی ئەم گەلە کۆچەرییانەو ئاوێتەی یەکدی بوون و گەلە هاتووەکان زمانی خۆیان بەسەر گەلە ڕەسەنەکاندا زاڵ کرد، هاوکات گەلە هاتووەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی دیاردە شارستانی و کلتوری و بنەما ئایینییەکانی گەلە ڕەسەنەکان و بەمەش بناغە سەرەکی و بەراییەکانی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی چەکەرەی کرد، هەرلەم بارەیەوە (د. جەمال رەشید) ئاماژە بەوە دەکات، کە بەر لە هاتنی میدییەکان بۆ کوردستان هەندێ بنەمای نەتەوەیی کورد بەرجەستە بوو لەو ناوچانە کە وێنەیەکی زۆر دێرینیان هەبوو لەوانە:

بوونی ناوێکی تۆبۆگرافی هۆری کۆن( مادکورداکی)(mat kurdaki ) واتە ( زەوی وڵاتی کورد)، کە دەوروبەری ناوچەکانی جغجغەو تەپەڕەش (تل الاسود) لە حەوزی روباری خابوور دەگرتەوە لە کوردستانی( ڕۆژئاوا) وەک لە تۆمارە سۆمەری و ئەکەدییەکاندا دیاری کراوە لە هەزارەی سێی بەر لە زایین، دواتر لە سەردەمی هێلینی کاتێک ئەم ناوە تۆبۆگرافییە بوو بەناوێک، کە گوزارشتی لە چەمکێکی ئەتنیکی دەکرد، سنوورەکەی دەستی بە فراوان بوون کرد و ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری کوردستانی دەگرتەوە، کە مێژوونووسە کلاسیکییەکان بەم شێوەیە ( kordya ،kurdya ) تۆماریان کردووە(38) .

ڕەگەزە ئارییە کۆنەکان (میتانییەکان) هەر لە هەزارەی دووەمی بەر لە زاینەوە لە ناوچەی ( ارض کوردا) (زەوی کوردا) نیشتەجێ بوونە لە بناغەیەکی زمانەوانی و ئایینی هیندۆ- ئێرانیدا بەرجەستە بووبوون، لەکاتی هاتنی میدییەکان لە هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین ئیتر لەم ناوچەیە پرۆسەی ئاوێتەبوونی هەردوو زاراوەکە ڕووی دا و پەرەی سەند، کە هەردوو زمانەکە سەربەیەک خێزانی زمانەوانی بوون، بوون بە بناغەی یەکەمی چەکەرەکردنی زمانی کوردی(39).

ناوچە زاگرۆسییەکان هەر لە سەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵییەوە خاوەن شارستانییەکی پێشکەوتووبوون، بەمەش سەرهەڵدانی سەرەتای کۆمەڵگای مەدەنی کۆن لە پێدەشتەکانی ئەم ناوچەیە شتێکی سروشتی بوو، هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە ناوچەی وڵاتی کوردیا(kordya) بەرزاییەکانی زاگرۆس بوو بە لانکەی بەکوردبوونی کۆنترین نیشتەجێیەکانی زاگرۆس، وەک گۆتی و هۆری و کاشییەکان لە ژێر سایەی باڵا دەست بوونی میتانی و میدییەکان بەسەر زمانی ئەو گەلانەدا چەکەرەی کرد لە نێو یەک زمان و زەوییەکی هاوبەش(40).

بەم پێیەش دیاردەی کۆبوونەوەی مرۆڤ لەڕووی زمانەوانی و هەرێمی و ئابووری و کلتوورییەوە ڕەنگدانەوەی شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەم هێنانە، بەبێ ئەوەی بوونی دەوڵەت مەرجێک بووبێ لەم پرۆسەیەدا، دواتر بەتێپەڕبوونی کات ئەم دیاردەیە پەرەی سەند و تا ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی زیاتر سەپاو دامەزرا بەهاوبەشی ژیانی ئابووری و هەرێمی و نەتەوایەتی و هەندێک خەسڵەتی سایکۆلۆژی و داب و نەریتی شارستانی و ژیانی.

سەرەنجام ئەم گەشە کردنە لە گەڵ سیماو خەسڵەتە مێژووییە ڕابردووەکانی دانیشتوانی کوردستان و سیستەمی ئابووری و کلتووری و دەوروبەری جوگرافی و شێوەی ژیان و داب و نەریتیان مۆرک گیربوو و نەتەوەی کوردی پێکهێنا.

بەپێی ئەم ڕاستییانەش نەکوردەکان و نە هەر گەلێکی تر پێویست ناکات، کە خاڵی سەرەتایی بۆ دیاری بکرێت، ئەوەی ڕاستییە کە نەتەوەی کوردو شارستانیەتی کورد بەرهەمی گەشەکردنی شارستانیەت و کلتووری گەلە سەرەتاکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس و تۆرۆسن، جگە لەوەی کە گەلە ئارییە هاتووەکان بەشێکن لەو پێکهاتەیە.

سەرەنجام دەتوانین بڵێین هەموو ئەو گروپانەی کە ڕۆژ هەڵاتناسەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، وەک: ( کاردۆخی و کیرتی و میدی) لە پاڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکە ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە پرۆسەی مێژووی پێکهێنانی نەتەوەی کورد، واتا کوردەکان ڕاستەوخۆ لە هیچ ڕەچەڵەکێک نایەنە خوارەوە، بەڵکو دەرەنجامی پرۆسەیەکی مێژووی درێژ خایەنن، کە بەرهەمی تێکەڵاوبوونی ئەو گەل و کۆمەڵە ڕەسەنانەن، کە هەر لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات لە شارستانی موشیری و شارستانی برادۆست و زەرزی و دواتریش قۆناغی بەرهەم هێنانەو شارستانیەتی گوندە کشتوکاڵییەکان تا دەگاتە قۆناغی دەرکەوتنی دەسەڵاتداریەتی و گەلە کۆنەکانی وەک گۆتی و لولوو کاشییەکان و هۆرییەکان بە ئاوێتەبوون لەگەڵ گەلە کۆچەرییە هاتووە هیندۆ ئارییەکان نەتەوەی کورد پێکهاتووە.

بەشی پانزدەهەم

## چاپی دووەمی مەلای گەورە




ئا: بەدرخان

هەڵبەتە جەنابی مەلای گەورە و بنەماڵەی جەلیزادە یەکێکن لە ماڵباتە هەرە ناودار و گەورەکانی کوردستان، کەسایەتی مەلا محەمەدی کۆیی جگە لە بواری زانست و حوجرە و مزگەوت، لە دنیای ئەدەب و شیعریشدا دەستێکی باڵا و سەلیقەیەکی هونەری جوانی هەبوو، ئەوە وێڕای ئەم هەموو هەڵوێستە جوان و نیشتمانپەروەرییانەی لەژیانی ئەم زاتەدا دەگێڕدرێتەوە و باسی لێوە دەکرێت، ئەمە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی "عەبدولخالق عەلائەدین"ە، کە چاپی یەکەمی بەر لە ٣٥ ساڵ چاپکراوە، وەک زەرورەتێک و ئاگابوونی نەوەی تازەش لەم زانیارییانە و پتر ناسینی شاعیر و زانای گەورە مەلا محەمەدی کۆیی، لەم ماوەیەدا جارێکی دیکە و لەچاپێکی تازەدا بە قەبارەی ١٨٤ لاپەڕە لە چاپخانەی منارە لە شاری هەولێر ئەو کتێبەی چاپیکردۆتەوە.

# عەبدوڵڵا پشدەری: گەڕانەوەی (خومەینی) بۆ تاران و ئینقلابی ئێران و کۆتایی هێنان بەرژێمی (شا)ی ئێران



عەبدوڵڵا پشدەری

ئەوە بوو باسی ڕۆیشتنی شای ئێران هەروەها گوشارەکانی جەماوەریشمان لەسەر (شاهپوری بەختیار) باسکرد، کەوا دەیانەوێ هەرچی زووتر کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێبهێڵن و (موهەندیس مەهدی) بازرگان بچێتە جێگایەکەی، ئیدی ئەوە بوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەمارۆی لەسەر توندتر دەکراو تا دەهات دەسەڵاتی لاوازتر دەبوو، لە ئەنجامدا جەماوەر داوای گەڕانەوەی (خومەینی)یان کرد بۆ تاران، کە ئەمەش لە ڕاستیدا کارێکی زۆر پڕ لە مەترسی بوو، هەموو جادەکانی ناوشاری تاران پڕاوپڕی دەبابە و زریپۆش بوون و هەلی کۆپتەری جەنگی هەمیشە بەسەر ئاسمانی تارانەوە دەسوڕانەوە، ئینجا لەو کات و وەختە ناسکەدا هاتنەوەی (خومەینی) بۆ (تاران) کارێکی زۆر نەگونجاو و لەئەقڵ دووربوو، هەموو کەس لەو باوەڕەدابوون ئەگەر بێت و خومەینی ئەوکارە بکات، ئەوا دیارە خوا سەری لێشێواندووە، خۆی بەئاشکرا بەرەو ڕووی مەرگ دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خومەینی داواکەی جەماوەری قبووڵکرد و بڕیاری گەڕانەوەی دا، هەرلەکاتی خۆ ئامادەکردنیشدا بە هەڤاڵەکانی خۆی ڕاگەیاند، واتە: ئەو هەڤاڵانەی، کە لەپاریس لەگەڵیدا بوون، ئەوا من لەسەر داوای گەلی ئێران، دەگەڕێمەوە تاران و بەدووریشی نازانم، کەوا مەترسییەکی گەورەم بێتە سەر ڕێگا، لەوانەشە بەسەلامەتی نەگەڕێمەوە، بۆیە حەزدەکەم هەر لەو ساتەوە پێتان ڕابگەیێنم: ئەویش ئەوەیە هەر کەسێک لە ئێوە ئەگەر دوودڵە (متردد) لە هاتنەوەی و نایەوێ خۆی تووشی ئەو مەترسییە بکات، دەبا هەر لە ئێستاوە هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، بەڵام هەڤاڵەکانی، کە بریتی بوون، لەوانەی خوارەوە هەر هەموویان بەیەک دەنگ ئامادەیی خۆیان پێشاندا لەگەڵ (ئیمام)و هەڤاڵەکان ئەمانە بوون:

١. قوتب زادە ٢. د. ضمران
٣. د.ئیبراهیم یەزدی ٤. ئەمیر ئینتیزام.

هەروەها چەند کەسێکی دیکە لە هاوڕێیان وکاربەدەستانی خۆی، ئەوەبوو لەڕۆژی (١)ی شوباتی "١٩٧٩" دا، ئیمام (خومەینی) بەخۆی و هەموو دەستەو بەستەکەیەوە (فەڕەنسا)ی بەجێهێشت، بە سواری فڕۆکەیەکی فەرەنسی کەوتە ڕێگا، ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی شارەکانی ئێران بەبیستنی ئەو هەواڵە موژدەبەخشەوە ڕوویانکردە (تاران) و ئەو شارە گەورەیە وەکو دەریایەکی زۆر فراوان مۆنجەی دەدایەوە، بگرە ڕێگای هاتووچوونی ئۆتۆمبێلی باری و سواری نەما، تا خۆم ئەو ڕۆژە نەمتوانی بگەمە تاران، ناچار گەڕامەوە ماڵەوە لە تەلەفزیۆن سەیری ئاپۆڕەی جەماوەرمان دەکرد، ئێستا فڕۆکەی خومەینی هەر بەرێگاوە بوو، کەوا لێشاوی خەڵک بەپێ (پیادە) ڕژایە ناو فڕۆکەخانەوە، (فرودگای مهرئاباد)ی تاران، هەمووشی دروشمی بەخێرهاتنی خومەینی لەسەر شانەوە بوو، ڕاستی شاری تاران ئەو ڕۆژە ببوو بە یەک شێتخانە، لە هەموو لایەک گریان و پێکەنین و هەڵپەرکێ بە یەکجاری تێکەڵی یەکتری ببوون، هەرچی کۆڵان و سەربان و دەرو دەشت هەیە، هەمووی مۆنجەی دەدایەوە لە پیر و گەنج و ژن و منداڵ، هەر لە بەیانییەوە ئەو خەڵکە بە بیستنی هەواڵی هاتنەوەی (خومەینی)ەوە وەستا بوون، نەشیان دەزانی داخۆ خومەینی کەی دەگاتە تاران، زۆر هەبوون دەگریان و باوەڕیان وابوو، کە خومەینی هەر بە گەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی تاران دەکوژرێت یان هەر لە ئاسماندا فڕۆکەکە دەخەنە خوارەوە، ئیتر ئەوە بوو بەرنامەی هاتنەوەی خومەینی بە ڕادیۆ ڕاگەیاندرا، چونکە لە ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا هاوکارو مریدانی خومەینی زۆر هەبوون و گوێیان بە فەرمانی حکومەتی عەسکەری نەدا، هەموویان دەنگوباسی هاتنەوەی خومەینییان بڵاودەکردەوە، حکومەتی بەختیاریش هیچ توندی و بەرگری پێشان نەدا، ئەگینا دەیتوانی هەموو جۆرە ئیجرائاتێک وەربگرێت، ئینجا بەرنامەی خومەینی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیاندرا:

١- پاش دابەزینی لە فڕۆکەخانەی (مهر ئاباد) یەکسەر بڕواتە دانیشگای (جامیعە)ی تاران و لەوێ بۆ جەماوەری ئێران قسە بکات و وتار بدات.

٢- هەر لەجامیعەوە یەکسەر بڕواتە سەر مەزاری شەهیدان (بەهەشتی زەهرا) بە مەبەستی زیارەتی شەهیدانی ڕێگای ئازادی.

٣- پاشان بگەڕێتەوە ناو شار و لە (حوسەینی)یەی نزیک بە (مەجلیس شورای میللی پەرلەماندا بێتەخوارەوە و هەر یەکجاری لەوێش نیشتە جێ بێت، بەڵام ئەوە بوو، ئەو بەرنامەیە هیچی سەری نەگرت، چونکە ئاپۆرەی خەڵک لە فڕۆکەخانە ئەوەندە زۆر بوو، کە بە هیچ جۆرێ ماوە نەبوو ئۆتۆمبێلی (خومەینی) بکەوێتە ناو جادە و بۆ (جامیعە)، ئیتر چەند کەسێکی پلە بچووک لە هێزی ئاسمانی، کە هەر لەپێشەوە بە نهێنی هاوکاری (ئاخوندەکان) بوون، ئەوانە ئەو ڕۆژە سەری خۆیان دەرخست بەبێ فەرمانی لێپرساوانی خۆیانەوە یەکسەر هاتنە مەیدان، هەرچی زووتر بە خۆیان و فڕۆکەیەکی هێلی کۆپتەری گەورە ئامادەی خۆیان پێشاندا، وەکو فیدایی و (خومەینی)یان گەیاندە (بەهەشتی زەهرا)ی مەزاری شەهیدان، چونکە دیسان لە جامیعە هیچ جێگەیەک نەبوو، هێلی کۆپتەرەکەی لێ بێتەخوارەوە.

بەهەشتی زەهرا کەوتۆتە باشووری تاران، لەوێ (خومەینی) دابەزی و وتارێکی سەرپێیی زۆر توندوتیژی ئاراستەی جەماوەر و گەلی ئێران کرد، لە وتارەکەیدا زۆر هێرشی بردە سەر شای ئێران و دامودەزگایەکەی، تێیدا داوای لە جەماوەر کرد، کە هەرچی زووتر حکومەتی پوچەڵی بەختیاری بڕوخێنن و حکومەتی شەرعی (مەهدی بازرگان) لە جێگای ئەو دابمەزرێنن، هەروەها لە وتارەکەیدا داوای لە ژنەڕاڵەکانی عەسکەری کرد، کە چیتر پشتیوانی لە ڕژێمی دکتاتۆری شای ئێراندا نەکەن و خۆیان بخەنە ژێر پەرچەمی ئیسلامەوە، ئەوەبوو لەو ڕۆژەدا (بەختیار) بەخۆی و هەموو ژنەڕاڵەکانی عەسکەرییەوە هیچ هەڵوێستێکی توندییان بەکارنەهێنا، خەڵک خۆی هەمە کارەبوو، لەناو شارەکەدا، سەیریش لەوە دابوو، کە ئەو ڕۆژە هەر تاکە ڕووداوێکی ناخۆشی و ئاژاوە دروست نەکرا، خەڵک دەیانووت ئەوە لەبەرەکەتی ئیمام (خومەینی)یە، بەهەرحاڵ ئیمام گەیشتە ئەو (حوسەینی)یەی باسمانکرد، هەرچی خەڵک هەبوو، لە هەموو چین و توێژەکانەوە ڕژانە دەوراوپشتی ئەو شوێنە، هەر وات دەزانی ڕۆژی مەحشەرە، هەر زەلام بوو، دەتلایەوەو هاواری دەکرد، بە دەنگی بەرزەوە یا (ئیمام) جانم فیدات یا (ئیمام) ...ئیتر هەر بە گەیشتنی خومەینی بۆ ئەو (حوسەینی)یە کۆمەڵێکی زۆر لە سەرباز و ژاندرمری (پۆلیس) بەچەکەوە هاتنە ئەو شوێنە و ئێشکچییتی ئەو ناوەیان خستە سەر شانی خۆیان، ئەوانە دیاربوو ئەندامی نهێنی بوون، لە حیزبی ئیسلامیدا، ئەوەی ڕاستی بێت بارودۆخەکە هەمووی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هاتەکایەوە، هیچ کەس لەو باوەڕەدا نەبوو، کەوا (خومەینی) بەو شێوەیە دەگاتە تاران و بە سەلامەتی دەردەچێت، بەڵام دەرکەوت کەوا سیاسەتی ئەمریکا بەپێی ئەو نەخشەیە (cia) کێشابووی دەرگای هاتنەوەی بۆ (خومەینی) کردەوە، ئەو ژنەڕاڵانەی سەر بزێوی لاینگری (شا) ماوەیان پێنەدرا، کەوا هیچ ڕێگا بە (خومەینی) بگرن، ئەوەبوو پێشتر باسی ئەوەشمان کرد کەوا ژنەڕاڵی ئەمریکی (هوێزەر) داوای لە (قەرەباغی) سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرد، کە پێویستە (عەسکەر) بێ لایەن بوەستێت و هەموو سەربازەکان بگەڕێنەوە مۆڵگەکانی خۆیان، هەرچەند ئەو ئامۆژگارییەی ژنەڕاڵ هوێزەر هێشتا کاری پێنەکرابوو، بەڵام ئەو ئامۆژگارییەی ژنەڕاڵی ناوبراو ترسێکی زۆری دەروونی بۆ ژنەڕاڵەکان پەیداکردبوو، نەیاندەوێرا کاری توندوتیژی ئەنجامبدەن و گوێڕایەڵ بن بۆ فەرمانی سەرۆکی وەزیر (شاهپوری بەختیار)، واتە ئیجرائاتی عەسکەری لە دژی خۆپێشاندەرانی ناو جادەکە وەکو پێویست نەبوون، لێرەدا دەمەوێ ئەوە بۆ خوێنەرانی بەرێز ڕوون بکەمەوە، کەوا هەر لە زەمانی کۆنەوە ئەمریکاییەکان لەگەڵ شای ئێران وا ڕێککەوتبوون، کەوا لە ڕووی عەسکەرییەوە خۆیان ڕاوێژکاری هەمیشەییان لەناو سوپای ئێراندا هەبێت، ئەو ڕاوێژکارەش ئاگاداری هەبێت لەسەر هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی ئەو سوپایەی، ئینجا ماوەی (١٠) ساڵ زیاتر دەبوو، کە ئەو ژنەڕاڵ (هوێزەر)ە، کاری دەکرد و لەناو ئێراندا هەموو ئەفسەرە گەورەکانی دەناسی، مێشکی پڕکردبوون لە بیروبۆچوونی خۆی، کە ئەویش لە (١٠٠٪) سیاسەتی ئەمریکای پەیڕەو دەکرد، ئەوەبوو پاش هاتنەوەی خومەینی بۆ تاران بەچەند ڕۆژێک ئەو نەخشەی (هەوێزەر) کاری پێکرا، ژنەڕاڵ (قەرەباغی) فەرماندەی گشتی سوپایەکانی ئێران بڕیاری خۆی ئاشکراکرد، لە ڕۆژی ١١ی شوباتی ساڵی (١٩٧٩)دا، فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی چەکداری سوپای دەرکرد، ئەوەبوو هەر لەیەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەو فەرمانەی (قەرەباغی)، کە ئەویش بە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە، جەماوەری ئێران لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا هەستان، هێرشیان بردە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەکانی حکومی لە (پۆلیس و ئاسایش) هەروەها (کۆشکی سەرۆکی وەزیر (شاهپوری بەختیار) و توانییان، کەوا بە ماوەی چەند کاتژمێر هەموو شوێنەکانی مەبەست داگیربکەن، بەڵام ئەوە بوو (مەهدی بازرگان) هەر خۆی بە نهێنی توانی کەوا (شاهپوری بەختیار) ڕزگار بکات، لە گیران و کوشتن، ئەگینا ئەو ڕۆژە دەربازنەدەبوو، چونکە ئەوەندە حەشیمەت لە دەوری کۆشکی سەرۆک وەزیر دابارى بوو، کە هەرگیز لە ژمارە نەدەهات، بەختیار نەیدەتوانی، کەوا بەئاسانی ڕابکات، بەڵام مەهدی بازرگان، کە هەر وەکو پێشتر باسمانکرد، هەر لە کۆنەوە هاوکاری سیاسی بوون، لەگەڵ (بەختیار)دا و هەردووکیان لە (جەبهەی میللی) ئیشیان کردبوو، ئینجا وەکوو (وەفا) بوو، خزمەتی ڕابردووی، ئەوەبوو بە نهێنی خستییە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و دەربازی کرد، لە مەترسی دووری خستەوە، لە ڕێگایەکانی کەنداو خۆی گەیاندە (ئەوروپا)، هەر ئەو ڕۆژەش، کەوا ئینقلابەکە کرا، (مەهدی بازرگان) لە کۆشکی سەرۆکی وەزیری دامەزرا، لیستی (کابینە)کەی خۆشی ڕاگەیاند، چونکە ئەو لیستە هەر پێشتر ئامادە کرابوو، ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستا هیچ ئینقیلابێک بەو شێوە ڕێک و پێکییە نەبینراوە و نەبیستراوە، (ئینقلابی سپی) بە (مانای وشە) و بگرە لە (دەور و تەسلیم) دەچوو، بە هیچ شێوەیەک (تاڵان و فەرهود و کوشتن و بڕین) لەگۆڕێدا نەبوو، (بەڕێوەبەرایەتی)یەکان وەکو خۆیان بە پنج و مۆری مانەوە، هیچ دەسکارییەکی نەکرا، تەنیا ئەوەی زیانی پێگەیشت هێندێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ژاندرمری پۆلیس بوون، کە ئەوانیش بێ ئاگا بوون، لەو هەڵسوکەوتەوە، نەیاندەزانی، کەوا دەوری چ (پاشا)یەکە و بۆ بەرگری لەخۆیان چەند تەق و تۆقێکیان کرد.

بەشی دەیەم

# کورد لە بازنەی چەند مەسەلەیەکی هەڵیساودا

**تایبەت بە بەدرخان**

لە دوو توێی "٢٨٠" لاپەڕەدا و لە چاپێکی قەشەنگی چاپخانەی رۆژهەڵات نووسەر و رۆژنامەنووس "دڵشاد مستەفا وەسانی" کتێبێکی چاپکردووە و تێدا زیاتر لە "١٠٠" وتاری هەمەجۆری لەسەر رەوشی سیاسی کورد لە سەردەمە جیاجیاکان خستۆتە روو، کە هەموو بابەتەکان هی کاتی پێویست و ئەوکاتن.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێ: وێڕای ئەو گۆڕانە خێرایانەی لە ناوچەکە و جیهاندا بەدی دەکرێن، هێشتا چەندین مەسەلەی هەڵیساو هەن، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیش، کوردیان خەریک کردووە، گەرم بوونی هاتووچۆی نێوان هەولێر- بەغدا بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستییەن، لە سۆنگەی ئەمەوە، ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا خراونەتە روو، چەند قسەیەکن لە کاتی خۆیانداو لە گەرمەی رووداوەکاندا کراون، هەندێک لەو بابەت و وتارانەن کە دەربارەی پرسی کورد و ئەو مەسەلانەی بەو دۆزەوە پەیوەستن نووسراون. هەندێک لەو راو بۆچوونانەی لە ماوەی دە ساڵی رابردوو خراونەتە روو، لەگەڵ پەرەسەندنی رەوتی رووداوەکاندا، گۆڕان بەسەر هەندێک لەو بۆچوونانەدا هاتووە بەپێی قۆناغ، بۆ نموونە ئەگەر لە سەرەتای قۆناغی راپەڕیندا هەموو پرسەکان بە ئەمریکا گرێدرابن، ئەوا لە ساڵانی دوای رووخانی رژێمی لەناوچووی بەعس، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی ئەم گرێدرانەوەیە، سەرنج و تێبینی دیکە هەیە و رەخنە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو هێزە گەورەیەی جیهان لەگەڵ کورد گیراوە.. هتد).

بۆیە لێرەوە دەستخۆشی بە چاپ گەیاندنی ئەو کتێبە لە نووسەر دەکەین و هیواخوازین بەردەوام بێ لە خزمەتکردنی رەوشی رۆژنامەگەری و کتێبخانەی کوردی.



# گرنگی پسپۆری فەرمانبەرانی دامەزراوە سزاییەکان

**مافپەروەر: عیسمەت نستانی**

بەندیخانە بە کۆنترین دامەزراوەی سزادان دادەنرێت و مێژووی ئەم دامەزراوەیە لە دوو سەدە تێناپەڕێت.

لە کۆندا کەسێک تاوانی بکردابایە، دەبرایە نێو قووڵایی و جێگا سەختەکانی تر، یەکەمین دەزگای هاوشێوەی بەندیخانە لە ساڵی (١٥٥٢) لە بەریتانیا بەناوی خانەی چاککردن، (ماڵی چاکسازی) بۆ ئەم تاوانبارانەی کە مەترسیان کەمبوو دامەزرا، بەڵام تاوانبارانی مەترسیدار لەنێو قەڵا و کەشتی و پاپۆڕەکان یان ئەو ناوچانەی، کە بەریتانیا داگیری کردبوو دەبران، کە هیچ گرنگییەک بە کەسی تاوانبارو کەسێتی نەدەدرا، کە ئەم شێوە هەڵسوکەوتەش بەسەرەکیترین شێوەی سزادان دادەنرا.

لەسەرەتای سەدەی (١٩) کەنیسە بانگەشەی بەندکردنی تاکەکەسی (انفرادی) بۆ جیاکردنەوەی تاوانباران لە یەکتری کرد، لە ساڵی (١٨٠٣) لە رۆما خانەی چاککردنی منداڵ و مێرمندالان و ساڵی (١٨٣٥) بەندیخانەی ژنان دامەزراوە.

بەندیخانە ئەو کەسانە وەردەگرێت، کە لە لایەن دادگا یان دەسەڵاتە دادوەرییەکان رەوانەدەکرێن.

بەرپرسانی بەندیخانەو سیستەمەکانی بەندیخانە پێویستە سەرکردەیەکی بەتوانا بن بۆ هاندانی فەرمانبەرانی بەندیخانە لە رووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەتیان لەگەڵ بەندییەکان لە شێوازی ئەنجامدانی ئەرکی رۆژانەیاندا. دەبێ فەرمانبەران و واتە هەردوو رەگەزی تێڕوانینەکی روونیان هەبێ و سوور بن لەسەر پاراستنی بەرزترین پێوانەکانی ئیداری بەندیخانە بەشێوەیەکی توکمەو رێک و پێک.

لە هەڵبژاردنی فەمانبەرانی بەندیخانە زۆر گرنگە، کە پسپۆری و شارەزایی لەبەرچاوبگیردرێ و بە وردی هەڵبژێردرێن و داهێنان و پشتیوان و چاودێریان بکرێت، هەرکەس بەپێی پسپۆروشارەزایی کاری خۆی پێ بسپێردرێت، چونکە فەرمانبەرانی بەندیخانە کار لەگەڵ دوو رەگەز و کۆمەڵ دەکەن، کە لە ئازادی بێبەری کراون، کەسەکان لە چەندین رووەوە لەیەکتری جیاوازن، بەشێکیان لەوانەیە قوربانی نەخۆشی عەقڵی، دەروونی فریوخواردووی خراپەکاران، پەروەردەی نادروست، ژینگەی پڕ لەتاوان گیرۆدەی داب و نەریت یاخود لەو گروپانەبن، کە لەرووی کۆمەڵایەتی پەراوێزکراون، کە هەندێکیان مەترسین بۆسەر کۆمەڵگاو هەندێکیشیان شەڕانگێزو مەترسیدار لە هەوڵی خۆدەربازکردن دان لە رێگای هەڵاتن...تاد، هەر بۆیە پێویستە فەرمانبەرانی بەندیخانە رۆڵ و نەخشی خۆیان لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندییەکانی بەندیخانە بگێڕن و رەچاوی دادپەروەری هەڵسوکەوتی مرۆڤانە بکەن، لە چاودێری و نەژم و نیزام، لەپێدانی دەرفەتی گونجاو بۆ بەندیەکان کەم تەرخەمی نەکەن، بۆ ئەوەی بتوانێ کاتی ناو بەندیخانە بەشێوەیەک بەرێبکەن، کە دوای ئازاد بوونیان بۆ ناو کۆمەڵگا سەر لەنوێ تێکەڵاوی کۆمەڵگابنەوە، لەم,رووەوە تووشی گیروگرفت نەبن، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش پێویستی بە پسپۆرو شارەزایی ئەو فەرمانبەرانەیە، کە ئەو ئەرکەیان پێسپێراوە، بۆی زەروورییەو پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لە هەردوو رەگەز توانایی شەخسیی و ئاکار و رەوشت و پەروەردەی گونجاو لەبەرچاودا بگرێ، چونکە ئەو فەرمانبەرانە لە شوێنێکی داخراو دابڕاو کاردەکەن، کە بە تێپەڕبوونی کات کاریان تێدەکرێ و توشی کورت بینی و پێویست بە بوونی راو بۆچوونی خۆیان دەبن، بۆیە دەبێ لەم لایەوەش راهێنان و مەشق و راهێنانیان پێبکرێت و لەگەڵ بەرۆپێشچوونی سەردەم ئەوانیش برۆنە پێش هەڵسوکەوتیان هاوشێوەی هەڵسوکەوتی ئەم کۆمەڵگایە بێت کە بەندیەکان لێوەی دێن و ئەو ژینگەیەی بۆی دەگەڕێنەوە.

شاراوە نییە تاوان گرفتێکی کۆمەڵایەتی روخسارێکی ناحەزی رۆژانەی کۆمەڵە، دیاردەیەکە لە تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو، دواکەوتوو لە کۆمەڵگای کۆنەوە تاکو ئێستا بوونی هەبووە و هەر بوونیشی دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکانی مرۆڤایەتی لەگەڵی بەردەوام دەبێت.

ناتوانرێت گرەنتی ئەوە بکرێت دیاردەی تاوان و رەفتاری ناو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا نییەتی و تاوان رونەداو بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری وەک فاکتەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی....هتد پاڵنەرن بۆ رووداوی تاوانی ناو کۆمەڵگاکاندا.

دیارە بەگیران و بەندکردنی ئەوبەشە لەو بەندیانەی، کە لە دامەزراوەی زیندانییەکان دان ناتوانرێ بگوترێ کە کۆمەڵ لەتاوان رزگاردەبێ و تاوان لە کۆمەڵگادا روونادات، بە پێچەوانەوە دیاردەی تاوان رۆژانە لە کۆمەڵگادا دووبارە دەبێتەوە، کە بەشێکیان دەسەڵات لێیان ئاگادار دەکرێتەوە، تاوانباران دەکەونە دەست عەدالەت و بەشێکیش دەسەڵات لێی ئاگادار نییە، کە بەداخەوە ئەوبەش لەو تاوانبارانە دەبنە فەڵتەی کۆمەڵ و مەترسیان لە کۆمەڵگا یەکجار زۆرە، ئەگەر بێت و تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هاوکاری دەسەڵات بن و دەسەڵات ئاگاداربکەنەوە مەترسی بۆسەر کۆمەڵگا کەمتر دەبێتەوە، چونکە ئەو مرۆڤەی کە تاوان دەکات هەر مرۆڤە جیالەوەی لە ئازادی بێبەری کراوە، مرۆڤیش قابیلی گۆڕانە لە پرۆسەی چاکسازیدا مرۆڤێکی ئاسایی لێدەرچێ بە شێوەیەک، کە بۆ هەتا هەتای بیر لەتاوان نەکاتەوە، بۆیە دەبێ بەڕێوەبەران و فەرمانبەران دامەزراوە چاکسازیەکان لە چەمکی تاوانناسی و کەسێتی تاوانبار، زانستی سزادان و زانستی چاککردنەوەی تاوان بەباشی تێگەیێندرێن مەشق و راهێنانیان پێبکرێت لەو رووەوە موتالابکەن.

لەهەموو جیهان لە زۆربەی کۆمەڵگاکان نەک زانیارییان نییە لە سەر دامەزراوە سزایەکان و فەرمانبەران، هەریەک لە روانگەیەکەوە سەیری دەکەن، بۆیە دەبێت میدیا هان بدرێت لەباەی بایەخی فەرمانبەران لەو دامەزراوەیە پارستنی کۆمەڵگای مەدەنی و نەخشی ئەوان لەم رووەوە بەرنامەی هۆشیارکردنەوەی بدات، روانگەی کۆمەڵگا بەنسبەت فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی ئەم دامەزراوەیە هەمان روانگەی روانگەی بەرامبەر فەرمانبەرانی پەروەردە دەخوێنن هەیبێ، لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا یاسا پشتیوانی لە کۆمەڵگادەکات دەیانپارێزێ، کە گرنگترینیان رێزگرتنە لە کەرامەو گەورەیی مرۆڤ، فەرمانبەرانی دامەزراوە سزاییەکان بەرپرسیارێتی گرینگ و تایبەتیان لەئەستۆدایە بە تایبەتی لە رێزگرتنی بەندیەکانی بەندیخانە، "نیلسون ماندیلا" سەرۆک کۆماری ئەفریقیای باشوور، کە خۆی پێشتر بەند کرابوو، دەڵێ: کەس ناتوانی بەباشی وڵاتێک بناسێت هەتا سەردانی بەندیخانە نەکات، چونکە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتییە بەرزەکانی وڵاتێکەوە حوکم بەسەر ئەو وڵاتە دانادرێت، بەڵکو لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ هاوڵاتییە نزمەکانیەوە، فەرمانبەرانی بەندیخانە وا هەست نەکەن تەنیا کاریان پاسەوانیکردنی بەندیەکان، کە لە ئازادی بێبەری کراون، بەڵکو دەبێ رۆڵ ونەخشەی خۆیان تێکەڵ و ئاوێتەی رۆڵی پەروەردەیی بکەن بە لێهاتویی و شارەزایی و لێهاتویی خۆیان بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵستن و هەموو ئەوانەی، کە کاری چاکسازی دەکەن دەبێ باوڕیان بە دادپەروەری و یەکسانی بەرامبەر یاسا و کەرامەت و مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی راستگۆیی هەبێت، تاوانبار، کە دەخرێتە بەندیخانە سیفەتی مرۆڤی لێناسەندرێتەوە، جا رادەی مەترسیداربوونی ئەو تاوانەی لەسەر حوکم دراوە یان پێی تاوانبارکراوە، هەر چیەک بێت کاتێک دەزگای دادوەری ئازادی لێ بێبەری کرد، سیفەتی مرۆیی لێدانامالدرێت، بۆیە پێویستە فەرمانبەرانی بەندیخانە وەکو کەسێکی تەواو لێی بڕوانن، نابێ پێیان وابێ سزای زیادیان بەسەردا بسەپێنن، مامەڵە کردنی خراپ لە گەڵ بەندیەکان لەرووی یاساییەوە، هەڵەیەو رێگە پێنەدراوە دەبێ بەردەوام ئیدارەی بەندیخانە لە چوارچێوەیەکی ئاکاریدا هەڵسوڕێنن، کەسی بەندکراو خاوەنی هەموو مافێکی خۆیەتی دەبێ دەسەڵاتدارانی بەندیخانە بە روونی لەم پرنسیپە تێبگەن و هەڵسوکەوتی وەک ئەشکەنجەدان و مامەڵەی بێ بەزەییانە و نا مرۆڤانە یاخود سوکایەتی کردنی ئەو بارودۆخەی کە بەندییەکان لەناودان دووری بکەن و فەرمانبەران تێبگەینن و هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە، پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەروو مەدەنی و سیاسییەکان لە مادەی (١٠)دا دەڵێت: هەموو ئەوانەی لە ئازادی بێبەری کراون مامەڵەی مرۆیانەیان لەگەڵدا دەکرێ و رێز لەکەرامەت و رەسەنی تاکی مرۆیی دەگیرێت.

پەیماننامەی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە مادەی (٥)دا دەڵێ: هەموو تاکێک ئەوەیە رێزی لە کەرامەتی بگیردرێت و دان بەکەسایەتی یاسایی دابنرێت، هەروەها لە پرنسیبی (٦) لە کۆمەڵە پرینسپەکانی پێویست بە پاراستنی هەموو ئەو کەسانەی، کە دووچاری هەرجۆرێک لە جۆرەکانی دەستبەسەرکردنی زیندانی کردن یان ئەشکەنجە دەبنەوە دەڵێ: نابێ هیچ کەسێک دووچاری ئەشکەنجەدان و زیندانی بەدەر لەمانە لە جۆرەکانی مامەڵەو سزادانی توندیان نامرۆڤانە و نەشیاو ببێتەوە، نابێ هیچ هەلو مەرجێک بکرێت پاساو بۆ بەرێوەبردنی ئەو جۆرە مامەڵەو سزایانە پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان لە رێسا نمونەییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندیەکان رێسای ژمارە (٤٩) دەڵێت: پێویستە لەناوستافی فەرمانبەراندا ژمارەیەکی باش لە پسپۆردا هەبن، وەک پزیشکی نەخۆشی عەقڵی و دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای فێرکردن و....هتد.

لە رێسای ژمارە (٥١)دا دەڵێت: پێویستە بەرێوەبەرو فەرمانبەرانی بەندیخانە بە زمانی بەندیەکان بدوێن، یاخود بە زمانێک، کە زۆربەیان لێی تێبگەن، وە لەکاتی پێویستیشدا کەڵک لە وەرگێڕ وەربگیردرێ.

لە رێسای (٥٣) رێسا نمونەییەکاندا باس لەمامەڵکردن لەگەڵ بەندیەکاندا کراوە، کە لەو بەندیخانەن کە هەردوو رەگەزی لێیە، دەبێ بەشی ژنان بخرێتە ژێردەستی فەرمانبەری ژن و هەموو کلیکی دەرگاکانی ئەو بەشە لای ئەوبێت، بەبێ هاوڕێیەتی ژن، فەرمانبەری پیاو نابێت بچێتە ئەو بەشەوە، ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی لە ئەستۆی فەرمانبەری ژن دابێ، بەڵام دەبێ رێگا لە پزیشک و مامۆستا بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان لەوبەشەدا نەگیرێ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر کۆمەڵێک پێوەر رێککەوتوون، کە ئەو رێکەوتنانە لە توێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بووە، پەیماننامەکانی مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ، وەک پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری، کە هەموویان چەندین پەیماننامەن، کە لەرووی سیاسیەوە ئەو دەوڵەتانە پەسەندە یان پشتیوانیان لێکردووە، کە ئەو پەیماننامانە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوکەسانە دیاری دەکەن، کە لە ئازادی بێبەری کراون، لە میانی ئەوەشدا کۆمەڵێکی تری پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە، کە بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی بە بەندیەکان و مەرجەکانی دەستبەسەرکردنی دەدەن، کە هەر یەکەیان لە بوارێکدا جێبەجێ دەکەن، بۆیە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە پسپۆرو فەرمانبەرانی دامەزراوە چاکسازییەکان دەبێ لەبەرچاو بگیرێت

# رۆشنبیری یاسایی

رۆشنبیری یاسایی وەکو چەمکێک یەکێکە لە زەروورەتە هەنووکەییەکان، کە دەشێ بڵێین شان بەشانی کایەکانی تری رۆشنبیری ئەرک و مەهامی خۆی بەرجەستە بکات، واتە وا بکات ئەم کایە رۆشنبیرییە، بەرچاو روونییەک بە هەموو لایەک بدات، دیارە ئەمەش زۆرترین کاریگەری دەبێت، لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، واتە ئەم بەرچاو روونییە وامان لێدەکات، ئاماژە بەوە بکەین هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگایەک، ئەم کایە رۆشنبیرییەی تیادا بەرجەستە بێت، راستەوخۆ بە کۆمەڵگایەکی تەندروست وەسفدەکرێت و شتێکی حاشا هەڵنەگرە رۆشنبیری یاسایی مۆدێلێکە رەنگدانەوەی جدی و فیعلی هەیە لە بەدیهێنانی هزری تازە و گۆڕینی دۆخێکی نایاسایی و نائاسایی، پراکتیزەکردنی ئاسایش و ئارامی، دیارە لەم سۆنگەیەشەوە بە دیهێنانی ئامانجەکانی ئایندە رۆشن و مسۆگەر دەبێت، بۆ زیاتر خوردکرنەوەی ئەم کایە رۆشنبیرییە، ئەوە دەخەینە بەر دیدی هەموو لایەک، کەوا رۆشنبیری یاسایی میکانیزمی ئەکتیڤە، بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدان و ریفۆرم و گۆڕانکاری لە جوولەو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی خوردکردنەوەی چەمکی یاسایی و تێگەیشتنی، لە ئەرک و مەهامو مافەکان، بەمەش بەردەوام چەندین هیوا لە تازەبوونەوە دەبێت، هیوا بە ئایندە، هیوا بە مەعریفە، هیوا بەخولقاندنی جوانی، هیوای ئەفراندن و داهێنان، هیوا بە ئەکتیڤ بوون.



تارق مستەفا ئەحمەد

خولیای رۆشنبیری یاسایی، خولیایە بە ئازادی، خولیایە بە نوێگەری، خولیایە بەچاکسازی، ئەمەش هەم کۆمەکی دیموکراسی و هەمیش کۆمەکی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات.

بەپراکتیکی سەلمێنراوە گەشەکردنی بنەماکانی رۆشنبیری یاسایی و گەشەپێدانی متمانەی تەواوی لەلای تاکەکان دروست دەکات، بەم کایە رۆشنبیرییە، وادەکات سەرمایەی هزری و کۆمەڵایەتی بە پێی پرینسیب و سیستەم رێکبخرێ و گرنگی پێبدرێت.

کەواتە ئەم کایە رۆشنبیرییە لە ئێستادا بووە بەچەکێکی دیفاکتۆی حەتمی، ئەکتیڤانە ریفۆرم لە سیستەمە باوەکان دەکات، دەیانگۆڕێت، واتە ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە، چاکسازی لەبواری یاسایی دەکات، مەعریفەی یاسایی دەخولقێنێت، وەهمی ترس لە گۆڕانکاری وەلادەنێت، جەخت لەسەر رۆشنی پەیوەندی و کارامە و کارایی دەکات، پێداچوونەوە لە بونیادی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی باوەڕی تەواوی بە دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی سەردەمیانەو داهێنانی سەردەمیانە هەبێت، لە دواجاردا داوا لەسەرجەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوە یاساییەکان دەکەین، کە هەوڵی جدی و فیعلی بۆ گەشەپێدانی ئەم کایە رۆشنبیرییە بدەن.

# تابلۆی کارگێڕی



**مافپەروەر**
**رێبوار حەسەن سدیق**

گومانی تێدا نییە کاتێ خوێنەر چاوی بە ناونیشانی بابەتەکە دەکەوێ، واقی وڕ دەمێنێ، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە تاکو ئێستا وشەی تابلۆ، لەناو فەرهەنگ و کلتووری کوردیدا تەنها بۆ بابەتێکی هونەری بەکار هاتووە و دێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ئاوڕێ لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، ئەوا دەبینین پادشای بابلی حامورابی یەکەم کەس بوو تابلۆی یاسایی لەسەر بەرد نەخشاندووە، دواتریش لە سەردەمی رۆمانییەکاندا یاسایان لەسەر مس لە (١٢ تابلۆی مسی)دا نەخشاندووە.

بێ بوونی کۆمەڵگا یاسا دروست نابێ، واتە مەرجە بۆ هاتنە کایەوەی یاسا کۆمەڵگا هەبێ، جا گومانی تێدا نییە هەر کۆمەڵگایەک یاسا تێیدا سەروەر بێ، بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و رۆشنبیر هەژمار دەکرێت، بەلای منەوە یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی بریتییە لە: تابلۆی کارگێڕی، ئەگەر بێت و هەڵوەستەیەک بکەین و لە رەوشی دادگاکانی هەرێم ورد بینەوە، زۆر بەزەقی ئەوەمان بەرچاودەکەوێت، کەوا کەموکوڕییەک لە سیستەمی دادگاکانی هەرێم هەیە، ئەویش نەبوونی دادگای کارگێڕییە، جا نەبوونی داگایەکی تایبەتمەند بە رێکخستنی کاروبارە کارگێڕییەکان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی گەندەڵی کارگێڕی بە شێوەیەکی بەرچاو.

بۆیە لێرە دەوەستم و دەگەڕێمەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە، ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردن بێ ئەوەیە، بێ سەروبەرییەک بەرچاودەکەوێ لە دامودەزگاکانی هەرێم، ئەویش بەوەی زۆرێک لە فەرمانبەران رۆشنبیرییەکی یاسایی وایان نییە، کە ببێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو و دروست شارەزابن، مافەکانیان و ئەرکەکانیان بە تەواوی راپەڕێنن، بۆ نموونە فەرمانبەر هەیە زانیاری تەواوی نییە، سەبارەت بە لایەنی ژمێریاری، وەک: (سەرمووچە، بەرزکردنەوەی پلەی کارگێڕی، یاخود لایەنی مۆڵەت وەرگرتن، هتد...)

هەروەها دیاردەیەکی بەرچاو هەیە لە زۆربەی دامودەزگاکانی وڵات، کە دەبێتە هۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان و فەرمانبەران، بەوەی بە لایەنی کەمەوە دەبێ دەمژمێرێک یان زیاتر چاوەڕوان بن، لەسەر یەک واژوو، ئەمە چییە جەنابی بەڕێوەبەر میوانی هەیە، یاخود لە کۆبوونەوەیە.

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر بێت و لەهەر دامودەزگایەکی وڵات تابلۆیەکی کارگێڕی هەبێ، کە ماف و ئەرکە سەرەکییەکانی فەرمانبەرانی تێدا رابگەیێنرێ، لە سایەی یاسای کارگێڕی، کاروبارە کارگێڕییەکان بەرەوپێشەوە دەچن و مشتێک لە خەرواری گەندەڵی بەبا دەچێ.

## پیرۆزبایی

وەکو نەریتێکی ساڵانە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان ئاهەنگی دەرچوونیان دەگێڕن بە چەندین شێوازەوە، دیارە ئەم رۆژەش هەم رۆژێکی زێڕینە، هەمیش مێژووییە، بۆیە بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم خوێندکارانی کوردستان بە گشتی و خوێندکارانی کۆلێژی یاسا بە تایبەتی دەکەین، هیوادارین بە دڵێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە تەمەنی زانکۆ، رۆژانی دوای زانکۆ بەڕێ بکەن.

**رێکخراوی رۆشنبیری پەرەپێدانی چالاکی یاسایی**

خوێندنەوەی لاپەڕەکان... ئەو ڕۆژو شەوانەی لەبیرم ناچنەوە

# حاجی مەمۆ: (مامۆستا بەگۆگ)ی هێژاو کوردپەروەر ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە نەشونماکردنی هەست و بیرم بەلای کوردایەتی و خۆشەویستی کوردستان



حاجی مەمۆ

لەساڵی (١٩٥٧)دا باوکم لەلای خۆیەوە بڕیاری ئەوەی داوە، کە گوند بەجێ بهێڵێت و گواستوومانەتەوە شاری، دیارە زۆرتر فشاری تەنیا باری حەوسەلەچوونی لە قوڕسایی ژیانی لادێ ئەو هەنگاوەی پێ هەڵگرتووە، دەنا ئەو دەمە خاوەنی جێگا لە مەڕو زەوی و زاری کشتوکاڵ بووە و لە رووی گوزەرانیشەوە لە ریزی جووتیارە زەنگینەکان بووە، کەچی بەهۆی نەخوێندەواری و نەشارەزایی لە ژیانی شاری و چۆنیەتی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو سەرمایەی، کە لە ژیانی گوندی بەدەستی هێنابوو، پاش چەند ساڵێکی کەم و ساڵ لەدوای ساڵ باری گوزەرانی خێزانەکەمان روو لە هەژاری و توانەوەی ئەو دەستمایەی گوندی بووە، لێرەوەش باوکم لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی زەحمەتکێش و ماندووناس بووە، بۆ بەخێوکردنی سەربەرزانەی خێزانەکەمان، کە لە سێ خوشک و سێ برا پێکهاتبوون، لەگەڵ دایک، لە ژیانی شاریش نەحەساوەتەوە و بەشەو و بەرۆژ کاری کردووە، باوک و دایکمان زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون منداڵەکانیان بخوێنن و لەسێبەری خوێندەواری و تەواوکردنی خوێندن دوارۆژێکی ئاسوودە بۆ خۆمان و خێزانەکەمان دابین بکەین، ساڵی (١٩٥٨) من دەستم بە خوێندن کردووەو یەکەمجار لە قوتابخانەی سەرەتایی بەناوی (المصری) و دواتر لە پۆلی چوارەم گواستراومەتەوە قوتابخانەی (خەلەکان)ی سەرەتایی و لەوێ قۆناغی سەرەتایم تەواو کردووە، ئەو دەمە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری بەردەوامی کوردستان (شۆڕشی ئەیلوول) بەهۆی هەواداری شیلگێرانەی باوکم بۆ کوردایەتی و ئەندامبوونی لە پارتی، ماڵەکەمان لەناوشاردا، شوێنی حەوانەوە و خۆحەشاردانی کادیرانی دەرەوە و بەتایبەت ئەوپێشمەرگەو کادیرانە بوو، کە بەنەخۆشی و هەندێ جار بە برینداربوون لەماڵی ئێمە بە هەفتە و مانگ ماونەتەوە، ئێستاکەش ناوی کادیرەکانی وەک: (مەحموود سەلمان، عەلی حەسەن، مەلا عەبدوڵڵا باداوەیی، جەلال باداوەیی، عەزە گورگە، عوسمان حاجی سمایل....هتد) لەبیرم ماون، کە لەناویاندا بەهۆی نەخۆشی و برینداربوونیان دەبوایە شەوان من بەهۆی منداڵیم، کە جێی گومان نەبووم، بۆ لای (ئەحمەد تەبیبی) باوکی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد و ئازاد و نەوزادیان (کە هاوڕێی گیانی بە گیانی قوتابخانە و کۆڵانم بوون) ببەم و ئەو تەداویانبکات و چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکات و داو دەرمانیان بۆ ئامادە بکات، لەو ئاو و هەوایەدا زۆرتر بیرو هەستم بەلای خەبات و سیاسەت ڕێچکەی گرتبوو، پاشان لە قوتابخانەی (خەلەکان)یشدا بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، مامۆستای هێژاو کوردپەروەر (مامۆستا بەگۆگ) ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە نەشونماکردنی هەست و بیرم بەلای کوردایەتی و خۆشەویستی کوردستان و نەتەوەکەم، چونکە وانەی زمانی کوردی پێ دەگوتینەوە، هەمیشە هۆنراوە بەجۆش و خرۆشەکانی فێردەکردین و زۆربەی ڕۆژان، کە پێش چوونە پۆلەکان لە گردبوونەوەی بەیانیان هانی دەدام ئەو شیعرانەم بەدەنگی بەرز بۆ تێکڕای قوتابیان دەخوێندەوە و لەتەک مندا چەند قوتابییەکی دیکەش هەبوون، کە ئەوانەی لەبیرم ماون بریتیبوون لە برایان: (محەمەد حوسێن)، کە ئێستا ئەندازیارە و (حوسێن عومەر) کە هەنووکە پارێزەرو دادوەرە لەگەڵ (غازی) کە خەڵکی گوندەکانی بناری سەفین و هەروەها (عەبدوسەلام) وابزانم ئەویش باوکی مەلا بوو، ئەو پێنجەمان بێجگەلە کاک (غازی) وابزانم لەژیان نەماوە، لەزیرەکترین قوتابییەکانی پۆلەکە بووین، لێرەدا لە ڕێگەی هەر خودی کاک (غازی) بۆ یەکەمجار ناوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بووە وێردی سەر زمانمان، ناوە ناوە پێکەوە کۆدەبووینەوە و بەیەکەوە وێنەی پێشمەرگە و ئەو بەیاننامانەمان تەماشادەکرد، کە هەر کاک (غازی) بۆمانی دەهێنا...لەوێ ڕۆژاندا باوکم دوکانداری دەکرد، لە تەنکێشی دوکانەکانی پشت مزگەوتی بازاڕی و دوکانەکەمان بەتەک دوکانی مام حاجی حەمەدەمین جگارە فرۆشەوە بوو، لەگەڵ کوڕەکانی بەتایبەتی (مەجید)یان دۆستایەتیمان بەهێز بوو، ئەویش کە ئەو کاتانەی باوکی لەوێ نەدەبوو، چەند نووسەر و شاعیرێکی وەک (مەحموود زامدار، بورهان جاهید، عەبدوڵڵا پەشێو و پیربال مەحموود...هتد) لێی گردەبوونەوە و باسی ئەدەبیات و شیعریان دەکرد، منیش لەولاوە گوێم لێیان دەبوو و پێیانەوە شاگەشکە دەبووم، ئەو ناوانە لەگەڵ چەندان سەربازی نەناسراوی دیکە لەسەرەتای شەستەکان شاسواری بواری ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی بوون و ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی کوردایەتی و هاندانی گەنجان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەدەب و هونەر بە زمانی کوردی، چونکە هەتا ئەو ڕۆژەش زۆرتر خەڵک بە زمانی عەرەبی قۆشمەی دەکرد.

لێرەدا دوو ڕووداوی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دەگێڕمەوە:

١- ئەوێ ڕۆژێ قوتابخانەی خولەکان بەلای ئەوبەستەی بەناوەندی گەڕەکی سەعدووناوە و تەعجیلی تێدەپەڕی، سەربانێکی هەبوو قیرکرابوو، لەگەڵ گەرمبوونی ئاو و هەوا قیرەکە نەرم دەبۆوە، ئێمە ئەو پێنج قوتابییە دەم و سەعات بەیەکەوە لەسەربان پیاسەمان دەکرد، بەتایبەتی لەدەمی خولەکانی پشووی نێوان وانەکان، ڕۆژێکیان (غازی) چەند وێنەیەکی پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی هێنابووە قوتابخانە، ئێمەش لە یەکێک لە پشووەکاندا بەیەکەوە بە تامەزرۆیی کەوتینە سەیرکردنیان، بەبێ ئەوەی ئاگامان لەوە بێت یەکێکیان لەو قوتابیانەی دیکە، کە کوڕی هادی ئاغای پونگینە بوو، ناوەکەیم لەبیر نەماوە، لە پشتەوەمان دیقەتی دابووینێ لە پڕ یەکێک لە وێنەکانی لەدەستماند ڕفاند، ئێمەش بە ناچاری شوێنی کەوتین و خۆمستمان نەدا لەدەستمان دەرچێ و لەپشتەوە گرتمان و بۆ سەربانەکە پەلکێشمانکرد، بەهەموان لەبنەخۆمان نا، تاکو ئەم وێنەی لێوەربگرینەوە، بەڵام ئەم قوتابییە چەندان ئامۆزا و خزمی خۆی هەر لەوێ قوتابی بوون، کە چاویان بەم دیمەنە کەوت، ئەوانیش هاتن بۆ لەسەرکردنەوەی ئەو خزمەیان و یەکێکیشیان چووبوو خەبەری دابووە ماڵەوەیان، کە ئەو ڕۆژە تێکڕایی چەکدار و جاشی حکومەت بوون و مۆڵگەیان هەبوو، ئێمە لەگەڵ ئەو قوتابیانە کەوتینە وێزەی یەکتری و هەردوولا تەقسیریمان بەیەکتری نەکرد، زۆربەمان لەناو ئەو قیرە تواوە ڕەش هەڵگەڕابووین و لەگرمەی لەیەکتری دانداا بووین، کۆمەڵێک جاش بە چەکەوە دەرگای قوتابخانەیان لێگرتین و کەوتنە هەڕەشەکردن لێمان، بەڵام فەراشی قوتابخانە، کە ئەو ڕۆژە ناسیمان مرۆڤێکی کوردپەروەر بوو، دەرگای قوتابخانەی لێنەکردنەوە و چەند جاشێک هاتنە سەر دیواری قوتابخانەکە بۆ گەیشتن بۆ سەربانەکە، لێرەدا مامۆستایانی هێژاو کوردپەروەر (بەگۆک و ناسیح و عومەر)، کە ناوی باوکیانم لەبیر نەماوە، هەڵوێستێکی جوامێرانەیان نواند ڕێگەی ئەو جاشانەیان نەدا بگەنە سەربانەکە و پۆلیسی حکومەت گەیشتنە قوتابخانە و جاشەکان بە ناچاری قوتابخانەکەیان جێهێشت و ئەو مامۆستایانە و بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە هەردوو لایەنی کۆکردینەوە لە ژووری بەڕێوەبەر، دوای هەندێ هەڕوگیف لە هەردوولامان، ئەو قوتابیانەی ماڵی هادی ئاغایان هاندا بۆئەوەی جارێکی دیکە شەڕ بە ئێمە نەفرۆشن و بەڵێنیان لێوەرگرتن، کە بەبێ شەڕ وازمان لێبهێنن، ئێمە هێشتا هەمووومان منداڵین و نابێ دژایەتی یەکتری بکەین، ئەوەبوو ماڵیان ئاوابێت ئەوانیش لەسەر گفتی خۆیان بوون، چیتر کێشەمان لەنێوان دروست نەبووەوە، کەسیش لە گوڵ شیرینتریان بە ئێمە نەوت.

٢- لە ساڵی کۆتایی خوێندنی سەرەتاییدا بووم، بۆ ڕۆژی نەورۆز لەگەڵ ئەو قوتابیانەی لەپێشەوە باسمکردن بە لێپسراوێتی کاک (غازی) خۆشناو، خۆمان بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی نەورۆز سازدابوو، کە لەوان ڕۆژاندا ئەو ئاهەنگە یاساغ بوو، لەبیرمە لە ڕۆژی نەورۆزدا ئێمە تاقیکردنەوەی وانەی (ئینگلیزیمان) هەبوو، زۆرمان تکا و نزا لە مامۆستاکە کرد، کە بەڵکو تاقیکردنەوەکە دوابخات، بەڵام ڕازی نەبوو، مامۆستاکە ناویم لەبیرنەماوە، بەڵام دەزانم ئەودەم (شیوعی) بوو، هەرچەندە ئێمە لە وانەکەشی زیرەکترین قوتابی پۆلەکە بووین، بەڵام هەر مەبەستی بوو ئێمە بۆ ئەو ئاهەنگە نەچین، کەچی ئێمە هەر لەسەر بەڵێنی خۆمان بووین، هەر پێنجمان بێ ڕەزامەندی هەتا کەس و کاریشمان بەشداری ئاهەنگی نەورۆزمان کرد، وەک کۆرس بەشداری هەندێک چالاکی ئاهەنگەکەشمان کرد، لەبیرمە بۆ ئێوارە، کە گەڕاینەوە، ئێمە لە پشتی پیکابێک دانیشتبووین، هەرکە گەیشتینە سەرجادەی (قوشتەپە- هەولێر)، حەمەی سابیر ئاغا بە خۆی و کۆمەڵێک جاش و چەکدارەوە سەر جادەکەیان گرتبوو، خەڵکێکی ئێجگاری لەمبەر و ئەوبەری جادەکە ڕاگرتبوو، کە لە ئاهەنگی نەورۆز گەڕابوونەوە، لەبیرمە هەر بەخۆی لە ئێمە هاتە پێشەوەو ڕووی پرسیاری لێمان کرد و وتی:(ها منداڵ و تاڵینە ئەوە ئێوە لەکوێ دێنەوە؟) ئێمەش زۆر سەربەستانە و بەوپەڕی بێ منەتیبەوە وەڵاممان دایەوە وتمان: (لە ئاهەنگی نەورۆز دێینەوە) یەکسەر بە ئێمە پێکەنی و فەرمانی بە جاشەکاندا، کە ڕێگای ڕۆیشتن بە ئێمە بدەن و لەبەردەمی هەموو خەڵکە نەڕاندی و وتی:(مادەم ڕاستگۆیانە وەڵامتان دامەوە، وەکو ئەو خەڵکەی دیکە هەریەکە و بە درۆیەک گەرەکێتی خۆی بپەڕێنێتەوە، ئێوە لە هەموان کوردترن...سەد ئافەرین بۆتان، ئەوەبوو بەسەلامەتی گەڕاینەوە، بۆ بەیانی چووینە قوتابخانە، سەیرمانکرد مامۆستای ئینگلیزی ئێمەی (غایب) داوە، بۆ هەر یەکەمان نمرەی سفری خستۆتەسەر کارتی مانگانە، بەڵام کە تاقیکردنەوەی بەکالۆریۆسی شەشی سەرەتایمان دا بەتەنێ هەر ئەو پێنج قوتابییە لە دەوری یەکەم لە وانەی ئینگلیزی، بەتایبەتی تێکڕای وانەکان سەرکەوتووبووین بە تایبەتی قوتابییەکان (محەمەد حوسێن) (عومەر حوسێن) لەو قوتابیانەی ناو شاری هەولێر لەریزی پێشەوە بووین.

بەشی بیست و سێ

## تەنز

# عەیب نەبی

جووتێک ژنم هەبوو، ژنی یەکەمم هێندە خاو خلیچک و ساردوو سڕبوو، دەتوت داوەشاوە تا ئیشێکی رادەپەڕاند قیڕی سپی دەکرد، گەلێکم لەگەڵ ڕێست، قیچێک گورجوگۆڵ بێت، کاتێک میوانێک دێت، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕبکات و لە ئیش و کارەکانیدا بەخێرایی ئاو بگێڕێت و چاو و قاوە دانێت و لەوەختی خۆیان خواردن ئامادەبکات...دەیوت: (باشە بەسەرچاو، وەلێ هەر ئەوکاتە بوو، قسەکانم لەگوێ دەچووە ژووری و لەوی دیکە دەردەچوو، بەو ڕەفتارانە شەرمم بەخۆ بوو میوانێک لەگەڵ خۆم بێنمەوە ماڵ و چایەکی دەردخوارد بکەم و خواردنێکی خۆشی بدەمێ، بە ناشوکری وا ناڵێم ئەو خواردنەی لێی دەنا یان پڕ خوێ بوو یان بێ خوێ بوو، تامی هیچی نەدەدا، هەستم بەوە کردبوو ژیان بەو چەشنە ناچێتەسەر، کەوتمە گەڕان و سوڕان و خۆ دەخیلکردنی ئەمێک و ئەوێک، تا ژنێکی دەست ڕەنگینیان بۆ دۆزیمەوە، کە لەتەک دەست ڕەنگینییەکەیدا جوانیش بوو، ئەفسوس بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ژنی گەورەدا دانوڵەیان بەیێکەوە نەدەکوڵا، هەمیشە لەیەک لەسەنگەردا بوون، هەر میوانێک بهاتبایە خەجاڵەت و شەرمەزاریان دەکردم، ئەو لەبەر ئەم و بە پێچەوانەوە، بەمە ڕیسەکەم لێ دەبووە خوری، چونکە بێ ئەندازە ڕێزم لێدەگرتن، تەواو لەخۆبایی ببوون، زمان درێژیان دەکرد و پێ بەقەدبەڕی خۆیان ڕانەدەکێشا، ئەو مودیرەی بەهەمووی (3) مانگ بوو بۆمان هاتبوو، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد داوەتی بکەم، وەلێ ئەمرۆ بە سبەی بەبیرکردنەوە لە ئاکار و ڕەوشتی ئەو ژنانە وایکردبوو خۆم لە خەتی گێلی بدەم تا دواجار پێم بەجەرگی خۆمەونا و چوومە بازاڕ، عەلەشیشێکی (5) کیلۆیی باشم کڕی و بردمەوە ماڵ، کاتێک رووم تێکردن و وتم: (ژنەکان شەرمەزارم نەکەن، ئەمرۆ نیوەڕۆ مودیرەکەم داوەتکردووە، ئەو عەلەشیشەی سەربڕن و خواردنێکی باش لێنێن) ئەو بە مۆنییەکەوە تەماشای ئەویکرد و ئەویش ناوچەوانی لێگرژ کرد و بێ ئەوەی هیچ دەربڕن، بەرەبەری سەعات (12) لەگەڵ مودیر هاتینەوە و ئەفسوس سەرسام بوو، کاتێک بینیم ئەو بەو گەرمایە و بەو وەختە درەنگە هەردوو ژنەکەم لەبەر دەرگا دانیشتوون و جاجگ دەجوون، ئێمەیان بینی بەپەلە ڕاست بوونەوە و چوونەوە ژووری، پێش ئەوەی لە هۆڵی دانیشتن لەنگەر بگرین عەلەشیشەکەم کەوتە بەرچاو هێشتا زیندووە و سەریان نەبڕیوە، هەڵسام چوومە ناندینەکەوە، بە ڕق و بێزارییێکەوە پێم وتن: (خێرە عەلەشیشەکەتان سەرنەبڕیوە؟) ژنی گەورە بە ژنی بچووکی وت: (کێ خاتوو خانمە، کێ بەملاو بەولا دەگێڕدرێ، با ئەو چێشت لێبنێ) ئەویش وەڵامی دایەوە: (ئاگات لە زمانت بێت بزانە چی دەڵێی). ژنی گەورەش هەر نەیهێناو نەیبرد، وتی: (پیاوێ ژنی هێنا، لە ژووری بووک گواستنەوەدا کفتە دروست دەکەن، ئەویش زۆری برسی بوو، هیچیان بۆ نەهێشتبۆوە، بۆ شەوێ پێیان وت دەبچۆ لای بووکێ، وتی کێ کفتەی خواردووە با ئەو بچێتە لای...کاکڵێ قسان کێ دەست ڕەنگینە با ئەو کەسە خواردن ئامادە بکا) سەری دنیام لێ وێک هاتبۆوە.. چۆن ئارەقەی شەرمەزاری نەڕێژم، نەمدەزانی چی بکەم، وەکوو جەنابی مودیر لەلای خۆیەوە گوێی لەم دەمەتەقێیە بووبێ، بانگی کردم و منیش چوومە لای بە هەڵپەیەکەوە، وتی: (دەزانی تۆ دەبێ دەرفەتم بدەی خێزانەکەم ئێستا تەلەفۆنیکرد، میوانم هاتووە و منیش ناتوانم لەقسەی دەرچم، ژنەکەم تەبیعەتێکی هەیە و شتێک ئەقڵی نەیگرێت بە دار لێمدەدات). خۆم وانیشاندا خدرم، کەمێک سەرم هەڵکڕاند و بەدەم خۆهەڵکێشانەوە: (وەڵڵا قوربان ئەو ژنانەی من حەدیان نییە بەدار لێمدەن، تەنها بە لینگە نەعل لێمدەدەن، ئێ تخوا نانەکەت بە پەلەبخۆ ئینجا بڕۆ). وتی:(تخوا توشی لێدانم مەکە با بۆجارێکی تر بێت). لەناخەوە حەزم کرد بڕوا، ئەگەرچی زۆریشم پێناخۆشبوو، کاتێک پێڵاوەکانی لەپێکرد و خواحافیزیکرد، بە پەلەپرووزێ عەلەشیشەکەم گرت و خستمە سندوقی سەیارەکەی، ئەمە دیارییێکە و دەبێ لێمی قبووڵبکەی). نابێ، ناکرێ، وتم: (جا چیم کردووە؟ دەبێت لەدەرفەتێک هەر بێیە ماڵمان و هەر داوەتم بی) هەر دوای ئەوەی ڕۆیشت ئاگرم لەناوچەوانی دەباری، پتت لێم بدابایە دەتەقیم، گەڕامەوە ژووری، دەستی سۆندەم لێگرتن و وەرگەڕامەسەریان، تا شل و کوت بووم لێیانم دا، ئەوجا (3) بەردم لەدەستیان نا، هەردووکیانم تەلاقدا، بێ ژن مامەوە، کاتێک ئەو مودیرە بەو وەزعەی منی زانی، وەکو هەستبکا ئەو ئیشە بە وای ئەوەوە قەومابێ، خزمێکی خۆی بۆ داخوازیکردم، لە گواستنەوەیدا یارمەتییەکی باشی دام، لەو ڕۆژی ئەو ژنەم هێناوە زوو زوو جەنابی مودیر داوەتی ماڵەوە دەکەم، زۆر لەبەری دڵگوشادم، باکم بەوە نییە، ئەگەر سەد کەسیش بێتە میوانم هێندە لێی رادەبینم، دڵنیام هەموویان بەجوانی بەڕێدەکات، زۆریش خزم دۆستە...ئەو ڕەفتارە جوانانەی وایلێکردبووم لە ناخەوە خۆزگەم دەخواست ڕۆژێک زووتر ئەو مودیرەم داوەت بکردابایە، ئەگەر ئەو داوەتە نەبوایە تا مردن دەبوو بەدەست ئەو دوو ژنە گیر بخۆم و نەویرم کەس داوەتی ماڵەوە بکەم و هەر خەفەتیان لێبخۆم.



شاخەوان عەلی حەمەد

# دیـــوار

شێرزاد هەینی - سوید

لەرۆژی ١ی ئەپریل شەوەکەی درەنگ دەزگای بەدرخان، بە سەرپەرشتی حەمید ئەبوبکر، دەستەی گەنج بۆ شانۆی لە هەولێرەوە گەیاندە فرۆکەخانەی ستۆکهۆلم، بۆ بەیانییەکەی سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵێکی گچکەی ناو شاردا، بە میوانداری و هاوکاری دەستەیەکی سویدی و بەسەرپەرشتی خاتوو تەلار هیرانی، شانۆگەری دیواریان نمایشکرد. رووی جوانی نمایشەکە و پێشکەشکردنی شانۆگەرییە ڕەمزییە بەجوولەکە لەوەدابوو، هاتنی ئەو دەستە هونەرمەندە و گەڕانیان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی، لەوانە سوید و نەمسا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و... چاوکرانەوە و بینینی پێویست بوون، لەو سەفەرەدا دووبارە کۆشش و هەوڵەکانی دەزگای بەدرخان نوێ دەبێتەوە، کەوا لە بەرنامە گەشتیارە کولتوورییەکانی خۆیدا بەردەوامە و هەموو جارێ بەرنامەی هەمەرەنگ و هەمەجۆری هەیە، دەچێتە میسر و لەندەن و بەرلین و یۆنان و لوبنان و بەغدا و .. لەو گەشتانەدا چەند کەسێک دەبات، هەندێکی تریش زویرو تووڕە دەکات، بەڵام سەردانەکان هەر هەیەو کارەکانیش پیرۆزن.

ئەو کارەی گەنجان بۆیە بایەخداربوو، چونکە ئێمەی لەسەر تەختەی شانۆیەکی گچکەی دێرینی ئەو شارە لەگەڵ بەهرە جوانەکان و جورئەتی مەردانەو گەورەیی ئەو دوو خوشکەی لەبەر پیرۆزی شانۆ، دەفرین و بەناسکی لەسەر درکی دیوارەکەدا دەنیشتنەوە، دوو کوڕە جەستە مەرهەمییەکەش ماندوونەبوون، دەنگیان نەکەوت، میوانەکان ئەگەرچی شوێنەکە تەسک و باریک و لاتەریکیش بوو، بەڵام دەستەیەک شەیدایانی شانۆی بەپیرزۆیی و بەجوانی کۆکردەوە، هەمووشیان زۆر بەگەرمی و بەراستگۆیی چەپڵەیان بۆ چوار هونەرمەندەکە لێدا، بەیەکەوە وتیان دەستت خۆش بەدرخان، ئافەرین کارۆخ و مەزهەر، دەک رووتان سپی بێت جووتە خوشکەکە رووبارو ژیار، کە پیرۆزی شانۆ لەدەست و جوولەو جورئەتتانەوە دیاربوو.

ماوەی چل دەقە هەموومان هێمن و سەرسام، ماوەی چل دەقە ساردییەکەی شارمان لەبەر گەرمی شانۆکە و جوولەی ئەوان لەبیرکردبوو، لەبەر پەیامە جوانەکەی ئەو دوو پەپوولەیە گووتمان سەرەتا هەیە و پیرۆزی شانۆش لەلای هەندێ کەس ماوە و شانۆ و نمایشەکان تەنها بودجە و داوەت و ململانێی حزبایەتی نییە، شانۆ دڵپیسی و دەروون بۆگەنی نییە، لەو ئێوارەیەدا رووبار و ژیار ئەوەیان سەلماند، لەو ئێوارەیەدا هەموومان وتمان کارۆخ ئیبراهیم حەکیم دەتوانێ دەق سازبکات و دەرهێنان بە جەستەو ڕۆح بکات.

لەسەر ئەو شانۆیەدا بەداخەوە کە دەبووایە لە شوێنێکی جەماوەریی فراوان و کراوە بووایە، هیوام زۆرە ئەوەیان لە نمایشەکانی وڵاتەکانی تردا هەبوبێت، بەشێکمان وێنەیەکمان بۆ خۆشەویستی ئەو کارە و لێهاتوویی جوولە و چالاکی و ڕووناکییە سازکراوەکە و دەقە نەترساوەکە و کوردییە جوانە ستاندەرەکە و زمانە پاراوەکە و پاکی هەر چوار هونەرمەندەکە و ئازایەتی بەدرخان بۆ گەیاندنی بەهرەکە و سەردانی چواری وڵاتی ڕووناک و شایستەکە، وێنەیەکمان بەیەکەوە گرت.

* ئەو گۆشەیە بۆ ئاوێزەی کوردستانی نوێ نووسراوە و لەبەرئەوەی پەیوەندی بە دەزگای بەدرخانەوە هەیە، بۆیە بڵاوکراوەتەوە.



# کۆمەڵ پەپوولەی ئەنفال



**شەکر مەجید / خورماتوو**

ڕۆژێکی خامۆش، ڕۆژێکی ڕەش، پۆل پۆل خەڵکی مەینەتبار خەڵکانی دڵ پڕ لەقین، خەڵکانێ کە خیانەتیان پێ قووت نەدەدرا و قایل نەدەبوون تەسلیم بەو قەدەرە شوومەبن ڕۆژێک بۆنــی مەرگی لێ دەهــات، ڕۆژێک ساردتر لە کوانووی ماڵی هەتیوان. دژوارتــر لەو شــەوەی قازییان بە بەرۆکی ســێدارەکەیدا هەڵواسی، ڕۆژێک نەفرەت لە خیانەتکاران تف لەوانە مێژوومان لە کەدار دەکەن، ڕۆژێک هەزار دوعاو نزا و ســکاڵای بێ وەڵام.

ڕۆژێــک دایکە کەی نــان دەخۆین؟ ڕۆژێک بابە سەرمامە و دەستەکانم لە گۆچوون؟ ڕۆژێک کەی دەگەڕێینەوە ماڵ کاکە؟ باشە ئەمە وڵاتی خۆمانە بۆ جێگامانی تێدا نابێتەوە؟ ڕۆژێک ئاخ بۆ ساتێک خەوی سەر باوەشی دایکم، ڕۆژێک هەزار نەفرەت لەوەی ســتەم لەم گەلە بریندارە دەکات، ڕۆژێک هــەزار ڕاچڵەکین وپاڕانەوە و گریان، ئەمانــە و هەزاران هەزار پرسیار و گازندە بە گوێتدا گوزەری دەکرد.

ڕۆژێک سەفەری هەزاران هەزار کوردی سقیل و بێ گوناهـ، هەزاران پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بەرەو تاریکستانی قەڵای ســەلمان، پەپوولەی ماندوو ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو، شــەکەت. برسی، دڵیشیان پڕ لە ڕقی پیرۆز، ئای لەو کەرنەڤاڵە مەرگەساتە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ و یەک ســیمای تۆزاوی بوون، ئــەم پەپوولانە چەند گوناە بوون، چەند دڵپــاک بوون، چەند خەونــی ڕەنگا وڕەنگیــان هەبوو، چەند خۆشەویستیان بەجێهێشتبوو، ئەم پەپوولانە لە نهێنی کۆیلایەتی و دیلی گەیشتبوون، بۆیە تەسلیم بە قەدەر نەدەبوون، دەیانزانی ژیانیان هەرچەند تاڵ بێت هێشتا ژێردەستی تاڵترە، ئەم پەپوولانە پرســیارێک بــوون بــێ وەڵام، نامۆ بــوون بۆ ئارامگایەک دەگەڕان.

کەســێک نەبوو گوێ بۆ ڕازی ئەم کاروانــە پەپوولەیە شــل بکات.. دڵێک نەبوو بوخچەی پرسیارەکانی بــۆ بکەنەوە...ســێبەرێک نەبوو ســاتە وەنەوزێکی تیا بدەن، ئاخ لەم زەمینــە عاجباتییە، کە هێزی پەپوولە دەکوژێ، ئاخ لەو تفەنگە ڕەزاقورســانە کەپەپوولــە ڕەنگا و ڕەنگــەکان دەپێکــێ، کاروانێک بوون برســی و ماندوو، شــەکەت ملی ڕێگایەکــی نادیاریان گرتبوو بــەرەو غوربــەت، ســەفەر بوو ســەفەری یەکجــاری، ســەفەری پەپوولــە پاکیزەکانی بەهەشــت، سەفەری بەهار، ســەفەری باران، سەفەری بەرات، سەفەری فریشتە، سەفەری کۆمەڵێ پەپوولە، سەفەری ئەنفال، تادەهات لە نیشتمان دوور دەکەوتنەوە و لــە غوربەت نزیک دەبوونەوە تادوور دەکەوتنەوە بۆن و تامــی خاک و خۆڵی نیشــتمان شیرینتر دەبوو، سیمای شەڕانگێزان تاڵتر دەبوو.

کە گەیشــتنە دوا وێستگەی "قەڵای سەلمان" هەر بە ئومێدی گەڕانەوە بوون، ساتێک لە هەموو بیرەوەرییە بەجێماوەکانیان ڕادەمان و لە گەڵ چەند دڵۆپــە فرمێســکێکدا کە لە مرواری دەچوون گەردن ئازادییان لە یەکتر دەکرد و سواری گەشتی مەرگ بوون.



ڕوفاتی قوربانیان ئەنفال

---

# پێویستی گۆڕینی نەریتی ئەتنیکی

**سەرباز خۆشناو**

گومان لەوەدانییە هەر نەتەوەیەک کلتوورێکی تایبەتــی خۆی هەیە، کە بەهۆیەوە لەنەتــەوە و گەلانی دیکــەی جیادەکرێتــەوە. کەواتــە کلتوور– ڕۆشنبیری بریتییە لە خوو ڕەوشــتی کۆمەڵگا و داب و نەریت و ڕێوڕەســمەکانی ژیــان و بیــرو باوەڕی ئایینی و بەها کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و فەلسەفییەکان. هەموو تاکێکیش شانازی بە کلتووری خۆی دەکات، چونکە کلتوور ناســنامەی گەلانــە، بەڵگەی بوونــی مێژووی نەتەوەیە. لێرەوە لە بایەخی کلتوور تێدەگەیــن و دەزانیــن چەند گرنگە بۆ داهاتــووی نەتەوەکەمان. وەلێ لەگەڵ ئەوەشــدا پێویستە بەشێک لەدابونەریتــە چەقبەســتووەکانی کۆمەڵگا گۆڕانکارییان بەسەردابێت؛ بۆیە بەباشم زانی پێویستی گۆڕینی نەریتی ئەتنیکــی بخەمە بەرباس، بەهیوای گۆڕینی تاک و پێشکەوتنی کۆمەڵ . با سەرەتا باسی پرۆسەی ژن و ژنخوازی بکەیــن، ئەگەرچی بەبیری ئێمەی نەوەی ئەمڕۆناییێت، کە ئەم پرۆســەیە لەڕابردوودا چۆن بووە، بەڵام زۆربەمان شارەزاییەکی باشمان پەیداکردووە بەهۆی گوێگرتن لەدایک و باوکمانــەوە. دەگێڕنەوە لە ڕابــردوودا کاتێــک بووکێکیان دەگواســتەوە، حەوت شــەو و ڕۆژ پێــش وەختە ئەم خەڵکە شــایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، شیو شیلانێکی زۆریان ئامــادە دەکرد، گەنجانیش پێشبڕکێی ئەسپ سوارییان دەکرد، زۆر شــتی تری لەم بابەتانە. ئەمە بۆ ئەو کات شــتێکی ئاسایی بووە؟ چونکە ســەردەمێکی جیا لە ئێستا بووە، بەڵام واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگا زۆر جیاوازە لــەوکات ؛ هەرچەندە گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکانی جیهان بەشــێکی کلتوورەکانیان گۆڕیوە، تەنانــەت خەڵکەکــەش گــۆڕاوە. ئێســتا خەڵک بەهۆی سەرقاڵبوون بەکاروبــاری ڕۆژانــە و بژێــوی ژیانەوە، ناتوانێت ئەم هەموو کاتە تەرخان بکات بۆبەشــداریکردن لەو بۆنەو ئاهەنگانە، ئەوەندەش پابەند نییە بەچەمکی (عەیبە و شــەرمە) . ســەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانانەش، پێویســتیمان بەگۆڕانــی زیاتر و خێراتر هەیە بۆ ڕزگاربوون لەو داب و نەریتە سەقەتانەی، کە تائەمڕۆش لەلای زۆر کەس بەپیرۆزی سەیریان دەکرێــت. بۆنموونــە لەکاتــی مارەبڕینی کچێک لەکوڕێک خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا کۆدەبێتەوە، جارێ پێش هەموو شــتێک ماڵــی باوکی کــوڕە دەبــێ ژەمێک خــواردن بۆ ئێوارە ئامادە بکــەن بۆ ئەو خزم و کەسانەی، کە زۆر نزیکن و لەپێش ئێوارەوە لێــی دادەکوتن. دوای نان خواردنیش بەشێکی دیکە لەخزمان و هاوڕێیــان دەگــەن ئینجــا ئەم لەشــکرە هەمووی بەیەکەوە دەڕۆن بۆ ماڵی بوکێ، لەوێش لەشکرێکی تر، کە پێکهاتــووە لەخزمە دوور و نزیکەکانی ماڵی بوکێ پێشوازییان لێدەکەن. بەم شــێوەیە ئەم هەموو خەڵکە لەماڵێک کۆدەبنەوە؛ جا وەرە ئەو ماڵە ئەگــەر خانوویان (١٠٠) م بێت قــوڕی کوێ بکەن بەســەریان جێی ئەم خەڵکەلەکــوێ بکەنەوە ! دوای خواردنی شیرینی و پیرۆزبایی کــردن، خەڵکەکە هێدی هێدی ماڵی بوکــێ جێدێڵن (ئۆخــەی خەڵکەکە بەسەلامەتی هاتن و ڕۆیشتن لەسەر خێــران) . خوا کەریمــە تا کوڕێکی دیکەیــان ژن دێنــێ یــان کچیان شوودەکات، بەڵام بەدبەخت خۆیان ئەوە لێ لێیە هێشــتا لۆلۆ ماوە ! جارێکــی دیکەش ئــەم ماڵانە(ماڵی بــووک و زاوا) لەکاتــی بــووک گواســتنەوە دەکەونە ژێر ڕەحمەتی ئــەم لەشــکرانە، بــەڵام ئەمجارە بەڕێژەیەکــی زیاتر لەجــاران. جا ئەگەر ئاهەنگەکە بەبێ ڕوودانی هیچ گرفتێک بەڕێوەبچێت، خەنی لەزاوا و باوکی زاوا ؟ چونکە تا ئێســتاش هەندێک دیاردەی نادروســتی وەک پێشــبڕکێی ئۆتۆمبێل و شەڕکردن لەســەر ســەرچۆپی هەرمــاوە. هەفتەیــەک دوای گواســتنەوەش جارێکی تــر دیــاردەی (حەفتیانە) هەموو خانەوادە بەشــداربووەکانی ئاهەنگەکــە لەژێــر یــەک چەتردا کۆدەکاتەوە. مــەردم دەوێ ناچێت بــۆ حەفتیانە هەزارو یەک قســەی دێتەوەسەر، خۆشبەختانە ئەو داب و نەریتانە لەنێو هەندێک خانەوادە بــەرەو کاڵبوونەوە چــووە، بەڵام بەداخەوە لەنێو هەندێکی تر ڕەگیان داکوتاوە. باشە ئەگەر کەسێک ماڵی لەجێگایەکــی وەکو قەزای ســۆران بێــت، ئۆتۆمبێلیشــی نەبێت چۆن خۆی و خێزانەکەی دەگەنە هەولێر بۆ ئاهەنگێک، بەتایبەت ئەگەر کابرا داهاتی کەم بێت؟ جارێک و دوانیش نا سێ جار؟ من مەبەستم ئەوە نییە خەڵک واز لەخزمایەتی بێنێت، بەڵام با لەجیاتی سێ جار تەنها یەکجار بێت بۆ بووک گواســتنەوە. ئەوکات نەئەوەندە کاتەمان لێ بەفیڕۆدەڕوات و نەهێندە پارەش سەرف دەبێت.

---

# ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق یان..؟

**مستەفا زەنگەنە**

کاتێ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، "موەفــەق ڕوبەیعی"م بینی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ئەلحورە، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، هیچ هەستم بەوە نەکرد، کە ناوبراو عێراقییــەک بێــت و بەرگــری لە ئاسایشــی نەتەوەیی عێراق بکات. لەبەرئەوەی زیاتر وەک ئەفسەرێکی ئاسایشی ڕژێمی ئێران یان کەسێکی نەخۆش هاتــە بەرچاوم، کە وڕێنە دەکات. وەک کوردێکــی عێراقی داخ دایگرتم، کــە لەبەرچی دەبێ ئاوها کەســێک کاربەدەســتی ئاسایشی عێراق بێت. لێــرەدا نامەوێت باس لە هەموو ئــەو بابەتانە بکەم، کە موەفــەق ڕوبەیعی چووە ســەری. بــەڵام تــەوەرەی هــەرە زەق لــە دیمانەکەیدا باســی ڕژێمی ئێران و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو، ئەو بەشەی کە لە کەمپی ئەشرەف، لە پارێزگای دیالە گیرساونەتەوە. هەتــا بەر لە ڕووخانــی حکومەتی پێشــووی عێراق، گوێبیســتی زۆر شــت ببووم دەربارەی موجاهیدینی خەلق، ئەوەشــم دەزانــی کە دەبێ بەشێک لەو شــتانەش پڕوپاگەندە بن. بەڵام هەنووکە پاش تێپەڕبوونی شــەش ســاڵ بەســەر ئــەم ڕۆژە مێژوییە و لە ژێر ســایەی زۆرێک لە دەســتکەوتەکانی گەلەکەماندا، ئێســتا نەک تەنیا بــۆ من، بەڵکو بۆ هەموو عێراقییــەک و لەوانەش کورد ڕوون بۆتەوە، کە هەموو ئەو شــتانەی دەربارەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بە تایبەتــی موجاهیدینی خەلق باس کرابوون، ناڕاست بوون و ئاوێتــەی پڕوپاگەنــدەی ڕژێمی ئێران بوون. نموونەی هەرە تازەی ئەم پروپاگەندانەش، ئەم دیمانەیەی موەفەق ڕوبەیعیە.

لەم دیمانەیــەدا، موەفەق ڕوبەیعی لە هەمان کاتدا کە هەوڵ دەدات خۆی بە بەرگریکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق بنوێنێت بــەڵام لێدوانەکانی زیاتر لە کاربەدەستێکی پەشۆکاوی ئاسایشی ڕژێمی ئێران دەچێت، یان وەک گوتم لە کەسێکی نەخۆش، کە وڕێنە بکات.

موەفــەق ڕوبەیعــی زیــاد لە هەر کاتێکی دی، لەم سێ مانگەی دواییدا و پاش گەڕاندنەوەی دەســەڵات بۆ عێراقییەکان، وەک دۆســتی ئێران و دژ بــە ئۆپۆزیســیۆنی ئێران لە عێراق ناوی دەرکردووە. بەڕێوەبەری دیمانەکــە کاتێک پرســیار دەکات: "دەڵێن ڕەنگــە ئەم هەڵوێســتەی موەفــەق ڕوبەیعی بە ئیشــارەتی وڵاتێکی دراوسێ بووبێت" ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێت: "هیچ ئیشارەتێک بۆ وڵاتێکی دراوسێ لە ئارادا نییە".

ڕوبەیعــی دەڵێــت: "موجاهیدینی کەمپی ئەشرەف ٣٤١٨ کەسن و هەر هەموویان مێشــکیان شۆراوەتەوە" یان "ئێمە دەمانەوێت ســەربازگەی ئەشــرەف دابخەیــن و دەمانــەوێ ئەمانــە بگەڕێنــەوە بــۆ ئێران، زۆرینەی هــەرە زۆری ئەوان بە بێ زۆرەملــێ و بە ئــارەزووی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ ئێران"، "ئەوان زۆر بە باشــی ڕاهێنراون"، "ئەوان جل و بەرگــی ســەربازیان لەبەردایە و هــەر هەموویان گەنجــن"، "ئەوان تیرۆریســتن و ئەشــرەف لە نزیک سنووری ئێرانە و ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران"، ئێمــە نامانەوێت هیچ فایلێک وەک بیانوو بۆ دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆییمــان بــەکار بهێندرێت" و ئــەم دەرەنجــام دەخاتــەروو، کە "عێراق شــوێنێک نییە و نابێت بۆ مانەوەیان"، "ئەرکی پاراســتنیان لەســەر ئێمەیە. هەبوونی ئەوان لە نزیک سنووری ئێران جێی مەترسییە بۆ ئــەوان. لەبەر ئــەوەی گوللە و ئاگری ئێرانییەکان دەیانگاتێ. لەم ڕووەوە دەبــێ ئــەوان بگوازینەوە بۆ ڕۆژئاوای عێــراق هەتا گوللەی ئێرانییەکان نەیانگاتێ" و ....

بڕوانــنە ئەم قســە دژ بــە یەک و دووفاقییانــەی ناوبــراو و داوەری بکەن بەسەر ئەوەی لەسەرەو باسم کرد؟ ئایا ناوبراو نەخۆشێکە و وڕێنە دەکات یان بەرگریکارێکی ئاسایشی نەتەوەییە بۆ ڕژێمی دەسەڵاتدار لە دراوسێ ڕۆژهەڵاتییەکەمان؟!

– گەر ئەوان مێشکیان شۆراوەتەوە و زۆرینەیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئێران، لەبەرچی ڕژێمی ئێران دەبێ ئەوان بوردومان بکات؟ یان دەوڵەتی عێراقیش بۆ پاراســتنی سەلامەتی! ئــەوان، زەحمەتی گواســتنەوەی ئــەوان بــۆ بیابانەکان و شــوێنە دوورەدەستەکان بداتە بەرخۆی؟!

– ئەگــەر بە پێچەوانــەی کۆمەڵی جیهانــی، بەڕێزتــان ئــەوان بە تیرۆریست دەزانن، کەوایە پاراستنی ئــەوان و جێگۆڕکــێ پێکردنیان بە مەبەستی دوورخستنەوەیان لە گوللە و ئاگری ڕژێمی ئێران مانای چییە؟ بە تایبەتــی کە بەڕێزتــان دەڵێن عێراق پشکێک نییە بۆ مانەوەیان، چ ڕۆژهەڵاتی عێراق بێت یان ڕۆژئاوای عێراق؟

– ئەگــەر ئــەوان هــەر هەموویان دەیانەوێــت بگەڕێنــەوە بۆ ئێران، بەڕێزتــان لەبەرچی تۆقــاون لە نزیکبوونیان لە ســنووری ئێران و دەڵێن هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران؟!

– گــەر دەڵێــن ڕژێمی ئێــران بە بیانــووی هەبوونــی موجاهیدینی خەلــق، دەســتوەردانی کاروباری عێراق دەکات، بەڕێزتان لەبەرچی بۆ ماوەی مانگێکە کەمپەکەی ئەوانتان ئابلۆقــە داوە و تەنانــەت لە مافە سەرەتاییەکانیش بێبەشتان کردوون و لە هەندێک نموونەشدا خۆراک و ســوتەمەنی و دەوا و دەرمانتان لێ بڕیون؟ بۆچی ڕێگــە نادەن خەڵکی عێراق سەردانیان بکەن و دەوروبەری کەمپەکەتــان میلیتاریزە کردووە؟ و .... هەروەها... چەند پرسیارێک؟

– مێشکی ئەوان شــۆڕاوەتەوە یان بەڕێزتــان دەتانەوێت بــەم لێدوان و تۆمەتانــە، مێشــکی گەلەکەمان بشــۆڕێتەوە و ئاوەکــە لێڵ بکەیت و ماســییەکان دەرخــواردی ڕژێمی ئێران بدەیــت؟ ئایــا دڵنیایت کە مێشکی بەڕێزتان لە لایەن ئێرانەوە نەشۆراوەتەوە؟!

– ئایا ئەم کارەی بەڕێزتان بە مانای هاوکاریکردنــی جەڵلاد نییە کاتێک لە نــاو بەندیخانەکانــی ڕژێمێکی دیکتاتۆریــدا خەڵک ئەشــکەنجە دەدات؟

– گەر بەڕێزت بەرگریکارو پارێزەری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەمانی، لەبەرچی لەم چەند مانگەی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ کەیسی دەرکردنی ئۆپۆزیســیۆنی ئێران لــە عێراق، خاکی وڵاتەکەمانتان کردۆتە شوێنی تەراتێنکردن بۆ کاربەدەستانی باڵای ڕژێمی ئێران، کە هەر هەمووشــیان لە لایــەن پۆلیســی ئەنتەرپۆلەوە داوا کــراون و بەدوایاندا دەگەڕێن؟ لــە ئەحمەدی نــەژاد و موتتەکی و لاریجانــی و موحســین ڕەزایی و کازمیــی قومی و ویلایەتییەوە بگرە هەتا شەخسی ڕەفسەنجانی.

– بەڕێزت دەڵێیت "ئێمە دەمانەوێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی هێمنانە و شارســتانیانە و مرۆڤانــە و ئیســلامیانە چارەسەر بکەین. ئێمە بەڵێنمان داوە لە ئاست پەیماننامە نێودەوڵەتییــەکان و پێوەرەکانــی مافەکانــی مــرۆڤ ڕەچاودەکەین و وشــە بە وشــەی ئەم پەیماننامانە پەیڕەو دەکەین". زۆرباشە، دەکرێت وەڵامی ئەم پرســیارەم بدەیتەوە، کە لە ماوەی ســێ مانگی ڕابردوودا کام لــە هەنگاوەکانــی بەڕێــزت دەربارەی کەمپی پەنابەرانی ئێرانی لە پارێزگای دیالە (ئەشــرەف) بە پێی پرەنســیپ و پێوەری مرۆڤانە و ئیســلامیانە و شارســتانیانە و هەروەهــا بەڵێنەکانتان لە ئاســت پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بووە؟ بە پێی ئەو هەواڵە دڵتەزێنانەی لەم کەمپەوە دەگەن، ئێوە ئەم کەمپەتان کردۆتە "زیندان" و خراپتر لە زیندان. لە کاتێکدا دانیشتوانی کەمپەکە، لە لایەن ملیۆنان عێراقییەوە پشتگیریان لێدەکرێت.

خەڵکی عێراقی، هــەروەک خەڵکی ئێــران و ناوچەکــە دژ بــە ڕژێمی دەســەڵاتدار لــە ئێرانــن. ئەمــە ڕاســتییەکە، دوێنــێ و ئەمــڕۆ ناناسێت، پۆست و دەوڵەت ناناسێت و کەســانی وەک بەڕێزیشت بێهودە هــەوڵ دەدەن بــە ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و بە نەهێنی، پلانەکانی ئەم ڕژێمە بە ناوی عێراق و عێراقییەکانــەوە جێبەجێ بکەن. چارەنووسی گەلی عێراق و ئێران، (بە کــوردەوە)، پێکەوە گرێدراون و ئەم دۆستایەتییەی نێوانیان هەروا بەردەوامە و هەرواش دەمێنێتەوە.

لە کۆتاییــدا وەک کوردێک داوا لە دەوڵەت دەکەم کە نوێنەرایەتی ئامانج و چارەنووســی گەلەکەمان بکات، نەک نوێنەرایەتی ئاسایشی ڕژێمی ئێران. بەڵام بە داخەوە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی، موەفەق روبیعی، بە پێچەوانەی پۆستەکەی، بۆتە جێبەجێکەری پلانەکانی ڕژێمی ئێران و دژ بە پەنابەرانی ئێرانی لە وڵاتەکەمان بۆ ڕوودانی کارەساتێکی نامرۆڤانە ڕێگە خۆش دەکات.



موەفەق ڕوبەیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق

## دوای ١٣ ساڵ دابڕان...

## لەژێر دروشمی " بۆ گەڕاندنەوەی بەها جوانەکانی هونەر"

# لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد بەگەڕکەوتەوە



ڕێوڕەسمی کردنەوەو بەگەڕخستنەوەی لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لەلایەن مەلا بەختیار

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**
**فۆتۆ: جیهانگیر گەردی، شێرزاد هیرانی**

بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو لە هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کورد و لەژێر چاودێری "مەلا بەختیار" لێپرسراوی رێکخراوە دیموکراتییەکانی "ی.ن.ک" و دوای ١٣ ساڵ دابڕان لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێر بەگەڕخرایەوە.
لە سەرەتای مەراسیمەکەشدا نازم دڵبەند سەرۆکی لقی هەولێر لە وتەیەکیدا گوتی:
برای گەورەمان کاک مەلا بەختیار
ئازیزانم هاوپیشە رۆژنامەڤانەکانم
هونەرمەند و رووناکبیرە دۆستەکانمان...
میوانە بەڕێزەکان
بەگەڕخستنەوەی لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، تەنها بە مەبەستی دروشمێکی هونەری هاتەوە مەیدانەکە، کە ئەویش "بۆ گەڕانەوەی بەها جوانەکانی هونەر"ە.
کە ئەو بڕیارەش درا تەنها بیرمان لەوە کردەوە ئەم کۆمەڵەیە جارێکی تریش بۆ ئەو بەهرە داهێنەرانە بێت، کە بەحەق دەیانەوێ هونەری میوزیک و شانۆ و شێوەکاری و فۆتۆگراف و هەموو هونەرە جوانەکان لەم شارە زیندوو بکەنەوە، کە ئێمەش پرۆژەکەمان ڕووبەڕووی برای ئازیزمان کاک مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان کردەوە، بەبێ هیچ چەند و چۆنێک رەزامەندی دەربڕی و تەنها مەرجێکی لە ئێمە ویست، ئەویش ئەوەبوو گوتی: " داهێنان لە ئێوە و هەموو پشتگیرییەک لە ئێمە..) بۆیە ئێمەش لێرەوە وێرای هەڵسەنگاندنی ئەم بیرکردنەوە رایدەگەیەنین کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر ماڵی هەموو داهێنەرێکی هونەری کوردییە بە هەموو رەنگەکانییەوە، داهێنان لە ئێوە و پشتگیری لە ئێمە..
راشیدەگەیەنین ئێرە ماڵی هەموو گەنجێکی بەهرەمەندە و هەموو کەسێکیش ئازادە لەبیرکردنەوەکانی خۆی بە مەرجێک هونەرێک ببەخشینەوە ببێتە بناغەیەک بۆ بنیاتی دوارۆژی وڵاتێک کە پێی بگوترێ (کوردستان).
ئازیزانمان..
دەشمانەوێ پێتانرابگەیەنین کە کۆمەڵەکەمان لە ئایندەیەکی نزیکدا فێستیڤاڵێکی میوزیک و شانۆیی و شێوەکاری لە هەولێر ئەنجام دەدات، ئەویش هەر بە پشتگیری برای بەرێزمان کاک مەلا بەختیارەو بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە و چاوەڕێی دەستپێشخەری ئێوەین بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکانتان. هەر لە پرۆژەکانی ئایندەمان پێشوازیکردنە لەو دەقە دراما سەنگینانەی کە بە هەق شوێنی خۆی لەناو شعوری بینەری کورد دەکاتەوە و جێ پەنجەی دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی دەمێنێتەوە..
بە نیازیشین فێستیڤاڵێکی شانۆیی تایبەت بە گەنجان لە هەولێر سازبدەین، کە چەند رۆژێک بخایەنێ، تا گەنجان قودرەتی بوونی خۆیان بسەلمێنن.. لێشتان ناشارینەوە کە تەرحی ئەم پرۆژانە دەکەین تا ئەو سەعاتە تەنها پشتگیری رێکخراوەدیموکراتییەکان و (بەبێ ماستاو) پشتگیری کاک بەختیارشک دەبەین..هیواداریشین وەزارەتی رۆشنبیری لە بودجەی دەستەی هاوبەش ئاورێکیش لەم چالاکییانەی ئێمە بداتەوە..
نامەوێ درێژدادڕ بم هەر ئەوەندە ماوە بڵێم، کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان- لقی هەولێر ماڵی هەموو هونەرمەند و داهێنەرەکانی هەولێرە بەبێ جیاوازی لە رەنگ و فیکر و بۆچوونەکان..
سوپاس
دوابەدوای ئەویش مەلا بەختیار لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان وتەیەکی پێشکەش کرد، لە وتەکەیدا باسی لە گرنگی کردنەوەی ئەو لقە کرد و پاڵپشتی تەواوی خۆشی بۆ ئەو کۆمەڵەیە دەربڕی و گوتی: ئەرکمانە هاریکاریتان بکەین، نان و ئازادی لە ئێمە داهێنان لە ئێوە)، هەروەها باسیشی لەوە کرد کە ئەوان وەک "ی.ن.ک" هەر لە ساڵانی هەشتاوە بەبێ مەرج پشتیوانی نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندانیان کردووە.
دوای ئەویش عەبدولی حەمەجوان سەرۆکی مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد باسی لە سەرەتای دروستبوونی ئەو کۆمەڵەیە کرد و گوتی: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لەساڵی ١٩٦٩ لەژێر ناوی "کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی" کراوەتەوە لە ساڵی ١٩٧٢ لقی هەولێری ئەو کۆمەڵەیە کراوەتەوە، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٠ لە کۆنفرانسێکدا بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر ئەوە دراوە ناوی کۆمەڵە بگۆڕدرێ لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بۆ "کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد"، ئەو کۆمەڵەیەش تا ئێستا بەردەوامە و لە شار و شارۆچکەکانی دیکە لقی هەیە، تەنها لە هەولێر نەبێ، ئەویش لەبەر هەر بارودۆخێک بێ".
هەروەها عەبدولی حەمەجوان باسیشی لەوە کرد ئەگەر هەر کۆمەڵەیەکی تر بەو ناوە هەبێ، پەیوەندی بە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانەوە نییە، ئەو کۆمەڵەیەی ئەوان لە ساڵی ١٩٩٦ دروست بووە.
دوای ئەوانەش هونەرمەند و ئەرشیفیست جیهانبەخش کۆیی باسی لەوە کرد بۆ یەکەم جار لە کوردستان کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە ١٩٥٧/٦/١٩ دامەزراوە لەلایەن کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی وەکو رەفیق چالاک و مستەفا ساڵح کەریم و چەندین هونەرمەندی تر، بۆیە ئەو بە پێویستیزانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بڵێن لە ساڵی ١٩٥٧ەوە دامەزراوە، نەک ١٩٦٩، چونکە کۆیی قسەکانی خۆی بە دیکۆمێنت پشت ئەستوور کرد، لە بەرامبەریشدا عەبدولی حەمە جوان باسی لەوەکرد ئەوان بە عەشقی کۆمەڵەکەی پێشوو دامەزراون، بەڵام تەواوکەری و درێژە پێدەری ئەو کۆمەڵەیە نین، چونکە ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٦١ داخراوە. هەر بەو بۆنەیەوە و سەبارەت بە یەکەم تیپی هونەری لە کوردستان هونەرمەند باکووری باسی لەوەکرد ئەوانیش چەند هونەرمەندێکی کۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ یاداشتێکیان نووسیوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، بەڵام لە وەڵامدا پێیان گووتونە لەبەرئەوەی لە شاری سلێمانی تیپێک بەو ناوە هەیە، بۆیە یان دەبێ ئەوانیش ببنە لقێک لەوان، یان ناوەکەیان بگۆڕن، بۆیە ئەوانیش ناوەکەیان دەکەنە "کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرەجوانەکان لە کۆیە" و هەر لەو ساڵەدا ١٩٥٨ مۆڵەتی تیپەکە وەردەگرن و دەبنە دووەم تیپی فەرمی لە کوردستان.
لە کۆتاییشدا دەرگای گفتوگۆ بۆ رۆژنامەنووسان لەلایەن حەمەسوار عەزیز جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەکە کرایەوە و لە وەڵامی پرسیارێکی نێردراوی بەدرخان سەبارەت بەوەی ئەو ئایا ئەو کۆمەڵەیە هەر تەنها پشت بە مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکانی "ی.ن.ک" دەبەستن، یان داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکەن، مینحەیان بۆ دابین بکەن، نازم دڵبەند لە وەڵامدا گوتی: خۆی ئەوە یەکەمین رۆژی بووژاندنەوەی بارەگاکەمانە، بۆیە لە داهاتوودا داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکەین، کە وەزارەتی خۆمانە و هیواداریـن ئەوانیش بتوانن لە بودجەی هاوبەش وەک هەموو تیپ و کۆمەڵەو سەنتەرەکانی تر بودجەمان بۆ دابین بکەن.
جێی ئاماژەیە لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، هەر سێ بەشی "شانۆ، مۆسیقا، شێوەکاری" لەخۆگرتووە و چەندین هونەرمەندی دیاری ئەو شارە تێیدا ئەندامن، دەستەی کاتی لقیش پێکهاتووە لە: (نازم دڵبەند، قاسم نوری، خۆشەوی عەزیز، حەمەسوار عەزیز، کاروان شەمسەدین، پایەدار عەبدولموحسین، نزار مەحمود، جەلال ئەحمەد رەسول بەیار، عومەر مامە کوردە، حەمید سابیر).



مەلا بەختیارو مەحمود زامدار لە بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان - هەولێر



جیهان بەخش کۆیی باس لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لەساڵی ١٩٥٧ دەکات

**مەلا بەختیار:**
**ئەرکمانە هاوکاریتان بکەین، نان و ئازادی لە ئێمە، داهێنانیش لە ئێوە**

*****

**عەبدولی حەمەجوان:**
**هەر کۆمەڵەیەک بەناوی هونەر و وێژەی کوردی هەبێ، ئەوا بەدیلی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان نییە، ئەوان لە ١٩٩٦ەوە دامەزراون**

*****

**نازم دڵبەند:**
**کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان ماڵی هەموو هونەرمەندێکی داهێنەرە**

## خەڵاتی ئێکێلۆف دەبەخشرێتە گونار هانسۆن



گونتار هانسۆن

**تایبەت بە بەدرخان - سوید**

ڕۆژی یەکشەمە، ٢٦ نیسان، لە بارەگای ئەکادیمیای سویدی، لە ڕێوڕەسمێکی گوتارخوێندنەوەدا، خەڵاتی ئێکێلۆف دەبەخشرێتە شاعیرو نووسەر و وەرگێڕ گونار هانسۆن.
هانسۆن، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی گۆتێنبێرگ لە سوێد. تەمەنی ٦٤ ساڵە و ساڵی ١٩٧٩ یەکەم دیوانی چاپ کردووە.
ئێکێلۆف یەکێک بوو لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی رابردووی سوێد. کە ئێستاش ئاسەواری بەسەر ئەدەبی نوێی سوێدییەوە هەیە. شاعیرێک بوو، هەر لە تەمەنی گەنجییەوە، شەیدای کولتوور و تەسەووفی ڕۆژهەڵاتی بوو. لە گەرمەی گەشەی سوریالیزمی فرەنسی لە کۆتایی ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوودا، ئەو لە پاریس دەژیا و بە یەکەم سوریالیستی سویدی دەناسرێت.
"سیانەی دیوان"
١- دیوان لەسەر میر ئێمگیوون ١٩٦٥
٢- داستانی فاتیمە ١٩٦٦
٣- ڕینیشاندەر بۆ ناخی زەوی ١٩٦٨
دوا بەرهەمی ئێکێلۆفە و ڕزگار شیخانی کردوونی بە کوردی.

# محەمەد سەعید مەحموود: لەو سەردەمەدا ئیشی باش دەکرا تەنها پارە نەبوو بۆ راپەڕاندی ناوچەکە و بوژاندنەوەی



محەمەد سەعید مەحموود

**شوێنی موقەدەس و ئاسەواری کۆن لە سورداشدا:**

مەزاری شێخ ئەحمەد هندی: ئەمە پیاوێکی چاکێک بوو لە وڵاتی هیندستانەوەهاتووەبۆکوردستان و لە سورداش جێنشین بووە، وا بڵاوبوو، کە بەدەستی یەکێک لە دەروێشەکانی خۆی کوژراوە، لە سورداش نێژراوە، دانیشتوانی ناوچەکە زۆر باوەڕیان بە کردەوەکانی ئەم شێخ ئەحمەدی هندییە هەبووە، هەتا ئێستاش گۆڕەکەی لەسورداش ماوە.

مەرقەدی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە: لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، مەرقەدەکەی لە شەدەڵەیە، دەبێتە برای مامە رەزا، کە لە کلکەسماق دادەنیشت.

مەرقەدی شێخ ئیسماعیلی عەواڵان: ئەم زاتە لە شێخەکانی تەریقەتی قادری دەژمێردرێت مەزارەکەی لە عەواڵانە.

مەرقەدی شێخ حاجی: لە دێی کانی هەنجیرە زۆر کەسی پەککەوتە دەچوون بۆ زیارەتی مەزارەکەی، کە وەفاتی کردووە.

ئەشکەوتی بهائڵلا: ئەمە ئەشکەوتێکی بچووکە نزیکی دێی سەرگەڵووە، بەهائییەکان لەو باوەڕیان هەیە، کە (بهائڵلا) هاتووە بۆ ئەم ناوچەیە، کە لە ئێرانەوە رایکردووە و نزیکەی (٣) ساڵ لەو ئەشکەوتەدا ماوەتەوە، دواجار لەو شوێنەوە رۆیشتووە بۆ سوریا، بەهائییەکان زیارەتی ئەم ئەشکەوتەیان دەکرد، وازانراوە، کە مەزهەبی حەقە لە بەهائییەوە هاتۆتە وجود، چونکە ئەو مەزهەبە لە سەرگەڵوو بڵاوبۆتەوە.

ئەشکەوتی قس قاپان: لە زەرزیە، ئەمە شوێنێکی ئەسەرییە دەستکردە لە شێوەی دوو ژوور و هەیوانێک دایە، کەس ناتوانی بە ئاسانی بیبینێت ئەگەر بێت و پەیژەیەکی درێژ بەکار نەهێنێت، بە پەیژەیەک سەردەکەوێت و دەچێتە ناو ئەشکەوتەکە، چونکە شەش حەوت مەتر لە زەوییەوە بەرزە.

قەڵای جولندی: دەکەوێتە چەمی رەزانەوە نزیکی دێی سورقاوشان، لە (٣) لاوە ئاو دەوری داوە وەک ناڵی وڵاغ، قەڵایەکی زۆر شوێنەوارییە هەتا ئێستا شوێنەواری خانووی لە دەوروپشتە، وا دەردەکەوێت، کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری.

ئەشکەوتی سەحرا: لە نزیک دێی قۆجبڵاغەوەیە، بە ئەشکەوتی کچ و کوڕ بەناوبانگە نزیکی دێی سوسێی سەروو، هەروەها ئەشکەوتی زۆر هەیە لە جاسنە و شێخ باغ، مەبەستم لە باسکردنی ئەم ئەشکەوتانە ئەوەبوو، کە پێویستە ئەو شوێنەوارانە زۆر بایەخی پێ بدرێت و لە دوارۆژی کوردستاندا ببێتە جێگایەکی گەشتوگوزار، چونکە ئەگەر رێگا و بانی بۆ چاک بکرێت و زۆر لە بێگانەکان بێن بۆ سەیرکردنی، کە ئەو کەسە زانیاری هەیە لە مێژووی ئاشوورییەکان و بە حەسرەتەوەن، کە ئەم شوێنانە بە چاوی خۆیان ببینن، لە کاتی خۆی من چەند جارێک پێشنیازم کردووە، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە، هەروەها کردنەوەی رێگایەک لە سوورداشەوە بۆ سەرگەڵوو، بەڵام بەداخەوە میری ئەوسا زۆر خواستی نەبوو، ئەو پێشنیازە جێبەجێ بکات و هەمووی پشت گوێ خرا. دەبێ هەموو کەسێک ئەوە بزانێت، کە بودجەی حکومەتی عێراق ئەوەندە نەبوو، بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەیەک، کە پێشنیازدەکرا، لەبەرئەوە زۆربەی دێهات و ناحیەو قەزاکانی وڵات دواکەوتووبوو لە رووی بنیاتنان و رۆشنبیری و تەندروستی و ئابووری، بۆ نموونە ناوچەی سورداش، کە بەناوچەیەکی کشتوکاڵ بەناوبانگ بوو وکشتوکاڵی برنج و گەنم و توتن و جۆی لێدەکرا، هەر لەسەر شێوەی سەرەتایی مایەوە و ئەگەر بێت و نەخۆشییەکی زراعی بڵاوبوایە زۆر بە زەحمەت چارەسەردەکرا.

وەکو ساڵێک کوللە و سن بڵاوبۆوە زۆربەی کشتوکاڵی گەنم و جۆ بەهیلاک چوون، دەرمان نەبوو بۆ قەڵاچۆکردنی (سن و کوللە). جووتیارەکانیش هەر چییەکیان دەکرد بێبەش دەبوون لە بەروبوومی، هەروەها نەخۆشی لەناو ئاژەڵاندا (مەڕ و ماڵات) زۆربەی تووشی نەخۆشی دەبوون، ئەوسا دوو حەوزیان دروستکرد بۆئەوەی مەڕی تیا بشۆن کاریگەرییەکی زۆری هەبوو.

جا بەداخەوە دەڵێم ئەو بیرو باوەڕەی، کە ئێمە هەمانبوو، دەمانویست دێهاتەکانمان ئاوەدان بکەینەوە، بە قسە و نووسین ئاوەدان نەدەبۆوە دەبووایە پارە بۆ دروستکردنی پرۆژەکان لە رووی تەندروستی و رۆشنبیری و ئابووری و کشتوکاڵییەوە تەرخانکرایە.

ساڵ دەهات و دەڕۆیشت پلانێکی دوور و درێژ نەبوو بۆ پرۆژەکان، هەر لەو ساڵانەدا بوو، کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ روویدا و حکومەتی (شا فەیسەڵی دووەم) مەلیکی عێراق رووخا و داموودەزگای عەهدی مەلیکی نەما، ئیتر سیستەم بوو بە کۆماری.

بەڵام دەڵێم ئەو کارمەندە ئیدارییانەی، کە ئەزموونیان لە ئیدارەدا هەبوو، وردە وردە کەم بوونەوە و لەجیاتی ئیدارەی مەدەنی، عەسکەری کران بە پارێزگار و قائیمقام.

کە ئەمە بەڕای من رێبازێکی باش نەبوو، ئەو تاقمە عەسکەرە لە ئیدارەیان نەدەزانی بێنەسەر حوکم جا ئیدارە لە جیاتی ئەوەی بەرەو پەتەوی بڕوات رۆژ بە رۆژ پێچەوانەی ئەم کارە بەرەو شێوەیەکی نزمتر دەڕۆیشت، کە ئەم کەسانە خۆیان بە شۆڕشگێر دەزانی و دەیان وت ئێمە ئینقڵابمان کردووە، ئێمە نشتیمانپەروەرین، ئێوە لە سەردەمی بەسەرچوو پەروەردەکراون، بەچاوێکی سووک سەیری خەڵکیان دەکرد، لەم بەینەدا هەندێک مرۆڤی گێرەشێوێن پەیدابوون، کە هەوڵیان دەدا بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بپارێزن و نرخی مرۆڤی شارەزا و خوێندەوار کەم بکەنەوە، حوکم بوو بە حوکمی فەردی، دیکتاتۆری و قانوون و نیزام زۆرجار پەیڕەو نەدەکرا.

لەپێشکەوتنی وڵات و ناوچەکەی مەودای پیاوی ئیداری نەدرا بیربکاتەوە، کە بەدەستییەوە بوو، هەر بەچاوێکی سووک سەیردەکران، وەکو سەردەمی تێپەڕیو هەموو ئیشەکان خراپ بووبێت.

دەڵێم لەو سەردەمەدا ئیشی باش دەکرا تەنها پارە نەبوو بۆ راپەڕاندی ناوچەکە و بوژاندنەوەی، کە مەسەلەی نەوت جێبەجێ ببوو و خۆماڵیکردن دەستپێکرا، وڵات ئابووری بەرز بۆوە ئەوسا پێویستی بەوکارە ئیدارییانە هەبوو، کە هەرکەس لە بواری خۆیدا قۆڵ هەڵکا و دەست بە ئیشی چاک بکات.

ناوچەی بنگرد: من لە ١٩٥٨/١٢/٦دا بۆ ناحیەی بنگرد گواسترامەوە، کە سەر بە قەزای قەڵادزێ بوو، لە راستیدا پێم ناخۆش نەبوو هەر شوێنێک بێت وڵاتی خۆمە دەبێت خزمەت بکەم، ئەم ناحیەیە لە رووی ئابووری و تەندروستی و خوێندەواری و کۆمەڵایەتییەوە هەروەکو ناوچەکانی تری کوردستان زۆر دواکەوتوبوو.

هەموو کەسێک دڵی خۆش بوو، کە سەردەمی پێشوو کە پێی دەگوترا سەردەمی بەسەرچوو، قۆناغێکی ناخۆشبوو، هیچ جۆرە چاکسازییەکی بەسوود بەرامبەر بە میللەت نەدەکرا، ئێمەش کە ئاواتمان ئەوەبوو خزمەتگوزاری لە پێناوی میللەتدا بکەین، خۆمان بە سەربازێک لەم مەیدانەدا دادەنا، جا لەپڕ تاقمێک پەیدابوو لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا خۆیان بە نیشتمانپەروەر دادەنا و کەسیان بەپیاو نەدەزانی، لەو تاقمە کە من لە ژیانی ئیداریمدا تووشیان هاتم، چەند کەسێکی نەخوێندەوار و نەشارەزا لە هەموو رووێکەوە کەوتنە ناو ناحیە و قەزاکانی کوردستانەوە بەناوی حزبی شیوعی و لێپسراوی ناوچەکەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، دەیانویست کارمەندی ئیداری ببێتە داردەستی ئەوان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیستیغلالی بکەن، جارێک کە لە بنگرد بەڕێوەبەری ناحیە بووم، (٣) کەس هاتن بۆ لام، بەبێ شەرمانە رووبانکردە من و وتیان: ئێمە لێپسراوی ناوچەمان هەیە، هەر شتێکت پێ دەڵێ دەبێ رایپەڕێنی، ئەگەر جێبەجێ نەکەیت مانعمان نییە کرێکارێک لەجێگای تۆ دابنێین و بیکەینە بەڕێوەبەری ناحیە، منیش قسەکەم زۆرلا گران بوو، دەست بەجێ وتم ئەوەندە بزانن من مەئمورێکی ئیداریم هاتووم قانون و یاسا جێبەجێبکەم، پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆکی خۆمان هەیە، هیچ کەسێک بە خاوەنی دەسەڵات ناناسم، هەتا بتوانم ماوە نادەم بەکەس دەست بخاتە ئیشەکانمەوە، ئەگەر نەمتوانی ئەم بیرو باوەڕەی خۆم جێبەجێبکەم ئەوسا ئیستقالە دەدەم، ئەم کورسییە پیرۆزی ئەو کرێکارە لێهاتووە بێت، کە ئێوە دەستنیشانی ئەکەن، بەڵام ئەوە پێتان دەڵێم جارێکی دیکە قبوڵم نییە قسەی وام لەگەڵدا بکەن و ئاگاداری زمانی خۆتان و کردەوەکانتان بن، یەکێک لەوانە کە هەر لە ناوچەی بنگردا دادەنیشت و یەکێک بوو لە شێخ و ساداتی ناوچەکە، هەڵی دایێ و و وتی: ئەوان مەبەستیان ئەوەیە کە تۆ کۆمەکیان لەگەڵدا بکەیت، بەڵام تۆ دڵگیر مەبە، وتم بە شێوەیەکی رەسمی بە من نەوتراوە کۆمەک لەگەڵ ئەم جۆرە تاقمەدا بکەم.

وا رێککەوت ئەوساڵە باران و تەرزەیەکی زۆربوو و زۆربەی تووتن، کە شکابوو لەناو زەوییەکاندا زیانی هێنا، منیش بروسکەیەکم بۆ قائیمقامی قەڵادزە نووسی و داوامکرد کە ناوچەکەی من زۆر زیانیان لێکەوتووە تکایە پارە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەژارانەی کە زەرەرمەند بوون تەرخان بکەن.

بروسکەکەی من گەیشتە دەست کاربەدەستان کت و پڕ بۆ ناوچەکەی من دوو هەزار و پێنج سەد دیناری ئەوسا و (١٥) تەن گەنمیان بۆ قەرەبووی ئەوکەسانە و ئەو جووتیارانە تەرخانکرد، کە زیانیان لێکەوتووە، منیش لە ماوەی دوو سێ رۆژدا بە دێهاتەکاندا گەڕام هەر کەسێک زیان لێکەووتبوو قەرەبوومان بۆدانا، بەڕای لینەیەک، کە خۆم دروستمکردبوو، هەمووئەوکەسانە ناویان لای من ئاشکرابوو، کاتێک چوومە قەڵادزە، کە ئەو پارەیە تەرخان کرابوو بیهێنمەوە و دەست بکەمە دابەشکردنی بەسەر ئەو لێقەوماوانە، کە تووشی ئەو زیانە ببوون، پارەکەم هێنا، بەڵام وەکو کە زانیم بەهۆی ناحیەکەی منەوە چەند ناحیەیەکی دیکەش پارەی بۆ تەرخانکراوە، کە ئەوانیش لە کشتوکاڵەکانیاندا زیانیان هێنابوو.

پرسیم وتم: کاکەی قائیمقام ئەم پارەیە چۆن دابەشبکەم، چ جۆرە رێنوێنییەک و رێوشوێنێکتان هەیە، لەم بارەیەوە وتی: کاکە لەناوچەی تۆدا دوو رێکخراو هەیە، یەکێکیان (گەنجان) ئەویتریان (لاوان) ئەو پارەیە بدە دەست ئەو دوو رێکخراوە ئەوان دەزانن چۆن دابەشی دەکەن.

کە هاتمەوە لە قەڵادزە بۆ بنگرد و پارەم لەگەڵ خۆم هێنا، نوێنەری ئەم دوو رێکخراوە، کە دوو مامۆستا بوون لەبەر دەرگای ماڵی بەڕێوەبەری ناحیە چاوەڕوانیان دەکرد، لەپاش چاک و چۆنی و بەخێرهاتنەوە پێم وتن: کوڕینە دەزانم چاوەڕوانم دەکەن، وتیان بەڵێ قوربان، ئەو پارەیە تەسلیم بە ئێمە بکە بە گوێرەی ئەو شێوەیە کە لە قەڵادزە دابەشکراوە بەسەر ئەو دوو رێکخراوەدا.

وتم باشە بەیانی وەرن بۆ دائیرە قسەیەکی لێدەکەین، بەڵام من هەستمکرد، کە ئەم دوو مامۆستایە، کە نوێنەری ئەم دوو رێکخراوەیەن چاویان لەم پارەیەبوو، کە بەسەر ئەندام و تاقمی خۆیاندا دابەشبکرێت، هەر شەو لە ماڵەوە فەرمانێکی ئیداریم نووسی لیژنەیەکم بە سەرۆکایەتی خۆم و ئەندامان (کاتب ناحیە، مەئموری مەرکەزی ناحیە، کاتبی بەلەدیە، کاتبی نفوس، موختاری ئەو دێیانەی زەرەرمەندن و هەروەها ئەو دوو مامۆستایە، کە نوێنەری هەردوو رێکخراون) دروستکرد.

واتە فەرمانەکە بریتیبوو لە هەشت کەس، بۆ بەیانی فەرمانە ئیدارییەکەمئیمزاکرد، نوسخەیەکم دایە دەست هەر ئەندامێک، بەڕاستی دوو مامۆستاکە سەریان سوڕما، وتیان ئەی پارەکە بۆ تەسلیم ناکەیت، ئینجا وتم چاوەکەم من دەنێرم بەدوای ئەو کەسانەی، کە لیستەموەرگرتووە، زیانیان بەرکەوتووە، هەر کەسێک لەبەرچاوی ئێوە حەقی خۆی وەردەگرێت، مەحزەرێک دەکەم هەموو ئیمزای دەکەین، کە ئەو پارانە تەسلیم کراوە بەو کەسانە، بێجگە لەوەی، کە بەشیان لەو گەنمەی، کە بۆیان تەرخانکراوە دەدرێتێ.

وتیان لە قەڵادزە هەموو ئەندامانی گەنجان دینارێک وەردەگرن، هەر ئەندامێک لە لاوان ئەوانیش دینارێک وەردەگرن، قائیمقامی قەڵادزە وای دابەشکردووە، تۆش دەبوایە ئەوەت بکردابایە، وتم: قائیمقام بەرپرسە لە ئیشی خۆی و منیش لە ئیش و ویژدانی خۆم بەرپرسم.

پارەتەرخانکراوەبۆئەوکەسانەی، کە زیانیان لە تەرزەو باران و لافاو بەرکەوتووە، پارە نادەم بە قوتابیانی مەکتەب، ئینجا ئەمە شێوەیەک بوو لە کردەوەی چەند نەزانێک، کە دەیانویست دەستبخەنە کاروباری ئیدارەوە، کە دەڵێم کارمەندی ئیداری بە عەقڵێکی ئیداری دەتوانێت خزمەتی هاووڵاتیانی خۆی بکات، بەمەرجێک کەس نەکات بە دوژمنی خۆی و لەسەر عەدالەت کاربکات، بە ئامانجێکی بەرزەوە خزمەتی خەڵک بکات.

هەروەها دەمەوێت شێوەیەکی دیکەتان بۆ روونکەمەوە، کە لەو ساڵەدا روویدا یەکێ لە ئەفسەرەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هاتە ناوچەی قەڵادزە، ئەم ئەفسەرە کورد بوو، کە گەیشتە ناوچەی قەڵادزە هەموو خەڵکەکەی بە ئاغاو شێخ و کاسبکار و دانیشتوانی شارەکە کۆکردەوە.

وتارێکی بۆدان بە ئاشکرا لەناو خەڵکەکەدا بڵاویکردەوە، کە ئەی میللەتی پشدەر من هاتووم نوێنەری زەعیم عەبدولکەریمم، کە پێتان رابگەینم لەمەودوا زەوی ئاغا بە گوریس بەش دەکرێت، ئاغا نەما، زەمانی دەرەبەگ رووخا، لەمەودوا یاسای چاکسازی کشتوکاڵی جێبەجێ دەکرێت، ئەمە نامەیەکە بەدەستمەوە، کە زەعیم منی تەحویل کردووە ئەم قسانەتان پێبگەینم.

وا رێککەوت ئەورۆژە دەبوایە برۆیشتمایە بۆ قەڵادزە، بۆئەوەی مووچەی مەئمورەکانم بهێنایە، لە رێگادا تەسادفی ئەم ئەفسەرەم کرد، چەند چەکدارێکی لەگەڵدابوو، لە دوو سێ جێب (ئۆتۆمبێل)، کە چاوی بەمن کەوت منی ناسی و وەستا و وتی: بەم نزیکانە بەدەستمەوەیە بێم بۆلای تۆش بۆ بنگرد، رۆیشت.

کە گەیشتمە قەڵادزە بینیم شار خرۆشاوە، قائیمقام و حاکم و مقەدەم لوا، کە بەرپرسی عەسکەری بوو، لە نادی قەڵادزە زۆر مات و عاجز دانیشتبوون، وتم چی قەوماوە؟ هەموویان وتیان ئەفسەرێکی عەسکەری هات ئەم قسانەی کرد، کە لەمەوبەر بۆم باسکردن، بەبێ ئەوەی ئەهەمیەت بدات بە ئێمە خەڵکی کۆکردەوە ئەم وتارەی دا، ئێمەش نازانین چی بکەین.

مقەدەم لیوا وتی: ئەو کابرایە رەئیسە، من موقەدەمم دەبوایە بەپێی رێوشوێنی عەسکەری بهاتبایە بۆلای من، قائیمقام وتی منیش رەئیسی یەکەی ئیداریم واباش بوو سەلامێکی لێم بکردابایە پێش ئەم قسانە، نازانم بۆچی وابێت.

ئەی تۆ دەڵێی چی جەنابی بەڕێوەبەری بنگرد، وتم: ئەم ئیشە لای من زۆر ئاسانە چونکە ئەگەر ئیشەکە وابڕوات، واتای ئەوەیە ئێمە جێگامان نەما لەو ناوچەیە، واتە ئیدارە بایەخی نەما و دەبێتە کوشتن و بردن و تاڵان و ئاژاوە و نارەحەتی بۆ میللەت، ئاغا چۆن قبوڵ دەکات جوتیار تەعەدای لێبکات.

هەر کاتێک قانوونی چاکسازی کشتوکاڵی هاتە کایەوە، هەموو کەسێک مل شۆڕدەکات بۆ قانون کێ دژی قانون وەستا ئەوسا سزا دەدرێت.

بەڵام ئەوەی ئەو زابتە وتوویەتی ئەرزی ئاغا بە گوریس بەش دەکرێت، ئەوە قسەیەکی پروپوچە و قسەی مرۆڤێکی نەخوێندەوارە، ئەگەر ئەوە راست بێت و زەعیمی مەسئولین ئەوەی وتبێ، عەیبە بڵێن ئێمە کارمەندی ئیدارین، من خۆم هەر بە کارمەندی ئیداری نازانم، کە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەم کارەم لێبسەنێتەوە، بەس ئەگەر قانوون نەبێت یان خانەنشین بم یان دەست لەکار بکێشمەوە.

کە وایلێهات من پێشنیازم ئەوەیە من لەگەڵ قائیمقام بچین بۆ سلێمانی، بۆ دیداری موتەسەرفی سلێمانی، کە "عادل جەلال" بوو، ئەوسا ئەو بابەتەی بۆ باس بکەین، بزانین چی دەڵێت بەرامبەر بەم کێشە گەورەیە، کە کاکی ئەفسەر، لە ناوچەکەی ئێمەدا دروستی کردووە.

خۆ ئەگەر قائیمقام لە گەڵمدا نەیێت مانعم نییە من بە تەنیا خۆم بچم چاوم پێی بکەوێت و ئەم کێشەیە چارەسەربکەم، قائیمقام ناچاربوو لەگەڵم هات، کە بچین بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی متەسەرف ببینین.

هەردووکمان چووین بۆ سلێمانی بەبێ ئەوەی متەسەریف ئاگاداربکەینەوە، کە چووینە لای متەسەریف وتی (بەە بەە) قائیمقام و بەڕێوەبەر شوێنی خۆیان چۆڵکردووە، چییە مەسەلە؟ بە تووڕەبوونەوە وەڵامیم دایەوە و وتم: جەنابی موتەسەریف کێشەیەکمان هەیە ئەگەر گوێمان لێدەگرێت هاتووین چارەسەری بکەین، وتی: دانیشە قسە بکە بەڕێوەبەر ی بنگرد.

هەموو ئەو کێشانەی، کە ئەفسەرەکە دروستی کردبوو هەموویم بۆ گێڕاوە و تێم گەیاند، جەنابی موتەسەریف، ئەگەر ئەمە راست بێت ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر ئەوەدا ناشکێت، دەست بەجێ وتی (حەی حەی) ئێمە شۆڕشمانکرد و زابتی ئەحرارین، ئەم جۆرە ئەفسەرە هەتیوانە سینگ دەردەپەڕێنن و خۆیان بخەنە پێشەوە، هەر لەبەر چاوی ئێمە دەستی دایە تەلەفۆن و قسەی لەگەڵ زەعیم "عەبدولکەریم قاسم" کرد، وتی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی بنگردم لەلایە ئەمە قسەکانە، ئەویش خوا هەڵناگرێ وتی: ئەم قسانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئیدارییەکان لەسەر سوڵتە و ئیدارەی خۆیان بڕۆن و دەستبەجێ کابرای ئەفسەر لە هەر شوێنێکە بیگرن و بیهێنن بۆ ئیمرەی ئیدارە، ئاوا ئەم کێشەیەمان چارەسەرکرد، بەهەمووهێزێکمانەوەهەوڵمان دەدا هیچ کێشەیەک روونەدات، یاسا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پراکتیک بکرێت و لە هەموو ناوچەکەدا ئەمن و ئاسایش هەبێت.

بەشی هەشتەم

---

## با هەبێ (٢٠)

## کوردو مافی "کەر"و "پشیلە"

هیچ کەسێکم نەبینیووە وەکو هاوڕێی ئازیز "بەکر ئیبراهیم- پێشکەکاری بەرنامەی (ئەمرۆی کوردستان) لە سەتەلایتی نەورۆز" کە مافی ئاژەڵ بپارێزێت، کاک بەکر چەند رۆژێک ماڵەکەی خۆی بۆ پشیلە چۆڵ کرد، پێتان سەیر نەبێت کە ئەم قسەیە دەکەم، پشیلەیەک لە ماڵەکەی ئەوان (زا) بوو، چەند فەرخەیەکی ببوو، ئەو نەیهێشت ماڵەوەی دەستی بدەنێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو چەند رۆژێک ماڵەکەی خۆی بۆ ئەم پشیلەیە و بێچووەکانی چۆڵ کرد و بەردەوام ماستی بۆ دەبردن، کاک بەکر خۆی ئەم شتانەی بۆ باسکردم و گوتیشی "یەکەمجار کە بانگیان کردم و گوتیان پشیلەیەک لە مەتبەخ زاوە، من چووم پشیلەکە زۆر شەرمنانە دەوری بێچووەکانی دابوو، بە چاوێک سەیری دەکردم، وەکو ئەوەی لێم بپاڕێتەوە کە دەری نەکەم، منیش تێر بۆی گریام و بڕیارم دا لەجیاتی ئەوەی ئەو دەربکەم، ماوەیەک ماڵەکەی بۆ چۆڵ بکەم".

بەڕاستی ئەم کارەی کاک بەکر مایەی پێزانینە و لە هەمانکاتیشدا مایەی سەرسوڕمانە، ئاخر من لە ناو کورددا شتی وام زۆر کەم بیستووە، هەر ئەوەم بیستووە کە ئاژەڵیان ئازار داوە و گاڵتەیان پێکردووە، تەنها دوو نموونە دەهێنمەوە، ئەویش دوو وێنەی "ڤیدیۆیی"یە کە بە مۆبایل پێیان نیشاندام و رەنگە هەمووشمان بینیبمان.



سەنگەر زراری

یەکیان ئەوەیە دوو گەنج لەسەر جادەیەکی قیر، بە ماتۆڕێک "جاشک"ە کەرێک دەرفێنن و دایکە بەستە زمانەکەشی بە راکەراکە دوایان کەوتووە و نایانگاتێ. ئەم دیمەنە کە زۆر خەمناکە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ ئاژەڵیش سۆزێکی لە رادەبەری هەیە و ئەو کەسانە ناهەقن کە ئەگەر ئینسانێک ببینن سۆزی کەم بێت و گوێ بە دنیا نەدات، پێی دەڵێن "دەڵێی کەری!!"، چونکە لەم دیمەنەدا دەبینین "کەر" چ سۆزێکی هەیە.

نموونەیەکی دیکە کەرێکی دیکەیە!! بە چەند گەنجێک کەرێک دەگرن، پەلەکانی دەبەستنەوە و لە شوێنێکی بەرزەوە هەڵی دەدەنە ناو ئاوێکەوە.

من ئەم جۆرە مامەڵانەم بینیووە لەگەڵ ئاژەڵ کردو,یانە، بۆیە سەرسامم بەو کارەی کاک بەکر کردوویەتی، ئاژەڵ هەندێ مافی هەیە کە نابێ پێشێل بکرێن، ئازاردانی ئاژەڵ کارێکە کە من پێم وایە لە ئازاردانی مرۆڤ خراپترە، چونکە ئاژەڵ ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات وەکو مرۆڤ، ئەو کەرەی کە ئەو برادەرانە هەڵی دەدەنە ناو ئاوەکەوە، یان ئەو کەرانەی خەڵکی ئێستا نازانن لە کوێوەی چۆڵاییەکان بەرەڵڵای بکەن، سەردەمێک دەوری "مۆنیکا و بی ئێم و.." ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانی ئێستایان بینیووە. ئێستا قەیدی ئەوە ناکات فەرامۆش کراون، بەڵام لەپای چی ئازار بدرێن؟!

چاڵاکوانانی بواری مافی ئاژەڵ پێیان وایە: ئاژەڵ موڵکیەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو خاوەنی موڵکیەتێکی گشتین و لایەنێکی مەعنەوی و یاساییین لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کەواتە کە ناشیانپارێزن بۆ مافیان دەخۆن خۆ موڵکی ئێوە نین؟!

---

## پرسە

پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە، خزم و دۆستان و زانکۆی سەلاحەدین و کۆلیژی زمان و مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی دەکەین، بە بۆنەی کۆچی ناوادەی نووسەر و رۆژنامەنووس و لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد. کە لە بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممەی ٢٠٠٩/٤/١٩ لە هەولێر ماڵئاوایی یەکجاری لە هەموو لایەک کرد.

لەگەڵ دڵدانەوەی دۆستانەمان بۆ بنەماڵە و کەس و کاری کۆچکردوو هیوادارین دوا کۆستیان بێ و جێگای رەحمەتیش بەهەشتی بەرین بێت.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

# فێڵەکانی جەمۆ.. هەوڵێک بۆ بە ستایلکردنی شانۆی کلتووری میللی

**ژیلوان تاهیر**

نمایشی شانۆیی (فێڵەکانی جەمۆ) لە تێکستی (فێڵەکانی سکاپن)ی نووسەری ناوداری فەرەنسی (مۆلێر) وەرگیراوە، هونەرمەندی دەرهێنەر (هیوا سوعاد) ئەم تێکستەی کورداندووە و بە بابەت و ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەستۆتەوە، لەمیانەی گەڕەکێکی کۆنی شاری هەولێر، لە کەش و هەوایەکی کۆمیدی ئامێزدا بەرجەستەی کردووە.

ئەم نمایشە لە ئێوارەی ٢٠٠٩/٤/٥ کاتژمێر "٤"ی ئێوارە لە هۆڵی "گەل" نمایش کرا، بۆ ماوەی ٥ ڕۆژیش بەردەوام بوو، لە نێوان (٤٥٠٠ تا ٥٠٠٠) بینەر ئەم نمایشەی بینی.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی و ئاماژەیە، هەر لە ڕۆژی یەکەم و ڕۆژانی دواتر بینەرێکی زۆر بەلێشاو دەڕژانە ناو هۆڵی شانۆ، جگە لە پڕبوونەوەی کورسییەکان، خەڵک بە پێوە دەوەستان بۆ بینینی ئەم نمایشە. ئەم دیمەنە وەکو فلاش باگ شانۆی ساڵانی هەشتاکانی بەبیر هێنامەوە، کە بینەر هێندە عەشقی شانۆ بوو، زۆرجار لە پێناو چوونە ژوورەوە و بینینی شانۆییەکە دەرگای چوونە ژوورەوەی هۆڵی گەلیان دەشکاند، چونکە تینووی شانۆ بوون.

کەچی بە پێچەوانەوە لە دوای ڕاپەڕین شانۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەماوەری نەما، بزووتنەوەی شانۆی کوردی هێزی لەبەر بڕا، ئەمەش بووە قەیرانێکی گەورە لە نێوەندی هونەری شانۆ لە سەرجەم شارەکانی کوردستان، خەمخۆرانی شانۆ هەوڵی زۆریان دا، بارەکە ڕاست بکەنەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ سوود بوون، هەر لەم پێناوەدا چەند کۆڕ و سیمینار و توێژینەوە ئەنجام درا بۆ ئەوەی شانۆ لەم قەیرانە ڕزگاری ببێت، هەر بێ ئەنجام بوو، چونکە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی، ڕەشبینی دروست کردبوو، ژیان ئاڵۆز بوو، کە ژیان ئاسایی و سەقامگیر نەبێت، بێگومان شانۆش ئاسایی نابێت، چونکە ژیان و شانۆ هەڵقووڵاوی یەک سەرچاوەن. نکۆڵی لەوەش ناکرێ شانۆڤانان دەستەو وەستان نەوەستان، ڕاپەڕین بەرهەمی زۆر جوانیان بە شانۆ بەخشی، گرنگترینیان دامەزراندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە شاری هەولێر و دهۆک و کۆیە و کفری و ڕانیە، شانۆڤانی گەنجی بە توانای هێنایە نێو نێوەندی شانۆیی.

هەر بە درێژایی ساڵانی دوای ڕاپەڕین چەندین فێستیڤاڵی شانۆیی سازکرا، ژمارەیەکی زۆری شانۆیی پێشکەش کرا، بەڵام چونکە پڕۆگرامێکی داڕێژراو نەبوو، شانۆ لە پێناو مانەوەی شانۆ بوو، نە تیپە شانۆیی و نە دەرهێنەرە شانۆییەکان ستایلێکی دیاری کراو و بەرنامەیەکی داڕێژراویان نەبوو، بۆیە بەرهەمە شانۆییەکان نەبوونە شێوازێک بۆ ناسنامەی شانۆی کوردی. تەنها ستایلە شانۆییە ئاهەنگ سازییەکەی مامۆستای هونەرمەند "ئەحمەد سالار" نەبێت، کە ساڵی (١٩٨٦) یەکەم نمایشی شانۆی ئاهەنگسازی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) نمایش کرد، کە بە ستایلی تایبەت بە خۆی پێی ناسراو تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە لەسەری.

هەر بۆیە پێویستە ئەمڕۆ لە شانۆی کوردیدا ستایلی جۆراوجۆر دروست بێت، هەڵبەتە هەر لە شانۆی گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ، شانۆ بەردەوام ستایلی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەپێی سەردەم و قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، خۆ ئەگەر ستایل دروستکردن لە ژێر کاریگەری هەر ستایلێکی ئەوروپی یان ڕۆژهەڵاتی بێت دیسان سەرئەنجام دەبێتە بەرنامەیەکی سنوور دیاریکراو، گەر هونەرمەندی شانۆ پەیڕەوی بکات.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە لەم نووسینەدا، کە دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر شانۆیی (فێڵەکانی جەمۆ)یە کە هونەرمەندی دەرهێنەر "هیوا سوعاد" ئەوە دووەم بەرهەمی ئەو هونەرمەندەیە، کە دەیەوێت ستایلێک بدۆزێتەوە و بەردەوام بێت لەسەری، کە دەتوانرێ ناوبنرێت بە شانۆی (کەلتووری میللی) هەرچەندە پێشتریش ئەم شێوازە، واتە تێکهەڵکێش کردنی شانۆ و هونەرە میللییەکان ئەنجام دراوە بە دەگمەن، بەڵام دیارە دەرهێنەر "هیوا سوعاد" بەدوای ستایلێکی تایبەت بە خۆی دەگەڕێت، ئەمەش مافی هەموو هونەرمەندێکە بەدوایدا بگەڕێت، چونکە لە ئاکامدا پێی دەناسرێتەوە و لە ئەرشیفی شانۆی کوردیدا جێگایەکی تایبەت بۆ خۆی تەرخان دەکات.

ئەگەر دەرهێنەر (هیوا سوعاد) بیەوێت پرۆژەی ستایل دابڕێژێت دەبێت ڕاوێژ بەو شانۆکارە خاوەن ئەزموونانە بکات، کە شارەزاییان لە ئەزموون و شێواز و ستایلی تازە هەیە، یان خوێندنەوە بۆ ستایلە تازەکان بکات، بۆ ئەوەی مۆرکێکی تازە بدۆزێتەوە، کە تایبەت بێت بەخۆی، شانۆی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی شانۆی (کابوکی) ژاپۆنی و شانۆی (چینی و هیندی) جوانترین نموونەن لە بەکارهێنانی کلتووری میللی لە شانۆدا، کە پێکهاتەی شانۆ و هونەری میللین.

سەبارەت بە ئەکتەر لە شانۆی میللیدا، لە شاری هەولێر هەر لە حەفتاکانەوە تاکو ئەمڕۆ ئەکتەری زۆر بە توانامان هەیە، کە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن و ئەم ڕۆڵەشیان گێڕاوە، هەر بۆیە بۆ ئەم قۆناغە و بۆ بەردەوام بوونی جەماوەری شانۆ لە شاری هەولێردا بە پێویستی دەزانم لەناو بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ (تیپی شانۆی کلتووری میللی) دابمەزرێت، ئایندەیەکی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بە پشت بەستن بە تێکستی کوردی، کە هەڵقوڵاوی کلتووری ڕەسەنی کوردی بن، بە تایبەتی کلتووری جارانی شاری هەولێر بە خوێندنەوەیەکی نوێ لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆ بگونجێت.

ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ نمایشی شانۆیی "فێڵەکانی جەمۆ" بکەین، دەبینین دەرهێنەر "هیوا سوعاد" بە شێوەیەکی ئەندازەیی جوان گەڕەکێکی کۆنی میللی شاری هەولێری تەوزیف کردبوو وەک نموونەیەک یان کێشەیەک، بەڵام بە وردی مامەڵەی لەگەڵ زەمەندا نەکردبوو، کەسایەتییەکان لە کەش و هەوایەکی هەولێری ساڵانی حەفتاکان، باسی ڕووداوەکانی ئەمڕۆیان دەکرد، وەکو (دیاردەی تیرۆریست، بازاڕی نیشتمان)، کە ئەوانە بابەت و نموونەی هەنووکەین، کەچی گرێی ڕووداوەکان لەسەر زاری هەردوو حاجی (عەلی ئەحمەد و نەوزاد ڕەمەزان) دەکرایەوە، کە لە مەسەلەی (ژن بە ژنی) بابەتەکان پەردەیان لەسەر لادەدرا، کە ئەمەش بابەتێکی زۆر کۆنە و ئەمڕۆ "ژن بە ژنی" باوی نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ئەکتەری ناسراوی شاری هەولێر "عەلی ئەحمەد و نەوزاد ڕەمەزان" زۆر بەجوانی وێنەی دوو حاجی بازرگانیان دەنواند و لە ڕۆڵەکانیان سەرکەوتوو بوون. سەبارەت بە ڕۆڵی "جەمۆ" کە ئەکتەری بە توانای بواری کۆمیدیا "ئەیام ئەکرەم" وەک پاڵەوانی نمایشەکە ڕۆڵی دەبینی، توانیبووی ریتمی نمایشەکە بەرەو پێشەوە ببات و چرکە بە چرکە سەرنجی بینەران بۆ نمایشەکە ڕابکێشێ و خەندە بخاتە سەر لێوانیانەوە.

دەرهێنەر سەرکەوتوو بوو لە بەکارهێنانی شێوەزاری هەولێری جاران (شارستان) لە نمایشدا، چونکە خەڵکی هەولێر حەزدەکەن کە هەندێ زاراوەی جاران بەکاردەهات پێی ئاشنا بێتەوە.

ئەگەر سەرنجی دیمەنەکان بدەین، دەبینین زۆربەیان لە شەودان، بەڵگەش بۆ ئەمە داگیرسانی گڵۆپی بەر دەرگەی ماڵی حاجییە، کەچی هەمان ئەو جل و بەرگەی ئەکتەرەکان لە ڕۆژدا لەبەریان دەکرد، هیچ گۆڕانی بەسەردا نەدەهات و شەوانیش بە هەمان شێوە دەردەکەوتن. هەروەها هەردوو ئەکتەری ئافرەتی ڕوح سووک (تارا عەبدولڕەحمان و دلڤین موحسین) زۆر بەجوانی ڕۆڵەکانیان دەگێڕا، بەڵام ئەوانیش جلوبەرگی ئافرەتی دەشتیان لەبەربوو، چونکە ئاشکرایە لە هەولێری جاران ئافرەت بە زاراوەی خۆمان "سفوور" بوونە و لەروبۆشدا عەباو پێچەیان لەبەر کردووە. سەبارەت بە ڕۆڵی ئەکتەری بە توانا (تەها ئاغاجان)، کە یەکێکە لەو ئەکتەرانەی شارەزاییەکی باشی هەیە لە تەکنیکی نواندن "حرفیە التمپیل" بە تایبەتی لەو ڕۆڵانەی مەودای نواندنی تیادا قورسە، کەچی لەم نمایشەدا کە ڕۆڵی (شەقاوە)ی وەرگرتبوو لەگەڵ بۆدی تەکنیک و مەودای سایکۆلۆژی ئەودا نەدەگونجا، بەڵام ئەکتەرەکانی تر کە ڕۆڵی ناوەندیان دەبینی توانیبوویان لە فەزای شانۆدا بەجوانی ئەدای ڕۆڵەکانیان بکەن.

ئەگەر باسی ڕۆڵی گروپی میوزیک و تیپی هەڵپەڕکێ بکەین، دەبینین زۆر بەجوانی تابلۆ میللییەکانیان ئەنجام دەدا، گڕوتین و وزەیان بەخشی بووە نمایشەکە، بینەر هەستی بە گۆڕان دەکرد، لە هەندێک دیمەنی سەرەتادا بەیەک بەستنەوە نەبوو لەڕووی بابەت و چنین و ململانێ لەنێوان ڕووداوی درامی و تابلۆی سەما ئامێزدا، بەڵام لە دیمەنەکانی کۆتاییدا بەیەک بەستنەوەی بابەتی هەبوو.

بەگشتی ئەگەر دەرهێنەر بەدوای ستایل بگەڕێت، دەبێت توێژینەوەیەکی هونەری لەسەر مەودای بەکارهێنانی هونەری شایی و سەمای کلتووری بکات، چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەو پرۆژەدا، کە بە پەیوەندییەکی درامی داڕێژراو بەرجەستە بکرێن لە فەزای نمایشدا، کە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا یەکەی درامی پێک بهێنن، تاکو ئاهەنگە کۆمیدییە میللییەکە هاوتەریب و هاوکێشەی بازنەکە بەیەک بگەیەنن.

ئەگەر بێینە سەر باسی بینەر.. بە گشتی بینەر و جەماوەری ئەمڕۆ حەز لەم جۆرە کارانە دەکات، شانۆیەکی دەوێ، خەندە بخاتە سەر لێوانییەوە، پێ بکەنێ، خەم و پەژارە لەبیر خۆی بباتەوە، بەڵام دەبێت بینەر فێربکەین لە ئاستێکی فیکری و هونەرییە بە شانۆ ئاشنا بێت. خاڵی گرنگیش لەوەوە دەست پێ دەکات پسپۆڕی بدەین بە هۆڵەکان، دەکرێت شانۆییە ئەزموونییە فیکرییەکان لە هۆڵی جیا لە هۆڵی (گەل) نمایش بکرێن، تاکو بینەر ڕابهێنین کە هۆڵی (گەل) تایبەتە بە نمایشی جەماوەری، تاکو ئەم جەماوەرە شانۆییە لە دەست نەدەین.

لەڕووی هونەرییەوە، دیکۆر و ئێکسسوار زۆر واقیعی بوون، بەڵام دەرهێنەر زیاتر تیشکی خستبووە سەر پانتایی واقیع، واتە دروستکردنی ئاهەنگێکی میللی کۆمیدی تەعبیری بە بەشداری ئەکتەر و تابلۆی میللی سەماساز، لەناو کەش و هەوایەکی واقیعیدا.

ئەوەی ماوە بیڵێم، هیچ ئەزموونێکی شانۆیی بەبێ کەم و کوڕی لە دایک نابێت، ئەم سەرنجانەم لەپێناو بونیادنانی هونەرێکی ڕەسەنە بۆ ئایندەی شانۆی کوردی.

پیرۆزبایی لە سەرجەم بەشداربووانی ئەم نمایشە دەکەم هەر لە دەرهێنەرەوە تا بچووکترین ئەکتەر و هونەرکار. هیوادارم لە نزکترین کاتدا بە بەرهەمی جوانتر و سەرنج ڕاکێشتر، بێنە سەر شانۆوە.



دیمەنێک لە شانۆگەری فێڵەکانی جەمۆ

# دیوار و سیاسەت و "شانۆگەری دیوار"

**عەبدولموئمین دەشتی -بەرلین**

شانۆکار نیم، بۆیە ناتوانم شانۆگەری دیوار لە ڕووی شانۆناسییەوە هەڵبسەنگێنم. لێرە دەمەوێ تەنها هەستی خۆم تێکەڵی چەند سەرنجێک بکەم، کە لە بینینی شانۆگەری دیواردا لەلام ئاوێتە بوون.

شانۆگەری دیوار لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٨ کاتژمێر حەوتی ئێوارە لە شاری بەرلین لەلایەن "گروپی گەنج بۆ شانۆ" و دەرهێنانی "کارۆخ ئیبراهیم" پێشکەشکرا. چوار لاو، ڕوبار ئیسماعیل و مەزهەرئیبراهیم و ژیار ئیسماعیل وکارۆخ ئیبراهیم ئەکتەرەکانی ئەو شانۆگەرییە بوون. موزیک کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە شانۆگەرییەکەدا هەبوو، لەلایەن هونەرمەند "کاریان شێرکۆ" سەرپەرشتی کرابوو. وەک بینەرێکی ئاسایی لای من شانۆگەرییەکە لە ڕووی تەکنیکەوە ڕۆناکی، موزیک، جوولە، دەنگ و ئاخاوتن تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، کەمێک زیاد لە پێویست بەکارهێنانی هێز لە شانۆکە هەستی پێ دەکرا، بەڵام وەک گوتم من شانۆناس نیم و جگە لەو چەند وشە چیتر باسی تەکنیکی شانۆگەرییەکە ناکەم ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە، وەک ئاوارەیەک لە مێژە هیچ شانۆگەرییێکی کوردیم نەدیوە، کە بە قەد ئەو شانۆگەرییە پتر دەست بۆ ئازارە کوشندەکانی گەلەکەمان بەرێت و بە قەد ئەوەش کاریگەری لە منی بینەرکردبێت.

پەیامی شانۆگەری دیوار زۆر ڕۆشن بوو، هەرچەندە دەربڕینەکان تا ڕادەیەک هێمایی بوون، بەڵام هێماکان مەتەڵ نەبوون و ئاسان خۆیان شیکار دەکرد. ناوی شانۆگەرییەکە پڕ بە پێستی ناواخنەکەی بوو. ڕاستە مرۆڤ لە زووەوە دیواری وەک پەناگایەک بۆ ژیان و پاراستنی خۆی بەکارهێناوە، بەڵام ئەو دیوارەی کە بووە بە هەوێنی ئەو شانۆگەرییە دیوارێکە لە چەشنی دیوارەکانی زیندان، دیوارێکە دژی ژیانی مرۆڤ بنیاتنراوە، کتومت وەک دیوارە نەفرەتلێکراوەکەی بەرلین، بۆیە لە بەرلین شانۆگەرییەکە ناوی گۆڕابوو ببوو بە "دیوار لە نزیک دیواری بەرلین".

سیاسەت بە لاتینیی پێی دەڵێن پۆلیتیک، واتە دوزینەوەی ئەو ڕێگاو چارەسەرییانەی کە ژیانێکی گونجاو و ڕەوا بۆ تێکڕای کۆمەڵگایەک دێننە کایەوە، واتە هەوڵ دەدات کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە جیاوازی بیر و بۆچوون و شێوەو ڕەگەز پێکەوە لە ناو ژیانێکی گونجاودا ئاوێتە بکات. ئەو دیوارانە بڕوخێنێت کە جیاوازی دەخەنە نێوان کۆمەڵگا. ئەدی ئەگەر سیاسەتمەداران بە ناوی سیاسەت کۆمەڵگاییەکی گونجاویان شەق و پەق کرد، گەلێکییان کرد دوو پارچەی نامۆ لەگەڵ یەکتری و دیوارێکی ئەستووریان لە نێوان دروست کرد، ئایا ئەوە زۆر هەڵە نییە، کە کاری ئەو کەسانە بە پۆلیتیک یان سیاسەت ناوبەرین، ڕاستر نییە کاری دروستکردنی ئەو دیوارانە لە هەناوی گەلێک وەک ئەو شانۆگەرییە پێمان دەڵێت، ناوبنێی تاوان هونەرمەندانی ئەو شانۆگەرییە زۆر هونەرمەندانە ئەو دیوارە قێزەونەیان بەرجەستە دەکرد، ئازار و مەینەتەکانی ئەو دیوارەیان خستە بەرچاومان، کە چۆن بووە بە بەڵاییێک بەسەر کۆمەڵگای کوردستان. ئەوەی بە چاوی دڵ، بە چاوی ژیری تەماشای ئەو دیوارە بکات، کە ئەو شانۆگەرییە باسی لێوە دەکات شەرم لە سیاسەتی ناوخۆمان دەکاتەوە. سیاسەتێک کە لە جیاتی کۆمان بکاتەوەو ژیانێکی گونجاوی هاوبەشمان پێشکەش بکات، دابەشی کردووین و دیواری لە نیوان دروست کردووین. سیاسەتێک کە ئەوە بە ڕەوا دەزانێت کۆمەڵانی خەڵکی لای خۆی لە پەنای ئەو دیوارە، بە ئارەزووی خۆی بچە وسێنێتەوەو دیوارەکەش بە بۆیەی ئازادی و دیمۆکراسی بۆیە بکات. ئەو شانۆگەرییە پێمان دەڵێت: ئێوە ئەی ئەو کەسانەی بێ دەنگن و چەپلە دەکوتن، هەر هەمووتان لە بنیاتنانی ئەو دیوارە و بەرەنجامەکانی هاوبەش و هاوکارن. بە داخەوە لەو شانۆگەرییەدا، کاتێک دیوارەکە دەرووخێت، کە کار لە کارترازاوەو دوو پاڵەوانی شانۆگەرییەکە، کە دوو شاپارچەی گەلن لە ئازاری ئەو دیوارەدا گیان لەدەست دەدەن. بەڵام ئەو مەرگەی سەر شانۆ ئاگادارکردنەوەیەکی ڕیئالیستانەیە بۆ سیاسەتمەدارنی کورد، کە گەرەکە ڕوو لە ئامانجەکانی سیاسەت بکەن و زوو هاوکۆیی بخەنە ناو کۆمەڵگا و چیتر دیوارەکان بەرز نەکەنەوە، سیاسەت ئەوەیە هەموو پێکەوە بکەونە پێشبڕکێ بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی بەختەوەری دوور لە دیوار و پەرژین و هێڵ. دەستخۆشی لە هونەرمەندانی لاوی "گروپی گەنج بۆ شانۆ" دەکەم بۆ ئەو بەرهەمە جوان و سەرکەوتوو و ئازایانەیان. ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی ئەلمانی و دەزگای بەدرخانیش، کە دەرفەتییان بۆ ئەو گروپە جوانە ڕەخساند، شایستەی دەستخۆشی و ئافەرینن.




پۆستەری شانۆگەری دیوار - ئەڵمانیا

# کەلچەری بەدرخان

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

ستافی کەلچەری بەدرخان:

عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com

سەعدوڵڵا نووری، جەوهەر شێخانی

بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن

ژمارە ٤٨ - ١١٦، چوارشەممە ٢٠٠٩/٤/٢٢ی زایینی


## بەئەسپایی

## هەژدە ساڵە!!

لەبەهاری "١٩٩١"ەوە تا ئەمرۆ گەنجێکی هەژدە ساڵی و ئاوەزێک لە هەرەت و تافی جولە و گەرم و گوڕی هاتۆتە بەرهەم و تواناییەکە دوارۆژ و چارەنووسی ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیەی پێوە بەندە، کەواتە دەکرێت بڵێین دوای ئەوەندە ساڵە، دەکرا دوور لە چاوی سانسۆر و راوەدوونان و تۆقاندن، هەنگاوی مکوم و بەگوڕترمان لە بواری نووسین و رۆژنامە و چاپەمەنی هەڵێنابوایەوە، کام کارو پرۆژەمان دەگاتە قوڵە پێی خەونەکان و پێداویستییەکانی سەردەم. کرۆکی مەسەلەکەم ئەوەیە و دەمەوێ بڵێم لەرووی خزمەتگوزاری و بواری کۆمەڵایەتی و هەندێک لایەنی رۆشنبیری و سیستەمی سیاسی هەژدە ساڵ یەکجار زۆرە و دەکرا زۆر لەوە زیاتر و قەبەو بەربڵاوتر بکرابووایە و زەمینە و پانتاییەکان بەقەد ئەو ١٨ ساڵەو بەو پێوەرەی ئەگەر تەنیا پێنج ساڵی رابردوو لەرووی خزمەت گوزارییەوە لە هەولێر بێنینە پێش چاوی خۆمان، گۆڕانی گەورە و خزمەتی زۆر لەسەر ئەرزی واقیع کرابێت، ئەدی ئەگەر هەژدە ساڵەکە هەموو خزمەت و جموجۆڵ و مشووری



عەبدولڕەحمان مەعروف

خواردن و خەمی پێشخستن و سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ئاست خەونی تاک و کۆمەڵگا بوایە، وەک دەڵێن ئەوسەری دیار نەدەبوو، بەڵام لەو رووەی بمانەوێ دابڕانی مەعریفی، کلتووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، خوێندن و زانکۆکان، مافی مرۆڤ، بە هەژدە ساڵ جوولەی گەورە و گۆڕانیان تێ بکەوێت، لە قۆناغێکەوە بپەڕینەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، وەک ئەوەی بۆچوونێک دەڵێت راپەڕین دابڕانی مەعریفی دروستکردووە و ئەو پەڕینەوە و دەربازبوونە لە رابردوویک، پێم وایە ئەوە هیچ دابڕان نییە، بەڵکو ئێمە لە قۆناغی گواستنەوە داین، قۆناغی گواستنەوەش چۆن پەیژەی خۆی هەیە، رەهەندی جیاو تایبەت و وێستگەی خۆی هەیە.. ئەو هەژدە ساڵەش یەکجار کەمە بۆ ئەو دنیایەی یان بۆ ئەو خوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و ئەوروپا نانی خۆیانی لەسەردەخۆن. عەلی وەردی کاتێ باس لە تاکی عێراقی دەکات، دەڵێت: هەرچەندە لەڕووی سیماو رواڵەتەوە پێشکەوتووە، بەڵام کە دەگاتەوە سەر هەندێک داب و بواری کۆمەڵایەتی، دەبێتە سارانشین و گوندنشین، ئێمە یادەوەریمان گوندنشینییە، هەرگیز نەبووینەتە تاکێکی شارنشینی پێشکەوتوو. یادەوەرییەکانمان گەڕانەوەیە بۆ حەسارەکەی شێرزاد حەسەن. سێبەری باوکمان، باپیرەمان، دوێنێشمان هەژموونی بەسەرماندا کردووە و نەمانتوانیوە دابڕان دروست بکەین، چونکە لە راستیدا بۆ هەریەک لەم دابڕان و لەریشەوە گۆڕان و گەیشتن بەو شەفافیەت و دیموکراسی و کۆمەڵگای تەکنۆکرات و کرانەوە بەرووی دەرەوە و ئازادی رەهاو.. وەک ئەوەی هەندێک دەڵێن لێرە ئازادی نییە، نەخێر ئازادی رادەربڕین هەیە و رەنگە لەزۆر شوێن و وڵاتانیش ئەو ئازادییە نەبێت، بەڵام لێرە لە کوردستان ئازادی راگەیاندن رێک نەخراوە و سیستماتیک نەکراوە. بۆ نموونە لە راگەیاندن سیستمی ئەتەکێت هەیە، من ئازادم لەوەی لە رۆژنامەکەم چ مانشێتێک هەڵدەبژێرم، بەڵام بەرپرسیشم بەیانی باجەکەی بدەم...

لەوەدا نووسینەکەم کورت دەکەمەوە، ئەگەر ١٨ ساڵ لە هەندێک بوار بە دیوێکیان لە تەمەنمان قرتابێت و زۆر بێت، ئەوا بۆ دیوەکەی دیکەیان چەندین ١٨ ساڵمان گەرەکە بۆ دابرانێکی مەعریفی و پەڕینەوە لە قۆناغی گواستنەوە و ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردی بەرەو...

# رۆژنامەی کوردستانی دایک لە رووی دیزاینەوە


کردستان
بسم الله الرحمن الرحيم

ئارام خالید*

لە ئەنجامی وردبونەوەو لێکۆلینەوەم لە سەر دیزاینی (٣٠) ژمارەی رۆژنامەی کوردستان، ئەو چەند تێبینی و سەرنجانەی لای خوارەوەم بۆ دەرکەوت، کە لە خوارەوە بەدرێژی باسیان دەکەم، ئەوسەرچاوەی کە لێکۆلینەوەم لەسەری ئەنجام دا، بریتی بوو لەکۆکراوەی سەرجەم رۆژنامەی کوردستان جگە لەژمارە (١٩)، کە تاکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی (بەدرخان)ە، کە لە لایەن د.کەمال فوئاد کۆکراوەتەوە.

بە گشتی رۆژنامەی کوردستان لە چوار لاپەرە پێکهاتووە، قەبارەی لاپەرە (٢٥، ٥٠ ×٥٠، ٣٢) سم، وەکو هەموو رۆژنامەکانی تری ئەو کاتە بەپیتی قورقوشمی کۆکراوەتەوە و کاری تێدا کراوە، شێوەی نووسینی رۆژنامەکە بە پیتی عەرەبی لەسەر تەرزی فارسی بە زمانی کوردی زازاکی، کرمانجی سەروو و شێوەی جەزیرە و بۆتان نووسراوە.

ئەم رۆژنامەیە لە وڵاتی جیاجیا چاپکراوە، سەرەتا لە قاهیرە و دواتر جنێڤ و لەندەن و فۆلکستۆن، دووبارە لە چاپخانەی (الهلال) لە قاهیرەی میسر چاپ کراوەتەوە.

دەمەوێت بەپێی رێزبەندی ژمارەکان شیکردنەوەکەم دەست پێبکەم، بۆیە لە ژمارە (١)ەوە دەست پێدەکەم..

ئەم ژمارەیە لەچوار لاپەرە پێکهاتووە، بابەتەکانی بەدوو کۆلۆم دابەشکراوە بەشێوەی ستوونی، کە پانی هەر ستوونێک (١١) سمە، کەواتە بەهەردووکیان (٢٢)سم. قەبارەی لاپەرەیەک (٣٢) سم درێژی و (٢٣)سم پانییەتی. رووی لاپەرەی یەکەم دابەشکراوە بۆ چوار بەش، (٥، ٢) سم.

بەشی لای سەرەوە دوو هێڵی تەریب ستوونی رەش کێشراوە، ناوی (رۆپرو سالای عولی و عدد ١)ی تێدا نووسراوە، لە نیوەی کەمتر تەرخان کراوە بۆ ناوی رۆژنامەی (کوردستان)، کە لە (٩)سم پانی پێکدێت. ئەوانی تریش لۆگۆی رۆژنامەی کوردستانی لێ نووسراوە.

رۆژنامە و ناوی سەرپەرشتیاری کە لەلای چەپی رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم رۆژنامەیە بەبێ پارە لەکوردستان بڵاودەکرێتەوە.

لەژێرەوە دوو جووت هێڵی باریکی تەریب دەبینرێت، کە رۆژو ساڵی هیجری و ساڵی رۆمی لێ نووسراوە.

بە پانی (١ سم)، رووی ناوەراستی رۆژنامەکەش دابەشکراوە بۆ دوو کۆلۆم، بە شێوەی ستوونی بابەتەکانی تێدا نووسراوەتەوە، پانی هەرلایەکیان (٥، ١١ سم) و (١٩)سم درێژییە.

لاپەرەی دووەم و سێیەم (٣)سم وەرگیراوە بۆ ژمارەی لاپەرەکە، ئەوی تریش دابەشکراوە بۆ دوو کۆلۆم، کە درێژی هەریەکێکیان (٣٠) سم و (١١، ٥ ) سم پانیەتی، بەڵام لاپەرەی چوارەم جیاوازی هەیە وەک دوو هێڵی سەرەوە باریک ترو هەندێک زەخرەفی تێدایە بەپێی بابەتەکان، لەلای خوارەوەشدا ناوی چاپخانەی (الهلال) نووسراوە. وەک لەم وێنەیە دیارە:

ژمارە (٢)

بەهەمان شێوەی ژمارەی پێشتر دیزاینی بۆ کراوە، جگە لە هەندێک گۆڕانکاری لە بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەم نەبێ، کە دوو جووت هێڵی رەشی تەریبی ئاسۆیی دەگۆڕێت بۆ دوو جووت هێڵی باریک، کە لە سەر ئەوهێڵانە (عدد و سالاعولی و روپر)نووسراوە. گۆڕانکاری دووەم وشەی (عنوان) لادەچێت لەلای چەپی سەرەوەی رۆژنامەکەدا.

بەڵام پێوانەی کۆڵۆمەکان وەکو خۆی ماوەتەوە.

ژمارە (٣)

لەم ژمارەیەدا لە بەشی سەرەوەی رۆژنامەکە وشەی (عدد) دەگۆڕێت بۆ وشەی (رۆپر). هەندێک زەخرەفەش زیاتر دەبێت، کە لەژمارەکانی پێشووتردا نەبووە. گۆڕانکاری تریش وشەی [کردستان]ە، کە لە ستوونی سەرەوەی لاپەرەکان لە ناو دووکەوانەی زەخرەفییەوە دەنووسرێ.

ژمارە (٤)

لەم ژمارەیەدا گۆڕانکاری کەمتر دەبینرێت تەنیا لە دوا لاپەرەدا نەبێ، کە ناونیشانی چاپخانەکە دەگۆڕێت لەچاپخانەی (الهلال) بۆ (المصری مگبعا جریدیا کردستان گبع بیە).

ژمارە (٥)

هەر وەکو ژمارەی چوار دیزاینی بۆ کراوە گۆڕانکارییەکان تەنیا لە بابەتدا بووە و بەس.

ژمارە (٦)

لەم ژمارەوە (عەبدولرەحمان پاشا)ی برای (میقداد مەدحەت بەدرخان) سەرپەرشتی رۆژنامەی کوردستانی کردووە، هەندێک گۆڕانکای لە دیزاینەکەیش کردووە، وەک ناونیشانی ساڵ ومێژوو، تۆخ بوونی هێڵی ژێرەوەی پانییەکەی دەگۆڕێت بۆ (٥، ١سم)، وشەی (عدد) زیاد دەبێ لەلای سەرەوەی رۆژنامەکە، شێوەی کۆڵۆم و ستوونەکان نەگۆڕاون، هەروەها ناونیشانی چاپخانەکەش لە (مگبعاجمعیتا تفاق و قنجیامسلمانا گبع بیە)دەگۆڕێت بۆ (المصری مگبعا جریدیا کردستان گبع بیە).



ژمارە (٧)

گۆڕانکاری لە شوێنی نووسینی مێژوو و رێکەوت و ساڵدا دەکرێت و دیزاینی دەگۆڕێت، کە لەژمارەی پێشتر ئەم ناونیشانە لەناو دوو هێڵی تەریبی تۆخ دەنووسرا، بەڵام لەم ژمارەیەدا شوێنی مێژووەکە دەگۆڕێت و دێتە ژێر دوو هێڵی تەریبی باریکتر، جیاواز لە ژمارەی پێشتر. رۆژو رێکەوتەی دێتە دەرەوەی دوو هێڵەکە و هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە نییە لە نێوان بابەت و ناونیشانی ساڵ و رۆژدا . وەکو ژماەکانی پێشتر.

ژمارە (٨)

بەڵام لەم ژمارە یە شوێنی رۆژو ساڵ دەگۆڕێتەوە دەکەوێتە نێوان دوو جووت هێڵی تەریبی رەشی باریک لەسەرەوە و دوو جووت هێڵی تۆخ لەخوارەوە، ئەمجارە گۆڕانکاری لە بەشی سەرەوە دەکرێت، لەژێر نووسینی (سالاعولی) دوو جووت هێڵی باریک نامێنێ. واتا درێژی ناونیشان دەبێتە (١٢)سم.

ژمارە (٩)

هەروەکو ژمارەی (٨) تەنیا فۆنتی نووسین بچووکتر دەبێتەوە ئەویش لە لاپەرەی (١و٢و٣)دا، چونکە بابەتی زیاتری تێدا بڵاوکراوەتەوە .

ژمارە (١٠)

لەم ژمارەیەشدا شوێنی دیزاینی رۆژ و ساڵ دەگۆڕێت، دەکەوێتە نێوان دوو جووت هێڵی باریک بەپێچەوانەی ژمارەی پێشتر، فۆنتی نووسینی لاپەرەی (١و٢و٣) بەباریکتر دەنووسرێت، جگە لەمانە زەخرەفە کەمتر دەبینرێت لەناو بابەتەکاندا.

ژمارە (١١)

ئەم ژمارەیەش لەرووی دیزاینەوە وەکو ژمارە (٨) دیزاینی بۆ کراوە جیاوازی و گۆڕان تەنیا لە بابەتدا هەیە .

ژمارە (١٢)

ئەم ژمارەیەش دیزاینی وەکو ژمارە (١٠)یە، بەڵام لە لاپەرەی (١ و٢ و٣)دا نووسین بەفۆنتێکی وردتر نووسراوە .

ژمارە (١٣)

ئەم ژمارەیەش وەکو ژمارەی (١١) جیاوازە لەگەڵ ژمارەی پێش خۆی، لەرووی دیزاینی لاپەرەکانی ناوەوەش هیچ گۆڕانکاری نوێی تێدا نییە.

ژمارە (١٤) وەکو ژمارەکانی (١١ و ١٣و١٥)یە دیزاینی نەگۆڕاوە .

ژمارە (١٦)

گۆڕانکاری زۆر کراوە لەم ژمارەیەدا وەک نووسینی وشەی کوردستان بەپیتی (ئینگلیزی) نووسینی ئەدرێس (ناونیشان)ی شوێنی دەرچونی رۆژنامە بەم شێوە ((Adresse. Rue GEVE de Garouge n٧ Suisse))) واتا گۆڕانکاری زیاتر لە لۆگۆی سەروودا کراوە، نەک لە لاپەرەکانی تر، چونکە وەک ژمارەکانی تر نەگۆڕاوە.

ژمارە (١٧)

بابەتەکان بە فۆنتێکی وردتر نووسراون، ئەم ژمارەیە لە وڵاتی سویسرا چاپکراوە وەک لە ژێر لۆگۆی رۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کراوە.

ژمارە (١٨)


کردستان
KURDISTAN

لۆگۆی وەک ژمارە (١٧) هیچ نەگۆڕاوە. جگە لە گۆڕانی بابەتی نەبێ، کە بەفۆنتێکی بچووکتر لە ژمارەی پێشوو نووسراوە.

ژمارە (١٩) تاکوئێستا نەدۆزراوەتەوە .

ژمارە (٢٠)

لەم ژمارەیەدا لاپەرەی رۆژنامە دابەشکراوە بۆ (٣) کۆڵۆم واتا بە سێ ستوون بابەتەکان نووسراون، جیاواز لە ژمارەی پێشتر، پانی هەر کۆڵۆمێک (٦) سم-ە، هەروەها گۆڕانکاری لە نووسینی کوردستان بە پیتی ئینگلیزی کراوە، ئەویش بە گۆڕینی فۆنتی نووسینەکەی، کە هەندێک پانتر نووسراوە.

گۆڕانکارییەکی دیکەش لەم ژمارەیەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دووهێڵی باریک بەژێر وشەی (عدد) دادێت و وشەی (سالی اوەلیش) دەگۆڕێت بۆ ساڵی (دوهویی) لەم گۆڕانکارییانەش شتێکی نوێ زیاد دەبێت، ئەویش ژمارەی سندوقی پۆست لەژێرەوە ناوی (پاشازادە عبدالرحمن) دەنووسرێت بەم شێوەیە (٦٧٩)قاهیرە، جگە لەمانە ئەدرێسی ژێرەوە ناوی کوردستان بە پیتی ئینگلیزی دەگۆڕێ و دەبێتە (Egypte) .

١٢

ژمارە (٢١ و ٢٢) بەهەمان دیزاین چاپ کراون بەبێ گۆڕانکاری، جگە لە بابەت نەبێ، کە بابەتی جیا لە ژمارەی پێشوو دانراوە.

ژمارە (٢٣)

هەندێک گۆڕانکاری هەیە لەسەر رووپەری لای سەرەوەی رۆژنامەکە و گۆڕانکاری لە ئەدرێسی ئینگلیزیدا دەبینرێت و ناوی(Egypte) دەگۆڕێ بۆ (Caire)هەروەها لەسەر وشەی (٨٠ غوشدر) وشەی (٥٠ سنەلک ابو لەیدلی) زیاد دەبێت.

ژمارە (٢٤)

دیسان گۆڕانکاری روویداوە لە دیزاینی رۆژنامەی کوردستان، لەپێش سەرووتار (اعلان)ێک بڵاوکراوەتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات لەم ژمارە بەدواوە رۆژنامەی کوردستان مانگی یەک ژمارەی لێ چاپ دەکرێت. واتا دەبێتە بڵاوکراوەیەکی مانگانە (مانگنامە).

گۆڕانیکی دیکە ناوی کوردستان بەپیتی ئینگلیزی نامێنێ، شوێنی ئەدرێس دەگوازرێتەوە بۆ لای چەپی لای سەرەوەی رۆژنامە، کە هەر بە پیتی ئینگلیزی نووسراوە، بەڵام بەسەریەکتر جیاواز لەجاری پێشتر، لەجیاتی سالا دوومن ئەوجارە دەنووسرێت (اژینە).

جگە لەو گۆڕانکارییانە ئەوجارە شێوەی نووسین لە چوار کۆلۆم دەبێتەوە بە دوو کۆلۆم، واتا بە دوو ستوونی بابەتەکان بڵاودەکرێنەوە، لەلایەک وشەی (رۆپر) دەنووسرێت لە لاکەی تریش وشەی (صحیفە) دەنووسرێت، زەخرەفە زیاتر دەبێت چونکە هەست دەکرێت سادەیی پێوە دیارە لەرووی دیزاینەوەجیاوازترە لەژمارەکانی پێشتر. وەک لە ئەدرێسەکەدا نووسراوە ئەم ژمارەیە لە لەندەن چاپکراوە.

ژمارە (٢٥)

لەم ژمارەیەشدا لەسەرەوە وشەی (عدد ٢٥) نووسراوە، لە ناوەراستیش لەناو دوو کەوانەی زەخرەفییەوە وشەی [سالا سیس] نووسراوە. وشەی کوردستان بەپیتی ئینگلیزی دەنووسرێت بەشێوەیەکی باریکتر لەوەی پێشتر، ئەم ژمارەیە لە شاری فۆلکستۆن دەرچووە، شوێنی ئەدرێسیش دەگۆڕێت، چونکە ئەو ژمارەیە لە وڵاتێکی تر چاپکراوە. هەمان ولاتی لێ دەنووسرێت واتا فۆڵکستۆن، کە رۆژنامەکەی تێدا چاپ کراوە.

لاپەرەکانیش بە دوو کۆڵۆم یان دوو ستون دابەش کراون، بابەتەکانی تێدا نووسراون



و زەخرەفەی ئیسلامی تێدا بەکارهاتووە.

ژمارە (٢٦ و ٢٧) وەکو یەکترین لە رووی دیزاینەوە گۆڕانکارییان تێدا نییە .

ژمارە (٢٨ و ٢٩)

شێوەی نووسینی وشەی کوردستان بە پیتی ئینگلیزی فۆنتەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەن لەگەڵ شێوەی نووسین، ئەدرێسیش گۆڕاوە.

بەڵام ستوونی بابەتەکان هەروەک خۆی ماوەتەوە. هەندیک بابەت بە فۆنتی وردتر نووسراوەتەوە.

ژمارە (٣٠ و ٣١)

ئەم دووژمارەیە لە سویسرا چاپ کراون وەک لە سەر رووپەری رۆژنامەکە نووسراوە هیچ گۆڕانکارییەکی دیارو بەرچاو نابینرێت، کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ژمارەی پێشتر. بەهەمان دیزاینی ژمارەی پێش خۆی چاپ کراوەتەوە .

ئەنجام: بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆمان دەردەکەوێت، رۆژنامەی کوردستان لە رووی دیزاینەوە بەشێوازێکی زۆر سەرەتایی و سادە کێشراوە، بەبێ ئەوەی گرنگییەکەی ئەوتۆ بەو بەشە گرنگەی رۆژنامەوانی بدرێت.

*** خوێندکاری لقی دیزاین لە بەشی شێوەکاری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین.**

# (١١١) ســـاڵ ڕۆژنامەگەری کوردی

**مستەفا رابەر - لەندەن**

سـەرەتایەکی کـورت دەربـارەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری:

داهێنانی ئامێری چاپ لەسـەدەی پانزەهەمـی زاینیدا لەسەردەسـتی مسـگەرێکی ئەڵمانـی – یوحەنان گۆتەنبەرگ داهێنراوە.

گۆتەنبـرگ (١٣٩٨ – ١٤٦٨) لـەو داهێنانەیدا هیچ سود و دەسکەوتێکی پێنەبـڕاوە لەبـەر سـەرقاڵی و دەسـتکورتی کاتی کتێبی ئینجیلی پیرۆزی ئاینی لەچاپ داوە، تەنانەت بیری چووە ناوی خۆشـی لەسـەر تۆمار بکات، بـەر لەگۆتەنبـرگ هەوڵێکی تریش لەلایەن بازرگانێکی چاینی بەناوی بی شـینگ (٩٩٠ _ ١٠٥١)هەبووە. بـەلام بەو داهێنانەی گۆتەنبرگ شۆڕشیکی مەزن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دروسـت بوو چاپ و چوپ ڕۆلێکی ئێجگار گرینگی بینی لەبەرەو پێشوەچوونی شارستانیەت لەسەرانسـەری دنیـادا. ماوەیەک پاش ئەو داهینانە گۆڤار و ڕۆژنامە بەشـێوەیەکی ڕێک و پێـک چاپ و بلاوکرانەوە.،

لەساڵی ١٩٣٨ لێکۆلەرەوەی ئەڵمانی ئۆتۆگـروت ئـەم پێنج مەرجـەی داناوەبـۆ جیاکردنـەوەی ڕۆژنامە لەهۆیەکانی تری پێوەندییەکان

– بەشـێوەیەکی دەوری لای کەمی هەفتەی جارێک دەربچیت.

– چارەسەری کێشەهەنوکەییەکانی سەردەمی خۆی بکات.

– بەئامێری چاپ بنوسرێت.

– هەمو کەسـێک بتوانی بەپارەی خۆی دەستی بکەویت.

– پیویسـتە ناوەرۆکـی هەمەجۆر پێوەنـدی بـە چیـن و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بیت .

یەکەم هەفتەنامە لەمێژوودا: لەشاری ستراسـبۆرگ بەناوی ڕێلەیشـن ( پیوەندی) لەساڵی ١٦٠٩ لەلایەن جۆن کارلـۆس چـاپ و بلاوکراوەتەوە، هەروەها یەکەم ڕۆژنامـەی ڕۆژانە: لەلەندەن بەنـاوی (دێلـی کرانت) لەرۆژی ١١/ئازاری /١٧٠٢ دا لـەسەر دەسـتی ئیـدوارد کرانت چـاپ و بلاوکراوەتەوە.

لەرۆژی ٢٢/نیسانی/سـاڵی ١٨٩٨ شـاد ڕەوان میقداد مدحەت بەدرخان لەشاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پـڕ مەینـەت و زەحمەت، بـە لام دەرگایەکی شارسـتانی بـۆ گەڵە ستەم دیدەکەی خۆی خستەسەرپشت و یەکەم ڕۆژنامەی کـوردی بەناوی (کوردستان) دامەزراند، لەو ڕۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەریوەیە بۆ بەدیهینانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و رزگاری کوردو کوردسـتان. بەپێی سـەرچاوەکان ڕۆژنامەکە٣٠٠٠ سێ هەزار دانەی لێ چـاپ دەکرا ٢٠٠٠ دانـەی بەخۆڕایی لەکوردسـتان لـی دابەشـدەکرا، ئەگەرچـی دەرچواندنـی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە و دوور لەخاک و خەڵکـی سـتەم لێکراوی کـورد بەهـۆی زوڵم و فشـاری ناحەزانی گەلی کورد بـووە چەندین جاریش جێگۆڕکێی پێکراوە ئەو پیشەیە ئەگەر لەمێژودا بەناوی( پیشـەی گـەڕان بەدوای سەرئێشەدا) ناوی دەرکردبێت ڕۆژنامەگەری کوردی تـا ئەمڕۆش گەڕان بووەبەدوای مەرگدا!!

هەندێک لەشۆرەسوارەکانی مەیدانی ڕۆژنامەگـەری کـوردی، ئەوانەی کۆچی دوایی یان کردوە.

میقداد مەدحـەت بەدرخان خاوەنی (ڕۆژنامـەی کوردسـتان ١٨٩٨ ) عەبـدول کەریم ئەفەنـدی خاوەنی گۆڤاری (ڕۆژی کورد ١٩١٣) مسـتەفا پاشـا یامولکی خاوەنـی (گۆڤاری بانگ کوردستان ١٩٢٢) مێژوونووس حوسـین حوزنی موکریانی خاوەنی (گۆڤـاری زاری کرمانجـی ١٩٢٦) ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی (گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩ ) ماموسـتا عەلائەدین سەجادی (خاوەنی گۆڤاری نزار) ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی (گۆڤاری ڕۆناهی) پیرەمیردی شاعیر (خاوەنی ڕۆژنانەی ژین) مەلا شەریف ڕەنگەرێـژی خاوەنـی (ڕۆژنامەی ئازادی ١٩٤٥ ) ماموستا گیو موکریانی خاوەنی (گۆڤـاری هەتـاو ١٩٥٤ ) جگەلەسەدان نووسـەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەند، دڵسـۆزانە لەرۆژگاری خۆیـدا بەشداریان لەگەشـەپێدانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کردووە، وەکو ماموسـتا عەبدولا گۆران، مەعروف بەرزنجی، غەفوور میرزا کەریم، جەلالی میرازا کەریم، ئەمینی میرزا کەریم، ئەحمەد غەفوور، مەلا ئەنوەر مائی، شـاعیری بەناوبانگ قانیع، ماموسـتا شـاکر فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مەولود مەم، سالح حەیدەری و دەیانی تر.

بۆچی بەرۆژنامەگـەری دەلێـن دەستەلاتی چوارەم؟

وەکـو لەسـایدی جوریـس پیدیا باسکراوە بنەماکانی دەولەت لەسەر سێ کۆلەگەی بنەرەتی دامەزراوە: گەڵ یان نەتەوە، هەرێم یان نیشـتمان، دەسـتەلاتی سیاسی.

دەسـتەلاتی سیاسـی بریتیـە: ١. لەدەسـتەلاتی یاسـا دانـان. ٢. دەستەلاتی جێبەجیکردن، دەستەلاتی دادوەری لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەری بەگشـتی ڕۆلـی کاریگـەری هەیە لەهۆشیار کردنەوە و ڕینمایی کردنی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی ڕای گشـتی و گۆڕانکاری لەیاسـاکان،

چونکـە ڕۆژنامەگـەری وەکـو ئاوێنەیەک وایە بارو ڕەوتی کۆمەڵگا بەردەوام ڕەنگـی تیا ئەداتـەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیەلەسەر هەموارکـردن و گواسـتنەوەی ڕای خەلک لەسەر شێوازی دەستەلات و پەردەلادان لەسەر کەموکوڕییەکان و بەدواداچوونەوەیان، بۆیەش ناوی نراوە دەستەڵاتی چوارەم.

جۆرەکانـی ڕۆژنامەگـەری: ڕۆژنامەگـەری ئاشـکرا، نهێنی، حکومـی، حیزبی، ئەهلی، شـار، شـاخ، ڕۆژنامەگەری سـەرکاغەز، ڕۆژنامەگەری ئەلەکترونی.

بەگشـتی لـە کوردسـتان هەموو جۆرەکانـی ڕۆژنامەگـەری کـورد لەقەیـران دایە و میدیـای حیزبی زاڵەبەسـەر میدیای ئـازاد، جاران خوینـەر بەچـرای گەنەگەرچـک لەدوای ڕۆژنامەی حیزبەکان دەگەرا، کەچی ئێسـتا چەمۆلەی لێدەگرن، لە ولاتـە پێشـکەوتووەکانی دنیا حیـزب ڕۆژنامەی تایبەتـی نییە، بەلکـو ڕۆژنامەی نزیـک لەحیزب هەیـە، سـەربەخۆیە و پانتایەکی بچووکی حیزبایەتـی تیایە، بەلام لای خۆمـان ڕۆژنامـەی حیزبەکان زۆرە و خوێنەریشـی کەمە لەگـەل ڕێزمدا بۆ ئەوکەسانەی لەرۆژنامەی حیزبەکان کار دەکەن، کرێکارن دەبی بەپێی مەزاجی خاوەنکار وشەسازیان بۆ بکەن و وێنـە و چاوپێکەوتنیان بلاوبکەنـەوە. ئەمڕۆ هاوکێشـەی نێـوان ڕۆژنامەنوسـی بەدبەخت و سـەرکردەی دەسترۆیشـتووی ناو حیزب بەم شـێوەیە ڕۆژنامەنووس ئەگەر ڕەخنەی لێ بگری و فەرامۆشی بکات سەرکردە حەز لەچارەی ناکات و لێی خۆش نابیت، ڕەنگە نانیشی ببڕیـت، بەسـەرەکەی تر ئەگـەر ڕۆژنامەنـووس مەرایـی بۆبکات و دەستخۆشی لەکارەنارەوکانی بکات سـەرکردە لەبیری ناکات و پاداشی دەداتـی و پشـتگیری دەکات. بەلام ڕۆژنامەگەر ڕاسـتگۆیی و متمانەی خوێندەواری خۆی لەدەست دەدات.

ڕۆژنامـەو ماڵپـەری حیزبەکانی کوردسـتان بریتییە لەتایم تەیبلی تەشـریفاتی خاوەنـی حیـزب و کەتەلۆگی وێنـەی سـەردانەکانی بۆ سەیران و سـەردان و مێوانداری دۆسـت و ئەحباب، دەبوایـە ئەو جۆرە ڕۆژنامانەی حیزب بەخۆڕایی ببەخشرانە و لاپەرەکانی زلتر بوایە.

مامۆسـتا عومەر فەرهادی لەزەمی ڕۆژنامەکانی سـەردەمی دیکتاتۆردا نوکتەیەکی دەگێـراوە، کەجاریکیان سـەددام لـە بەرەکانـی شـەڕدا لەسـەربازێکی سادە دەپرسـی خۆ ڕوژنامەتـان بەدەسـت دەگات، سـەربازەکەش بەسـادەیی وەلامی دەداتـەوە و دەڵی ناوەللە سـەیدی لەسـەر عارد نان دەخۆیـن، وەکی تریش ڕۆژنامەگەری لەکوردسـتان بەرە نـگ و روخسـار لەهەمـوو ڕۆژێـک پێشـکەوتووترە بەگەرمی باس لەمافەکانی مـرۆڤ و ئازادی بیـرو ڕادەبڕیـن دەکـەن، بـەڵام بەداخـەوە کاریگەرییان سسـتە، چونکە بەدواداچوونـی گیروگرفتی کیشەکان بەیاسا یەکلاناکرێنەوە، وروووژاندنیان زۆر لەسەر ڕۆژنامەکان دەکەوی.

ڕۆژنامەکانی زمانحاڵی حیزبەکان کڕیـار و خوینەریـان زۆر کەمە، خەڵـک بەسـەر پێـوە سـەیری مانشـێتەکانی دەکـەن، ڕۆژنامەی حیزبی و سیاسـەتی حیزبی بەسەر فەرمانبەر و موچەخۆرەکانی دەزگا و دائیرەکانـی دەوڵـەت دابـەش دەکرێن و ئابۆنەیان لێ دەسـتینن. حکومـەت ئەگەر هەندی بەچـاو و ڕاو بەسـەر دامودەزگاکانی دابەش نەکات، ڕەنگە وەکوو ڕۆژنامەی سەر دیواریان لێ بێـت، بەداخەوە کتێب خوێندنەوەش، ئەگـەر بەخۆڕایش ببەخشـرێنەوە باویان نەمـاوە، خوێندنەوەیـان ڕووی لەکزییـە، نەوەی تازە بابەتی سـادە و شـتی سەرنج ڕاکێشی ڕۆژانە دەخوێنێتەوە کەیفـی بە بابەتـی کوردایەتـی و مەبدەئی نایەت. بـۆ گەرمکرنەوەی بازاڕی ڕۆژنامە و گۆڤـاری کوردی پێویستە لەجیاتی بابەتی پڕو پوچ و بۆش وبەتـاڵ بیرۆکەی ڕاسـت و دروسـت بەخوێندەوار بفرۆشـن. سەرەڕای کەموکورتییەکانیش کاری دڵسـۆزانەش بەردەوامە و ئاسۆش ڕۆشـنە، گەندەلێ ئەگەر لەشکری خۆی هەبیت دوژمنی گەلێک زۆرترە بۆ نموونە:

ئەگەر ڕۆژنامەنووسـە بوێرەکان و ڕۆژنامـە ئەهلییە جەربـەزەکان نەبونایـە ئێمـەی دەرەوەی ولات تەنانـەت بەشـی زۆری خەڵکـی ناوەوەی کوردسـتانیش هەر وامان دەزانی ئەو سـەرکردانە فریشـتەی خوان، پـاک و بێگەردن حەرام خۆر نین، بـۆ ڕزگاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تورەگە لەعاسمانەوە شۆڕکراونەتەوە.

هۆیەکی تری پاشاگەردانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کورد دەستەڵاتی یاسا بەتەواوەتی سـەربەخۆ نییە خەڵک گلەیـی زۆرە وەکـو جاری جـاران نەماوە هەست و گوڕو تینی ماڵداری و کۆکردنەوەی سامان زاڵترە، هەستی نیشـتمانپەروەری پوکاوەتـەوە، جگە لەمەش ڕژێمی ئەمـرۆی کورد دووکابانی هەیە لەمێژە پێشـینیان وتویانەچێشـتی بە دوو کابان یان سـوێرە یان بێخـوێ، بـەڵام بەم حاڵەش هەزار جار لەچێشتی دەستی بێگانە خۆشترە.

لەیادی ١١١ سـالەی ڕۆژنامەگەری کوردی سـەری ڕێزو نـەوازەش بۆ شەهیدانی قەڵەم و مەرەکەب، گشت سـەربازە گۆمناوەکانـی مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنوێنم.

سەرچاوەکان: ماڵپەری ویکیپیدیا، گۆگۆل، ئەنتەرنێت



میقداد بەدرخان



یوحەنان گۆتەنبەرگ



# خەرەندەکانی سنوور

(٩)

هەرکە پاسەوانەکە منی بینی، بە پەشۆکاوی گەڕایەوە دواوەو غاریدا، نەمزانی چ مەبەستێک لەدوای ئەو غاردانەیدا هەبوو، فیکرم بۆ ئەوە چوو دکتۆرێکم بۆ بێنێ، چەند جارێکی دیکەش هەوڵمدا خۆم بڕشـێنمەوە، کەچی تەنیا هێڵنجی توونـد و بەدەنگم دەهاتێ، خۆم وادەردەخسـت، کە تووشی زگ ئێشـانێکی زۆر هاتووم، دوو جاریش سەرم بە دیوارەکەدا کێشـا و خۆم لە هۆش خۆم برد، زانیم کەسێکی دیکە بە غەیری پاسەوان لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، کەسەکە دەستی چەپمی بەرز کردەوە، دیاربوو ترپەکانی دڵمی دەژمارد، من بەردەوام بووم لە گرژکردنەوەی هەموو جەستەم، وام نیشاندەدا کە شتێک ئازاری سکم دەدا، کەسەکە دەنگی هەر لەو لێکۆڵەرەوە دەچوو، کە چەند جارێکی دیکە قسەی لەگەڵدا کردبووم، بە پاسەوانەکەی وت:

– نیوەڕۆ چی خواردووە؟

– پاسەوانەکە کەمێک وەستا وەک ئەوەی لەبیری چووبێ، نیوەڕۆ چ خواردنێکیان بۆ هێنابووم پاشان وتی:(برنج و گۆشت).

کابرا لەوە دەچوو بڕوای تەواوی بە تێکچوونی تەندروستیم کردبێ، خێرا هەڵسایەوە و بە پاسەوانەکەی وت، دەبێ بیبەینە خەسـتەخانە، هەستم کرد کابرا بە پەلە ئێمەی جێهێشت، پاسەوانەکە لەنزیک سەرمەوە لەسەر چیچکان دانیشت، دوو سێ جار بانگی کردم، بە ئەنقەست وەڵامیم نەدەدایەوە، داوای لێکردم هەڵبسـتمەوە و خۆم ئامادە بکەم بۆ خەستەخانە، کە بینی توانای هەڵسانەوەم نەماوە، بە هەردوو دەسـتی منی بەرزکردەوەو لە شوێن خۆم داینیشاندم، کە چاوم کردەوە، لە گۆشەی هەردوو چاوی پاسەوانەکە، دوو فرمێسکی قەتیسماوم بینی، نازانم بۆ ئەو ڕۆژەم هاتەوە بیر، کە من و دایکم بە هاوکاری برادەرێک، کە خاوەن تەکسـییەک بوو، لە ئاخرین خاڵی پشکنینی سەربازانی عێراق، لەسەر پردی (حافیز) بۆ پشکنین هاتینە خوارەوە، جێگری ئەفسەرێک، کە پیاوێکی ڕەشتاڵەی ورگنی چاو بەعەینەک، لێمان هاتە پێش، نیگاکانی لەدوڕ چاوم نا، بە دەمیش پێی وتم:

– ناسنامەت.

منیش، کە لەزمانی عەرەبیدا کێشـەیەکی ئەوتۆم نەبوو، بێ ئەوەی بشـلەژێم ناسـنامەی زانکۆم پێدا، چەند جارێک سـەیری وێنەکەمی کرد پاشان لەمن ڕادەما، هەستم دەکرد ئەو چەند دەقیقەیەی ڕاوەستانمان و بردنی ناسنامەکەم بۆ ژوورێکی دوور لە خاڵی پشکنین، ترسێکیان خستە دڵم، بەڵام نەمدەهێشت ئەو ترسە لەسەر و سـیمام بەدی بکرێ، هێندەی نەبرد جێگری ئەفسەرەکە گەڕایەوە، ناسـنامەکەمی پێ نەبوو، لێمی پرسی، کە ئەو ژنەی لەگەڵمدایە کێیە؟ منیش یەکسەر وتم (دایکمە) جێگری ئەفسەرەکە چووە ژوورێک، کە لەبەرچاوی من تاریک دیاربوو، دایکم زۆر لە من بە جورئەتتر و بـێ منەتتر دەهاتە بەرچاو، ئێمە ڕێکەوتبووین، ئەگەر لێمان بپرسـن، بـۆ کوێ دەچن، چۆن چۆنی وەڵامیان دەدەینەوە؟ کە جێگری ئەفسـەرەکە لێمی پرسی، (دەچنە کوێ؟) بێ هیچ دوودڵییەک وتم:(دەرگەڵە). ئەوان دەیانزانی ئەو گوندە بەدەست پێشمەرگەوەیە، بەڵام مەرج نەبوو ئەوەی بچێتە ئەوێ، تەنیا بۆ سـەردانی پێشمەرگەکان بچێ، دوای کەمێک چاوەڕوانی، بۆیان دەرکەوت، کە ناوی من لەنێو ئەوانە نەبووە، کە لەلای حکومەتەوە داواکرابوون، ناسـنامەکەیان بۆ گەڕاندمەوە جێگری ئەفسەرەکە خۆی وادەرخست، کە قەناعەتی بە قسەکانمان هاتووە، حەتمەن ئەویش لە سیمای مندا پێنەدەچوو شتێکی ئەوتۆی بەدی کردبێ، بۆ ڕێگرتن لە سەفەرەکەمان، لەگەڵ ئەوەشدا کە خواحافیزی لێکردین، دەستێکی لەشانم دا و وتی:(چاوەڕێی گەڕانەوەتانین).

فرمێسـکەکانی ئەو پاسەوانەی نێو زیندان، دروست لەهەمان ئەو فرمێسکانەی دەکرد، کە بۆ دواین جار من و دایکم سەیری یەکتریمان کرد و لێکتری جیابووینەوە، من نازانم دایکم چۆن چۆنی ساتەکانی ئەو ڕۆژەی بەڕێ کرد، بەڵام بۆ من تا گەیشتمە ناو هاوڕێیەکانم، فرمێسک لە چاوەکانم نەدەوەستا،



کاروان عەبدوڵڵا

کاکی پاسـەوان من چیم بۆ غەریبێکی وەک تۆ، تا بە فرمێسک هاوخەمی خۆتم نیشـان بدەی؟ ئەگەر بزانی ئەوەی من ئێستا دەیکەم، هەمووی نمایشێکە و درۆ لەنێو درۆ، چیـم پێدەڵێی؟ من ئەم چوار دیوار و ئەم ژووره تەسـکەیە، وایان لێکردم، فیکرم بۆ ئەوە بچێ، کە من لەم دنیایەدا ناژیم، من لە شـوێنێکدام هەر لەوە دەچێت، ئەستێرەیەکی دوور منی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، من نازانم خەڵکی لە دەرەوەی ئەم دنیایە تەسـکە، بە چییەوە خەریکن، بەچی دڵیان خۆشە، بۆچی دەبێ خەڵکانێک لەدەرەوە تا مردن زیندانی بن، هەندێکیش لەم ژوورە تەسـک و تاریکەدا، لە سـفری خەیاڵەوە بۆ سـفری خەیاڵ ژیان ببەنەسەر؟ ئاخر من چیم کردووە کاکی پاسـەوان، نەکەی ئەوانی دیکە ئەو فرمێسکانەت ببینن، دەنا چاوەکانت لێدەستێنن، من ئێستا خۆشم نازانم، بە چ موعجیزەیەک لێرە ڕزگارم دەبێـت، گوناهی من تەنیا ئەوەیە، کە سـروود و گۆرانییەکانی ئەوانم ئەزبەر نییە، من چۆن بتوانم تێت بگەیەنم، کە من ئەوەی ئێسـتا کردوومە لە درۆیێک زیاتـر هیچی تر نییە، من دەمەوێ هەناسـەیەکی پڕ دەنـگ و هەرای دەرەوەی زیندانی ئینفرادی هەڵبکێشم، دەمەوێ بۆ چەند دەقیقەیەکیش بێت بۆنی چڵکنی ئەم بەتانییەیە لە سینگم بێتە دەرەوە، خەڵکی جارێکی دیکە بەو چاوانەم ببینم، کە چۆن هەنگاو هەڵدێنن، چۆن لەگەڵ یەکتر دەئاخڤن، چۆن شـەڕ دەکەن و بە چ شـێوەیەک دەگریێن و پێدەکەنن، من دەمەوێ ئەگەر جەستەیەکی مردووی نێو جێگاش بم، چاوە بزێوەکانی ئەم و ئەو ببینم، چاوەکانی (تارا) لەپشت بەردە ڕەنگینەکانی بارەگاکەمان بانگی من بکا، منیش وەکوو ئەوەی زەمانێک بێ بەدوایدا گەڕابم، لەپڕیش بیدۆزمەوە و بە حەسرەتەوە بۆی بچم، ئەو چاوە گەڕۆک و مەستانەی لەسەر چاوەکانم پشووبدەن، من دەمەوێ کاکی پاسەوان چی دیکە ئەو فرمێسکانەت نەبینم، دەزانم مێژوویێک، کارەساتێکی گەورەی مێژوویی لە پشتی ئەو فرمێسکانەوەیە، ئەوە هەمووی کوردەکانی خۆڕەسانن، کە لە قووڵایی دەشتی چاوەکانتەوە ڕیزی بەستووە، بە چاوە پڕ حەسرەتەکانی تۆ، فرمێسک دەڕێژن، خودایە چۆن بتوانم حەقیقەتی ئەم نمایشەمی پێ بڵێم، چۆن بتوانم پێی بڵێم ئەمە تەنیا فێڵێکە و گەرەکمە بمبەنە دەرەوە؟ دەترسم ئەم هەموو پاکییە لێل بکەم و چی دیکەش گۆرانیم بۆ نەڵێ!

کاکی پاسەوان بێ ئەوەی چاوم ببەستێ، دەستمی گرت و لە پێپیلکەکان بردمییە خوارێ، لە پێشەوەش کابرایەکی زەبەلاحی چوار شـانە، کە جلێکی خاکـی لەبەردابوو، بە خێرایی هەنگاوی هەڵدەهێنا، پێدەچوو ڕیشێکی پان و بەرینی هەبێ، چونکە لەلای ڕاست و چەپییەوە دەبینرا، لە شێوەی ڕۆیشتن و شـەقاوە قورسەکانیدا هەستت بە بێ فیزی دەسـەڵاداریێک دەکرد، کە لەوپەڕی قودرەتەوە کارێکی بچووک ئەنجام دەدا، ئەو پیاوە بێ ئەوەی نیوە ئاوڕێکیش بداتەوە، هەر دەڕۆیی، کە بگەینە بەردەمی پیکابێکی خاکی بە قوڕ سواخدراو، وەستا و چاوەڕوان بوو تا من و پاسەوانەکەش گەیشتینە لای، بۆ خۆی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و لەگەڵ پاسەوانەکە منیان سوارکرد، چاوێکم بە دەوری خۆمدا گێڕا، هەستێکی سەیر و نامۆ هەموو گیانمی داگرت، لەساتە وەختێکی زۆر کەمدا دوو دنیای جیاواز بەبەرچاومـدا ڕەتبوون، جیاوازی نێوان زیندانی تەنیایی و ژیان لە دەرەوەی زیندان، بیرم کردەوە، کە چۆن لە زیندانی تەنیاییدا ژیان لە مانابەخشین و گەورەییدا زۆر بچووک دەبێتەوە، هەر ئەوەشە وادەکات کەسـی گیراو، مانایەک بۆ بوونی خۆی نەدۆزێتـەوە، تاکە ئامرازێک، کە بتوانێ بەدوای مانایەکـی دیکەدا بۆ ژیان بگەڕێ، خەیاڵە، ئەویش لە سـنووردارکردنی مەوداکانیدا بێبەش نییە، من بۆخۆم وەنەبێ کەسـێکی پڕ خەیاڵ نەبم، بەڵام ئەو خەیاڵەی، کە لەزیندانی تەنیاییدا دەمکا بە گەڕیدەیەکی وێڵ و سـەرگەردان، هەمیشە ترسێک ڕاوی دەنێ، قامچییەک بەدوایدا ڕادەکا، زللەیەک بناگوێی سـوور دەکاتەوە، ئاوی ساف و بێگەردەکانی لێل دەکا، هەمیشە پاسەوانێکی چاو سووری فرمێسـک مردوو بۆ پەڕاندنی سەری خەیاڵ لە ئامادە بووندایە، من حەزم دەکرد بە ئارەزووی خۆم زیندانییەکی تەنیاییم هەبوایە، با لەهەر کوێی سەر ڕووی ئەم زەمینە بێت، من زۆرجار بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵە کتێبێک، بڕیارم دەدا نەچمە هیچ شـوێنێکی شارەکەم، چاوم بە هیچ کەسێک نەکەوێ، لە هیچ کۆڕ و کۆبونەوەیەک، کە زۆریشم حەز لێبوون ئامادەنەبم، زۆرجار نیوەشەوانیش هەر خەریکی خوێندنەوە بووم، هەموو ئەو شـەوانەش، کە درەنگ دەخەوتم، دەبوایە دایکم چەند جارێک دەرگای ژوورەکەم بکاتەوە و سەیرێکم بکات، ئەگەر بینیبای لەسەر کتێبەکە خەوم لێکەوتووە، بە ئەسپایی دەهاتە ژوورەوە و پێخەفەکەی پێدادەدام. من لە دەمی ئەم دایکەم چەند جارێک بیستوومە:(سەران، یان شێت دەبێ، یان کوێر !) بۆنا، دایکم لەوەوە هەقی بوو، ئەی ئەم هەموو خوێندنەوەیە و شەونخونییە، جۆرێک نییە لە شێتێتی؟ ئەگەر چاوەکانم هێندە ماندوو نەکردبان، قەت ئاوا بیهێز دەبوون؟ من بڕوا ناکەم دوای ئەم هەموو ساڵەی ئیشکردن و ئەشکەنجەدانی چاوەکانم، بتوانم ڕەنگەکان وەکو خۆیان ببینم، سەرو سیمای مرۆڤەکان وەک ئەوەی هەن ئاوا بێنە بەرچاوم، من ئێستا شین و مۆر و پەمبە و سوور و زەرد و نارنجی و ڕەش و نیلی، لێک جیا ناکەمەوە، ئەی ئەمە سەرەتای کوێربوونم نییە؟ هەموو ئەم دیمەنە سەیر و سەمەرانەی، کە لەدەر و دیوار و مرۆڤ و دارو درەختەکان دەدۆزمەوە چین؟ ئەو هەموو خەونە پڕ لە دڕندە و مارو مارمێلکە و مرۆڤی حەوت سەرو خەرەندەکانی پەڕمۆدا و ئاوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کێڵگە و بیابان، بەشـوودانی مامزی کێوی بۆ گوێدرێژێ، تاوسێ بۆ باشوکەیێ، لە شیشـدانی بۆق و دیتنی ئەسپە کیسـەڵێ، ئەی دیتنی ئەوانە، ئەگەر شێت بوون نەبێ چین؟! من ئێستا کە لەنێو ماشێنێک و دوو پاسەوان دانراوم، وا هەست دەکەم سواری پشتی فیلێک بووم، دوو کەسیش لە تەنیشتمەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی فیلەکە ڕێدەکەن، بە نێو دارستانێکدا تێدەپەڕین، لەسەر هەر لقە دارێک کەسێک دانیشتووە و ملی بە ئاراستەی ئێمەدا شۆڕکردۆتەوە، ئەو حەشامەتەی لەنێو ئەو دارسـتانەدا دەبینرێت، لەژمارنایێن، دەنگ و هەراکانیان لە ئاسـمانەوە بەرووی ئێمەدا دێنە خوارەوە و گوێچکەکانمان وڕو کاس دەکەن، من لەو خەڵکە تێناگەم چیان دەوێ، من ئەگەرچی لەسەر پشـتی ئەو فیلە زەبەلاحەم، کەچی دەستم بە هیچیان ڕاناگا، دەنگم لە دەنگی هیچ یەکێکیان ناکا، هەرکە لە کۆمەڵێکیان نزیـک دەبمەوە، هەموویان دەچنەوە نێو خۆیان تەنیا، دووچاوی مۆڵەقیان جێدەمێنێ، فیلی زەبەلاح وەک ئاژەڵە شـێتەکانی فیلمە ترسناکەکان، بەنێو شاردا سوڕایەوە و شار لەنێو تەپوتۆزی ژێر پێی فیلەکەدا نەدەبینرا، هەموو شـتێک لەجووڵە کەوت...لەپڕ گوێم لەدەنگێ بوو، بە فارسی پێی وتم: (فەرموو، وەرە خوار.!!)

# جەلیل عەباسی : ڕۆشنبیر کەسێکە، بتوانێت دەسەڵات بگۆڕێت، دەسەڵات حیساب بۆ قسەکانی بکات



جەلیل عەباسی



خالید عوسمان

**هەڵبەتە لەدوای ڕاپەڕین دنیای نووسین و کتێبیش، وەک تەواوی بوار و بابەتەکانی دیکەی ژیان ئاڵۆزی و گۆڕان و ئاراستەی جیاو دنیابینی تازەی بەخۆوە بینی، نەوەی تازە لەدایکبوو، ئازادی بیروڕاو نەمانی سانسۆر و پێش پێگرتن و تاسە خنکاندن تا ڕادەیەک سەریان هەڵداو بە لێشاو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوە چاپ و بڵاوکرانەوە.. تەنانەت ئێستا سەر شۆستەو بن دیوارەکانیش دەڕۆستیان نایەن و باوەشیان بۆ ناکەنەوە.. خەریکە کتێب و نووسین قودسیەتی خۆیان لەدەست بدەن، کەس کەس ناخوێنێتەوە. تاک و تەرا وێڵن بەدوای ڕووداوو بابەت و کتێبی باش و خەمی نووسین و ڕۆشنبیرییەوە. ژیانی خۆی لەم پێناوەدا پێ بەخشیوە! هەست بە بەرپرسیارێتی نووسین و ئەرکی پیرۆزی کتێب و وشە دەکات.. ئەم دیاردەو کێشەو پەتایە ڕەنگە لێرەو لەوێ زۆرجار و چەندین کەس باسی لێوە کردبێت، بەڵام پێموایە ئێستا دیاردەکە زۆر زەق بۆتەوەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی، بۆیە ئێمەش، لە مینبەری کەلچەری بەدرخانەوە، پێمان باشە چەند دەنگێک و کۆمەڵێک قەڵەمی بەتواناو بە سەلیقەو خاوەن بۆچوونی جیاواز بەدوای یەک بدوێنین و بزانین خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیان چییە؟**

**ئا: عەبدولڕەحمان مەعروف**

## خالید عوسمان تەها : ئەوەی ناخوێنێتەوە ڕێگای دی دەگرێتەبەر، وابزانم ئەو ڕێگایەش زۆر پەراوێزییە

*** دەمەوێت لەبارەی نەمانی قودسیەتی خوێندنەوە، پەنجە بۆ خاڵێک ڕابکێشین، کە ئەویش گۆڕانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، کە ئەمڕۆ ئەو گەرم و گوڕییەی بەر لە ڕاپەڕینی نەماوە، چونکە نووسەری کورد پێشان ئەوەندە بیری لە کێشەی سیاسی و دۆزی نەتەوەکەی دەکردەوە، ئەوەندە بیری لە ئیستاتیکا و داهێنان نەدەکردەوە؟**

جەلیل عەباسی: من ئەو چێژەی لە بەرهەمەکانی پێش ڕاپەڕیندا دەبینم، لەوانەی ئەمڕۆدا نابینم، ئەمەش گرێ دەدەینەوە بە ئامانج و بیروبڕوایەک، کە پێش ڕاپەڕین هەبوون، بەڵام بە دەسەڵات گەیشتنی ئێمە، یان با بڵێین شۆڕشەکەمان، هەموو ئەوانەی سڕییەوە، واتە ئێمە دوێنێمان فەرامۆشکرد، هەموومان سڕییەوە و خستمانە ژێر تۆزی فەرامۆشی، یەکشەوە فڕین، یەکشەوە دەوڵەمەندبووین، ئەدەبیاتی شۆڕشمان لەبیرکرد، ئەوکاتە لەپێناوی ئارمانجێکدادەماننووسی، چالاکیمان دەنواند، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا و تەنیا بۆ دەسکەوتە، بۆیە وەک تۆش وتت منیش بەدەسەڵاتەوەی گرێدەدەم، چونکە بەداخەوە دەسەڵات هەمیشە لایەنی نێگەتیڤ و خراپە و چەواشەکاری زیاتر بووە، ئەمەش زیانێکی یەکجار زۆری پێگەیاندووین، هەر بۆیەش بەو ڕۆژ و باردۆخە خراپە گەیشتووین، بەڵام با بگەڕێمەوە سەر قسەکانی کاک خالید، کە تێبینیم لەسەری هەیە: بەڕێزم ئێمە ئەگەر بنەمایەکی مەعریفیشمان هەبێت، مەبەستم ئێستایە، ئەوە بنەمایەکی خۆرسکە، سیستماتیک نییە...عەقلانی و لۆژیکی نییە، ڕاستە ئێمە پێش مێژوو، پێش گەلانی دیکەش خاوەنی هەموو شت بووین، یەکەم تێکستی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری، یەکەم سەرهەڵدانی شانۆ لای تۆ بووە، مەبەستم لە تۆ واتە لای تۆی کورد، وەکو میللەتێک، بەڵام تۆ لەو ڕابردووەی خۆت دابڕاویت، ئێستا ئێمە بێگانە بووینەتەوە، مەبەستم لە دابڕان ئەوەبوو، ئێستا ئێمە هیچمان نییە، وەکو وتت ئیشمان لەسەر ئەو لایانانە نەکردووە، واشی لێهاتووە، کە ئەمڕۆ ئێمە دەبێت مێژووی خۆمان لە زاری دیاکۆنۆفەکانەوە ببیستینەوە، واتە دەبێ بێگانەیەک بێت ئێمە بەخۆمان بناسێنێتەوە، خۆمان ئەوەندە لە خۆمان بێگانە بووینەتەوە، باشە ئەگەر حاجی قادرێک هەبوو، پیرەمێردێک هەبوو...هەروەها ئیدیکەش هەبوون، بابڵێین ئەوان شۆڕشێکیان دەستپێکرد، کە لە ڕاستیدا شۆڕش بوو، وەکو تاکێک، چونکە کاریگەری دانەنا لەسەر ئەو کۆمەڵگایەی ئەوان ئەوکاتە ئەو بنەمایەیان بۆ دارشت، ئەمڕۆش دوایین قسە، دوایین پەیام و بڕیار هی مەلای مزگەوتە، ئێمە بینیمان لە پەرلەماندا، هەموو ئەوانەی باس لە علمانیەت و ڕۆشنبیری و قسەی زل زل دەکەن، دەنگیان بۆ فرەژنیدا، بۆ ئەوەی پیاوێک چوار ژن بێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی مەلایەک هەستایەوە و دژایەتیکرد، واتە من و تۆی ڕۆشنبیر زۆر بە ئاسانی تەسلیم بووین و چۆکمان دادا، بۆیە دەڵێم ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە، ڕۆشنبیر تەنیا ئەوە نییە (١٠) ڕۆمانی خوێندبێتەوە و (٢) ڕۆمانی نووسیبێت، ئەمە ڕۆشنبیر نییە، ئەمە نووسەرە، ئەگەر خوێندبێتییەوە، ئەمە خوێنەرە، ڕۆشنبیر ئەوەیە، کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەبێت، توانای بنیادنانی ئاراستەیەکی هەبێت بۆ بەرەو پێشبردن یان گەشەپێکردنی کۆمەڵگاکەی، لە ڕوانگەی سیاسییەوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، ڕۆشنبیر کەسێکە، بتوانێت دەسەڵات بگۆڕێت، دەسەڵات حیساب بۆ قسەکانی بکات، بەڵام، کە باسی ڕۆشنبیر دەکەن لەگەڵ، (بۆ نموونە) سەرۆکی حکومەتی ئێمە، سەرۆکی حکوومەت بە گاڵتەیێکەوە دەڵێت، "کامە ڕۆشنبیر؟! یەک ڕۆشنبیرم پێ بڵێن هاتبێتە لای من و داوای پارەی نەکردبێت"، یان بە دەربڕینە خۆماڵییەکە (پانی نەکردبێتەوە)ئەمەکارەساتە...ئەمە واتە نەبوونی ڕۆشنبیر، چونکە من و تۆ ئەگەر ڕۆشنبیر بووین، نارۆینە لای وەزیر و سەرۆکێک داوای پارەی لێبکەین.

*** دەبێ وەزیر بچێتە لای ڕۆشنبیر؟**

— دەبێ وەزیر بێتە لای من ئەوە یەک، دوو: بە نووسینێک هەڵەکانی وەزیرێک یان سەرکردەیەک دەدەیتەوە بەناوچاویدا و ناچاری دەکەیت دان بە هەڵەکەیدا بنێت، جا لەئەنجامدا ئەو وەزیرە دەست لە کار بکێشێتەوە، یان خۆی بگۆڕێت، کاتێ ئێمە توانیمان ئەوە بکەین، ئەوکاتە ڕۆشنبیرمان تێدایە، ئەگەر توانیمان ئەو جۆرە کارانە بکەین، بەڵام من شک نابەم، کە توانیبێتمان ئەوە بکەین، کەواتە ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە و ڕۆشنبیر نین، لەبیرمان نەچێت، کە ڕۆشنبیری مێژووییمان لە ئاستی سفردایە، هەروەها ڕۆشنبیری نەتەوەیمان هەر نییە، کە ئەمەش بۆتە ئەو کێشە کوشندەیە هەموو نەتەوەیەک لێیدەترسێ، دووبارە دەیڵێمەوە، تاوانباری سەرەکی ئەوانەن، کە چەمکی ڕۆشنبیری بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن، تاوانباری سەرەکی پێش دەسەڵات و پێش کۆمەڵگاش، چونکە ئەوە "ڤۆڵتێر"بوو، کە توانی بەریتانیا و ئەورووپا بگۆڕێت، ئینجا ڤۆڵتێر کێ پەروەردەی کرد؟ ئەمە گرنگە!! ئایا ئێمە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەمان هەیە ڤۆڵتێرێکمان بۆ پەروەردە بکات؟ ئایا لە کۆمەڵگاکەمان ڤۆڵتێرێک پەروەردە کراوە؟ بە دڵنیاییەوە: ئێمە نیمانە، ڤۆڵتێر ڕۆشنبیر بوو، تەنیا و تەنیا ئەگەر کەسێک هەبووبێت ڕۆیشتبێت و بەرۆکی دەسەڵاتی گرتبێت، ئەویش لەسەر شتێکی خۆی نا، لەسەر مافی خۆی نا، لەسەر پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی و توانیبێتیشی بیگۆڕێت، ئێمە دەتوانین دڵمانی پێ خۆشبکەین، بەڵام نەمانبووە، کە دەڵێم تەنیا و تەنیا ڕۆشنبیر تاوانبارە ئەمە بەرگریکردن نییە لە دەسەڵات و کۆمەڵگا، پێشتر وتم هەرسێ لایەنەکان بەڕێژەی تایبەتی خۆیان تاوانبارن، بەڵام تاوانباری سەرەکی ڕۆشنبیرانن، کە تەنیا وشەی ڕۆشنبیریان بە خۆیانەوە لکاندووە، بەبێ ئەوەی بزانن چ ئاراستەیەک...یا چ ئەرکێکیان لەسەر شانە.

*** تۆ قسەت لەسەر ئەوە کرد، ڕۆشنبیر گۆڕانێک و کاریگەرییەکی دروست نەکردووە، بەڵام دەمەوێ باس لەوە بکەین، ئەدی ئەوە چۆن لێکدەدەیتەوە کەسێک بخوێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت؟**

— دەکرێ بڵێین خوێندنەوە لای ئێمە وەکو ئایینەکە بۆتە شتێکی عادەتی، خوومان پێوە گرتووە، بۆ دەوڵەمەندترکردن یاخود خستنەسەری پاشخانی ڕۆشنبیریمان نییە، تۆ سەیری نووسراوەکان بکە، من بابەتێکی فیکری دەنووسم، لە ناویدا ناوی چەندین بیرمەندی بیانی دێنم، تەنیا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم: فلان وای وت، فیسار وای وت، ئەوە وای وت، ئیتر خۆم تەعلیقێک یان تەعبیرێک یان تەفسیرێکم لەسەر قسەکانی ئەوان نییە، ئەمەش نەبۆتە نووسین، ئەمە واتە قسەکانی ئەوانم وەرنەگرتووە، بۆ پەروەردەکردنی خۆم، واتە خوێندنەوەکەم لە بنەڕەتدا خوێندنەوە نەبووە، بۆ پێگەیاندنی خۆم و بۆئەوەی ڕۆشنبیرترم بکات ...ڕووناکم بکاتەوە، دیدگام بگۆڕێت، هەڵبەتە خوێندنەوە دەبێ بمگۆڕێت.

*** با هەریەک لە پیرە مێرد و حاجی قادر بە نموونە بهێنینەوە، دوای ئەوەی چوونە ئەستەمبوڵ، کاریگەری خوێندنەوە و گەڕان، دیدگای ئەوانی نەگۆڕی؟**

— زۆر ڕاستە، ئەنجامەکەشی چی بوو، هاتن ئەو شۆڕشەیان دەستپێکرد، چونکە ئەوان ڕۆیشتن بەدوای ڕۆشنبیریدا، ڕۆیشتن تا خۆیان ڕۆشنبیر بکەن، کە ڕۆشنبیریش بوون، بڕوایان بەخۆیان کرد، کە خۆیان ناسییەوە، هاتن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ و بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەندێک تێبینی و مەحسوبات و مەنسوبات و ...هتد. هاتن ئەو شۆڕشەیان دەست پێکرد، بەڵام ئایا دوای ئەوان ئێمە ئەوەمان کردووە؟ ئایا ئێمە پەیڕەوی ئەو شۆڕشەمان کرد، کە ئەوان دایاننا و بناغەیان دارشت؟ بۆیە دەیڵێمەوە، دوای خانی، دوای حاجی قادر، هێشتا دوایین بڕیار مەلایەک دەیدات، ئەو شاعیرەی، کە کاک خالید ئاماژەی پێکرد، کە لە هەندەران هاتبووەوە، ناوێکیشە لە ئەدەبی کوردیدا، کە ئاماژەی بە فیکری سۆفیگەری کرد، من لەوبارەیەوە دەڵێم: ئەو باسی تەسەوفیش ناکات، چونکە نازانێت، ئەو شاعیرە لە چەپی چەپەوە گۆڕدرا بۆ ڕاستی ڕاست، ئەم کابرایە لە پرۆسەیەکی خوێندنەوەی فیکریدا نەگۆڕا، ئەو شاعیرە تەنیا و تەنیا بە ئاسینی کورە شێخێک ڕۆیشت و بوو بە یەکێک لە موریدەکانی ئەو بنەماڵە شێخە، دێت تەنیا لەسەر هیمەت و بەرەکەتی ئیعجازی شێخەکان قسە دەکات، هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی تەسەوف بدات، ئەگەریش دابێتی، هەروەکو کارەکانی دیکەی ئێمەیە، باسی فیکر و فەلسەفە دەکەین "دیکارت" ناناسین، تەنیا ئەوەندە شتێکمان لێ بیستووە، دەڵێین دیکارت وای گوت، ئیدی نیمانە، کە بڵێین: منیش ئەوە دەڵێم، ئەوە زیادەیەک بۆ قسەکانی دیکارت، ئێمە مەسعوود محەمەدمان هەبوو، بەڵام مەسعوود محەمەدەکانمان نین، یەک مەسعوود محەمەدمان هەبوو، ئێمە یەک حاجی قادر و یەک خانیمان هەبوو، باشە بۆ یەک کورد نەهاتووە بپرسێ: کاتێک خانی مەم و زینی دانا، ئەو ئەفراندنە مەزنەی نووسی، توورک زمانی نەبوو قسەی پێ بکات، من لە پێشەکی کتێبێکمدا ئاماژەم پێکردووە، ئەگەر تورک بیویستبایە لەگەڵ خوادا قسەبکات، دەبوایە دەرۆزەی لە عەرەب بکات، ئەگەر بیویستبایە، لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا باسێکی لیریکی هونەری ئەوینی بکات، دەبوایە دەرۆزەی لەفارسی بکردبوایە، تەنیا لای دایکی دەیتوانی بەو زمانۆکەی خۆی قسەبکات، ئێستا کورد لە کوێ و تورک لە کوێیە؟ ئەمە بۆچی لای من و تۆی ڕۆشنبیر نەبۆتە پرسیار، واتە من و تۆ ڕۆشنبیر نین، ڕۆشنبیری مێژووییمان نییە، وشیاری نەتەوەییمان نییە، بۆیەش نەک من تۆ ناخوێنمەوە، بەڵکو من خودی خۆشم ناخوێنمەوە، تۆ خودی خۆشت ناخوێنیتەوە لە ناخی خۆمان و لە پنجەکەی خۆمان دابڕاوین.

*** لێکدانەوەی خالید عوسمان، لەسەر هەمان ئەو پرسیارە یان ئەگەر تێبینییەکت لەسەر قسە و بۆچوونەکانی کاک جەلیل هەبێت؟**

— من دووپاتی دەکەمەوە، من ناتوانم بڵێم کاک جەلیل ڕاستییەکانی نەپێکا، بەڵام لەگەڵ دیدی من، یان ڕەنگە لەگەڵ شێوازی ئاماژە پێکردنی من جیا بێت، من کە باسی کورد دەکەم، کورد لە هەلومەرج و ڕەوشی بابەتی وخودی دانابڕێنم، من وەکو مارکسییەک قسە ناکەم، ئەگەرچی من بۆخۆشم سەردەمانێکی زۆر بایەخم پێداوە، بەڵکو وەکو نووسەرێک قەڵەم بەکاردێنم، ئەوانەی، کە لای خۆمن هەڵیاندەڕێژم و دەیاننووسم، ڕەنگە حەز بکەم شتێک بنووسم جیاوازبێت، ئەویش پەیوەندی بە باکگراوندی من و ئەو شتانەوە هەبێت، کە لەلای من کۆبوونەتەوە و حاڵەتێکیان دروستکردووە، ئەم حاڵەتە بۆخۆی وادەخوازێت بە حوکمی ئەوەی من خۆم لەم بوارە داوە، ڕێک دەمەوێ پەیامێک بگەیەنم، ڕەنگە پەیامی من لەناو پەیامی ئەواندا دەربکەوێت، بەڵام ئەو دەرکەوتنە نەبێت، باشە ئەو دەرنەکەوتنە خۆی لەخۆیدا پرسیارێک نییە! باشە ئەگەر لە بواری ڕۆشنبیریدا سەرم دەرنەچێت، چۆن دەتوانم بیر لەم شتە بکەمەوە و چۆنیش ئەو شتە دەردەبڕم؟ بەڵام ئایا تا چەند شتەکانم بڕ دەکات و تا چەند سێرەکەم نیشانەکە دەپێکێت، من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، کە بۆچی دەسەڵات گوێ لە من ناگرێت، یا هاووڵاتی من ناخوێنێتەوە، بۆچی من ناخوێنێتەوە؟ من بە موتڵەقی ئە قسەیە ناکەم، هەیە دەمخوێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە دەمخوێننەوە چەندن؟ ناکرێت ئەو ڕێژەیەش دابنێین و بڵێین خوێنەر و ڕۆشنبیرمان هەیە، کە ئێمە دەیخوازین و سەردەم پێویستێتی، کەژیانیکۆمەڵگاکەمان‌دەیخوازێت، من دەڵێم ئێمە مەعریفەمان هەیە، بەڵام مەعریفەی ئێمە، مەعریفەیێکی جێماوە، وەک کاک جەلیل ئاماژەی پێکرد، مەعریفەیێکی دابڕاوە، مەعریفەیێکی قووڵ نییە و ناکرێ بڵێین لە عەقڵ و دەروونی تاکێکی مەدەنییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی، مرۆڤەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەر لە بۆیاغی دیوارەوە، تا دەگاتە جل و بەرگ و شێوەی خواردن و دیدی بۆ ژیان و پەیوەندییەکان و دەربڕین و ...هەمووی لای ئێمە شتێکن ڕەنگدانەوەی باوەکان.

*** لێرەدا دەکرێت پرسیارێکی لەم جۆرە بکەین، ئەم بۆ چوونەی تۆ وا دەردەخات، خوێندنەوە و ڕۆشنبیری گۆڕان دروست دەکات، دەبێت مرۆڤەکە بگۆڕێت، لە ڕەگ و ڕیشەوە بیگۆڕێت و گۆڕان لە تەواوی ئاکار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی بێتە ئاراوە ئەگەر نەگۆڕا، ئەم خوێندنەوە کات بەسەر بردنە و هیچی تر؟**

— ڕێک ئەوەندەی من وتارم لەسەر خوێندنەوە نووسیوە، باوەڕناکەم لەسەر هیچ لایەنەکانی دیکەم نووسی بێت، هەمووشی چەقبەستنە لەسەر نووسین و کتێب و خوێنەر، ئەمانە بەڵای منەوە پرسی گەورەن، بۆچی؟ چونکە کاتێک سەیری کۆمەڵگای خۆم دەکەم و سەیری تاکەکانی دەکەم، دەبینم ناخوێننەوە، هەست دەکەم ئێمە لە کۆمەڵگایەکین، بە هیچ کلۆجێک بیر لە گۆڕان ناکەینەوە، بیر لە دەروون جوانکردن و بیر لەخۆجوانکردن و بیر لە بیری جوان ناکەینەوە، من دەڵێم: ئەو کەسەی، کەنەخوێنێتەوە، هەرچەندەخاوەنی ڕوئیای جوان و خەونی جوان بێت، هەرچەندە بیەوێت کۆمەڵگاش بگۆڕێت، بەڵام گۆڕانەکەی نابێتە گۆڕانێکی بنەڕەتی، یاخود ناوەڕۆک دەوڵەمەند، چونکە خوێندنەوە هاوەڵی مرۆڤە، ئەو خوێندنەوەیە تۆ دەباتە ناو ئاسۆیەک، کە هەموو مرۆڤەکان نایگەنێ، ئەو کاتەی من دەچمە ناو ئاسۆیەک، ئەو ئاسۆیە جیایە لەگەڵ واقیعی ژیان، دەمەوێ لە ڕوانگەی ئەم ئاسۆیەوە سەیری ئەو ژیانە بکەم، ئەگەر لەناو ئەو خوێندنەوەی منداو لەناو ئەو کتێبەی من دەیخوێنمەوە، کۆمەڵێک چەمک هەبێت...کۆمەڵێ دید و بۆچوون هەبێت...کۆمەڵێک شتی جوان هەبێت...کۆمەڵێک دیالۆگ هەبێت، ئەو دیالۆگانە عەقڵی من جوان بکات، بەموێ تەرجەمەی ئەو جوانیانە بکەم لەناو کۆمەڵگادا، لەوکاتەدا ئایا من شتێکی باش ناکەم، بە قەناعەتەوە دەڵێم ئێستا یەکێک، کە دەخوێنێتەوە، جیاوازەی لەوەی، کە ناخوێنێتەوە، کۆمەڵگای ئێمە ناخوێنێتەوە، کەواتە نەیتوانیوە ژیانی جوان بکات.

*** من دەڵێم دەخوێنیتەوە، بەڵام وەک ئەوەیە نەخوێنیتەوە، بە ڕۆتینی دەخوێنیتەوە، خوێندنەوەکەی گۆڕان دروست ناکات...**

— ویستم ئاماژە بەوە بکەم، دەڵێم: هەموو خوێندنەوەیەک خوێندنەوە نییە، هەموو کتێبێکیش کتێب نییە، خوێندنەوە بۆ خوێندنەوە نییە، خوێندنەوەی ڕاستەقینە، کە تۆ بتوانێ ئەو سیمبولە ئیستاتیکی و مەعریفیانە بدۆزیتەوە و پەنجەیان بخەیتە سەر، وەکوو ئەوەی "فۆکۆ" باسی دەکات، کە ئێمە باس لە تەعبیر دەکەین، ئایا تەعبیر لە کوێوە هاتووە، تەعبیر لە ڕستەو قسەکانمانەوە هاتووە، واتە لە مێشکی ئێمەدا بوونی هەیە، بە هۆی پێنج هەستەکانمانەوە ئێمە فێری شت دەبین، ڕۆژانە شت دەبینین و دەبیستین و بۆن دەکەین و.. دەزانین چی لە واقیعدا هەیە، بەڵام ئایا ئەو شتانە چۆن لە مێشکی ئێمەدا عەمبار دەبێت؟ ئەو عەمبارکردنە تا چەند تاوتوێ دەکرێت و بیری لێدەکرێتەوە و چەند لە کەسانی وەکوو ئێمە دوای گەڕانەوە لەسەر کار، لە ماڵەوە کاتێک سەرت خستە سەر بالیفەکەت بیرت لەو ڕستانە و لەو هەڵسوکەوت و جوڵانەی خۆت کردۆتەوە، کە جێگای بایەخی کۆمەڵگان، کە پێویستە هەبن، لەو باوەڕەدام ئەوەی ناخوێنێتەوە ڕێگای دیکە دەگرێتەبەر، ئەو ڕێگایەش وابزانم زۆر پەراوێزییە، وەکو ئەوەی بڵێن کار و عیبادەت، بەڵام کام عیبادەت؟ ئایا تۆیەک، کە هەموو ژیانی خۆت تەنیا بۆ خاتری ئەوە بێت، کە بژیت و بەس، خۆ من دەژیم، چەمکی ژیان بۆ هەمووانە، بەڵام چۆن ژیانێک، ناکرێت ئەو ژیانە جوانتر بێت؟ ناکرێت واز لە خۆپەرستی بێنین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی جوانتر دروستبکەین و جوانتر بیر بکاتەوە و داهێنانی جوانتر بکات، هەموو دنیای پێشکەوتوو بەهۆی داهێنان و دۆزینەوە دروستبووە، ئێمە تا چەند دەتوانین داروینێکمان هەبێت، داروینێک بتوانێت شتەکان پۆلێن بکات، ئەگەر داروینیشمان نەبێت، چەند کەسمان هەن دان بە ڕاستییەکانی داروین دابنێن؟ لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا داروین گوناهێکە...تابۆیێکە، داروین بۆ تابۆ بێت؟ داروین بۆ تابۆیە، چونکە داروین دێت لەناو ژیاندا ڕاستییەکان باس دەکات، نەک لە تەئجیلکردنی ژیان، نەک لە تەئجیلکردنی چارە نووسی تۆ، داروینێک پێت دەڵێت، ئەمە پڵینگەو ئەمەش پشیلەیە، هەردووکیان لە یەک پۆلن، ئەمە مرۆڤە ئەمەش مەیموونە، هەردووکیان لەیەک پۆلن، نەیگوتووە مرۆڤ مەیموونە، باشە هەستەکانی ئێمە لەکوێ مردوون و بێ ئاگان، کاتێک ئێمە دان بەو ڕاستییە دانانێین، من پێت ناڵێم سەد لەسەد ئەوەت قبووڵ بێت، بەڵکو تۆش قسەی خۆت هەبێت و کاری لەسەر بکە، بۆ فێڵ لە هەستەکانی خۆت دەکەیت؟ تۆ هەستی پێدەکەیت، بەڵام دانی پێدانانێیت، دان بە ڕاستییەکاندا بنێ، بۆ ئەوەی تۆش ڕاستی دیکە بدۆزیتەوە، کە جیا بێت لەگەڵ خەڵکانی دیکە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای تۆش جیا بێت و بەرەو باڵایی بچێت، نەک ئەو کۆمەڵگایەی هەر کاوێژ بکاتەوە و گێرەی ئەو خەرمانەیە بکات، کە هەتا ئێستا ڕەشەبای گۆڕان دەیبات.

**جەلیل عەباسی: بەر لەوەی پرسیاری دیکە بکەیت با من تێبینی و ڕای خۆم سەبارەت بە بۆچوونەکانی کاک خالید بخەمەڕوو:**

بە پێچەوانەوە من دەڵێم ئێمە هەستمان نییە و هەست بە شت ناکەین، ئێمە داماڵراوین، ئەگەربگەڕێینەوە سەر مەسەلەی خوێندنەوە، ئێمە خوێنەرمان هەیە و خوێنەری زۆریشمان هەیە، بەڵام کتێبێکی بچکۆلە چاپ بکە، هەندێک شیعر(مۆبایلە شیعر)ی تێدا بێت، بزانە لە ماوەیەکی کەمتر لە دوو مانگ دووبارە و چەندبارە چاپی ناکەیتەوە، منداڵێک، گەنجێکی کەم تەمەن، تەنیا و تەنیا دێت و دەڵێت، یەک لە سەرکردەکانی ئێمە دزی کرد، ئەوە دەکەوێتە سەر زاری هەموومان و شەو و ڕۆژ باسی دەکەین، ئەو ڕۆژنامەیەش یان ئەو بڵاڤۆکەش، کە ئەو شتەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، تیراژی دەچێتە سێ بەرابەر و دەشفرۆشێت، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە بۆ وا کاریگەری دەبێت و بابەتێکی فیکریش بۆ خوێنەری نابێت؟ ئەوەیە ئێمە لە ڕۆحیەتی مرۆیی خۆمان دابڕاوین، تەلەفزیۆنێکی سەتەلایتی تۆ، بۆ نموونە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کابرایەک سازدەکات، کە خەڵک سەردانی دەکەن و نەخۆشی دەبەنە لای بۆ چارەسەری، لەو بەرنامەیەدا پێی دەڵێن: کاکە ئەوە دەسەڵات و هەموو نەخۆشخانەکانت دەخەینە ژێردەست و ئەوە هەموو شتێک و هەموو پێداویستییەک، لەوێ دوو نەخۆشی شێرپەنجەچارەسەربکە، تا هەموو دکتۆرەکان بڵێن: بەڵێ ئەوە ڕاستە و زانست و زانیاری هەیە، ئەو دەڵێت ناتوانم کەچی هێشتا خەڵکی لای ئێمە دەڕۆنە لای و ڕیزی بۆ دەبەستن حەز بە تێڵا و تێهەڵدان دەکەن، بڕۆ بزانە دەرمانخانەکان زیاتر دەرمان دەفرۆشن یان ڕەشکەو دەرمانەکانی ئەو، ئەوە واتە چ کۆمەڵگا و چ ڕۆشنبیر و چ دەسەڵات، هەر هەموویان لەخودێتی مرۆیی خۆیان دابڕاون، تۆ وەکوو مرۆڤ زیندوویی، هەناسە دەدەی، هەست پێدەکەم، بەڵام ئێمە ئەوانەمان نییە، چونکە ئەگەر هەمانبێت، دوای ئەم بەرنامەیەی لە یەکێک لە سەتەلایتەکانی ئێمە بڵاودەبێتەوە جارێکی دیکە کەس بەلایدا ناچێتەوە، ئەگەر هەمانبێت دەسەڵات پێشی پێدەگرێت و دەڵێ: ئیدی کڵاو نانێیتە سەر خەڵک و فریودانی خەڵک بەسە!

# پچڕانی تەزووی کارەبا گرفت بۆ کۆمپیوتەرەکانی قوتابخانەی (شێخ ڕەزا) دروست دەکات


قوتابخانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**باوکی دابان**

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەیارمەتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەکان و مامۆستایانی دڵسۆز پێشکەوتنێکی باش و بەرچاوی بەخۆوە دیوە.

ڕاستە لە هەندێک قوتابخانە کەموکوڕی بەدی دەکرێت، وەک کەمی کتێب و خراپی باڵەخانەی هەندێکیان، لە سنووری پەروەردەی هەولێر نزیکەی () قوتابخانەو خوێندنگا هەیە، قوتابخانەی (سەردەم )یش یەکێکە لەم قوتابخانانە و دەکەوێتە گەڕەکی (باداوە ) ی هەژارنشین، ئەم قوتابخانەیە لەساڵی (٢٠٠٦) زاینی لەلایەن کۆرییاییەکان دروستکراوە و هەموو کەل و پەل و پێداویستییەکی خوێندنی تێدا دابینکراوە .

دوو مانگ بەر لە ئێستا ناوی ئەم قوتابخانەی گۆڕابوو بە (قوتابخانەی شێخ ڕەزا)، ئەم قوتابخانەیە شەش پۆلییە، هەر پۆلێک (٣٠) قوتابی لە خۆ دەگرێت و دوو دەوامە لەسەر خۆی.

ئەمەی جێگای دڵخۆشییە یاسای خوێندنی کۆمپیوتەر لەم قوتابخانەیە لە پۆلی یەکەم تا شەشەمی بنەڕەتی پەیڕەودەکرێت.

قوتابی لە پۆلی یەکەم فێرە کۆمپیوتەر دەکرێت، بە ئامێری سەردەمییانە وانەی (دارا دوو داری دی) دەنووسێتەوە، وێنەکەش بە ڕەنگاوڕەنگی دەخاتە سەر کاغەز، ئەم دیاردەیە هیوا و ئومێدبەخشە و دەبێت دەست خۆشی لە مامۆستایانی دڵسۆزی ئەم قوتابحانەیە بکرێت.

بەڵام ئەوەی جێگای داخە لە کاتی سەردانم قوتابییەکان دڵگیر دەبن لەوەی ڕۆژانە کارەبای نیشتمانی دەبڕدرێت، ئەوە دەبێتە هۆی پەککەوتنی ئامێری کۆمپیوتەرەکانیان.

ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین مانتۆڕێکی کارەبایی گەورە لەناو قوتابخانەکە هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی گاز ناتوانن پێی بکەن، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردەی بەڕێز بڕی پێویست (گاز) بۆ بەکار خستنی ئەم مانتۆڕەی کارەبا دابین بکات!!

لەم قوتابخانەیە یاسای (کۆمەک) پیادە دەکرێت و جێبەجێدەکرێت لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم هاوشێوەی هەندێک قوتابخانەی دیکەی ناو هەولێر. قوتابییانی پۆلی یەکەم بەیانی، کە دێن بۆ قوتابخانە، مامۆستاکانیان لەناو دەرگای پۆل لە پێشوازیان ڕادەوستن و یەکە یەکە دەست دەخەنە ناو دەستیان و تۆقەیان لەگەڵدا دەکەن و بەخێر هاتنیان لێدەکەن، قوتابییەکانیش پێڵاوەکانیان لە دەرەوەی پۆل دادەنێن و دەچنە ژوورەوە، کە بەمۆکێت داپۆشراوە، کورسی و مێزیش بە گروپ دانراوە، لە پۆل هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و یاری منداڵان هەیە.

وەک باسمان کرد ژمارەی قوتابییانی هەر پۆلێک (٣٠) قوتابییە، هەر قوتابییەک ئەگەر زیاد بێت دەبێت کورسی و مێز لەگەڵ خۆی بهێنێت، ماوەی وانە (٨٠) خولەکە، دوای ئەم ماوەیە (١٠ خولەک) پشووە. ئەگەر قوتابی پێداویستییەکی هەبێت لەناو پۆل لەکاتی وانە خوێندن بێئەوەی پرس بە مامۆستا بکات هەڵدەستێت گوڵێک هەیە لەتەنیشت دەرگای پۆل شوێنێکی تایبەتە هەڵی دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیبات، کاتێ پێداویستییەکەی خۆی جێبەجێکرد دەگەڕێتەوە ناو پۆل و گوڵەکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە، ئەگەر قوتابییەک بیەوێت دوای ئەم قوتابییە بچێتە دەرەوە تەماشای شوێنی گوڵەکە دەکات، ئەگەر گوڵەکە لە شوێنی خۆی نەبوو، ئەوە بەبێ دەنگی دادەنیشێتەوە، دەزانێت قوتابییەکی دیکە لە دەرەوەیە .

ڕۆژانی سێ شەممە، قوتابیان گەشت بۆ شوێنە گشتی و کارگەو شوێنە گەشت و گوزارییەکان دەکەن.

پەیوەندی بەردەوام لە نێوان مامۆستا و دایک و باوکی قوتابییان هەیە، هەموو هەفتەیەک مامۆستا لیستێک کۆپی دەکات، چەند پرسیارێکی تێدایە ئاراستەی دایک و باوکی قوتابییان دەکرێت، ئەوانیش بەراست و چەوت وەڵامیان دەدەنەوە و دەیگەڕێننەوە بۆ مامۆستاکانیان. هەر لەسەرەتای هاتنە قوتابخانە ئەم قوتابییانە فێرە ئەوە دەکەن، چۆن پێشوازی لە میوان دەکەن و ڕێزی لێدەگرن. لە ڕێگای بەکارهێنانی کەروێشکێکی منداڵان بێت یا هەر یارییەکی دیکەی منداڵان. مامۆستا لە ڕێگای قورعە لە نێوان منداڵانی پۆل ئەم کەروێشکە دەدات بە یەکێک لەم قوتابییانە و لەگەڵ خۆی دەیباتە ماڵەوە، لە هەموو هەڵسوکەوت و نان خواردن و نووستن ئەم ماوەیە کە لایەتی ئاگای لێی دەبێت، بەیانی ئەم گەمەیە دەهێنێتەوە بۆ قوتابخانە، مامۆستا دەربارەی چۆنیەتی پێشوازیکردنی لەم میوانە پرسیاری لێدەکات!!

ئەم منداڵانە لەم قوتابخانەیە بە هیچ شێوەیەک نزیک هیچ شتێک ناکەون، کە لەم پۆلەدا هەیە، هەموو کتێبەکانیان لە قوتابخانە جێ دەهێڵن تەنها کتێبی کوردی و بیرکاری لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە ماڵەوە.

ئەم قوتابییانە جانتاکانیان لە دەرەوەی پۆل لە شوێنێکی تایبەتی دادەنێن، مامۆستا لە پۆل لەکاتی وانە نووسینەوە نابێت لەسەر سەری قوتابی ڕابوەستێت، دەبێت دابنیشێت و هەردوو دەستی لەسەر مێزەکە دابنێت، خۆی وەک قوتابییەکە لێبکات، بۆیە دەبێت هاوشێوەی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئاشناکردنی قوتابیان بە ئامێری کۆمپیوتەر، بایەخ بە قوتابخانەکانی دیکەی ناو هەرێمی کوردستان بدرێن، چونکە پێداویستییەکی سەردەمیانەیە.

جگە لەمە دەبێت بە دواداچوون و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەم بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایانە بکرێت، کە لەئاست بەرپرسیارێتیدا نین، ئەویش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاستی زانستی قوتابییەکانیان لە هەموو ڕوویێکەوە نزمە. ئەمەش بەدوو ڕێگا دەتوانرێت چارەسەربکرێت، پێویستە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان کە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەڕێز ئەنجام دەدرێت، کاری پێ بکرێت و بەدواداچوونی لەسەر بکرێت، جگە لەمە حیزب دەست نەخاتە ناو کاروباری پەروەردە، ئەویش بە دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر، پێویستە ئەم مامۆستایەی کە دەکرێت بە بەڕێوەبەر لێهاتوو بێت، لە هەموو ڕوویێکەوە دلسۆز بێت پێش ئەوەی حیزبی بێت.

هەر کاتێک ئەم خاڵانە جێبەجێ کرا، ئەوا ئاستی پەروەردە و فێرکردن لەهەموو قوتابخانەکان وەک جاران بەرزدەبێتەوە و دەکەوێتە سەر ڕێڕەو و سکەی خۆی.




ن: مارگرێت سولێڤان - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: پێشڕەوی سەید برایمی

**پێوانە ئاکاریەکان: ڕێساکانی ڕەفتار**

نووسینگەی ڕۆژنامەنووسی میری لە یەک کاتدا لە دوو بواردا هەیە. هەر بەو خەسڵەتەش، تۆ نوێنەرایەتی هەڵوێستێکی میری بۆ جەماوەر دەکەی، بەڵام لە هەندێ لایەنیشدانوێنەرایەتی بەرژەوندی ڕۆژنامەنووسی و هاووڵاتیان لە ناو میری دا دەکەی. ئەم ڕۆڵە دوو لایەنەش لە هەندێ بۆنەدا لە هەندێ هەڵوێستی ئاکاری گرانت دادەنێ.

وەک گوتەبێژێکی ڕۆژنامەنووسی چ دەکەی، گەر سەرۆکەکەت داوای پۆشینی زانیاری نا نهێنی لە ڕۆژنامەنووسی لا کردی؟ گەر سەرۆکەکەت درۆی لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن کرد، تۆش بەمە دەزانی، چ دەکەی؟

بەرپرسە ڕۆژنامەنووسییەکانی میری دەبێ سەودا لەگەڵ ئەو مەسەلانە لە هەموو ووڵاتێک بکەن، بە ووڵاتە یەکگرتوەکانیشەوە. بۆ یارمەتیدانیان لەم بارەیەوە، زۆریان هەڵساون بە دانانی ڕێسای پێوانە ئاکارییەکان.

ئەو سیستەمە هەڵسەنگاندنە، چەند نەریتێکی پەسندکراوی ڕەفتار بۆ کەسانی پیشەوەرو فەرمانبەران دیاری دەکا، بە گوێرەی ئەوە ئەو کەسە دیاری دەکا، کە کامە ڕاستەو و کامیان هەڵەیە، کێ پاکەو کێش ناپاکە، هەروەها کێ دادپەروەرو کێ نا دادپەروەرە. هەروەها ئەوە دەبێتە ویژدانی پیشەکە. بەهەمان گرنگی پەیمانی پێوانە ئاکارییەکان، کە بەچاکی دانیپێدراوە، دەتوانێ تێگەیشتنێکی ڕوونی پێوانەکانی ڕەفتار بە بەڕێوەبەری کار بدا، کە فەرمانبەرەکانیشی پێڕەوی دەکەن.

پێویستە لەسەر گوتەبێژە فەرمییەکانی میری ئەو بڕیارانە بدەن، کە هاودەنگە لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەرو بەڕێوەبەرکەی لە کار دا، هەروەها بۆ بەها کەسێتییەکانی خۆیان و پێوانە پیشەییەکانیان. چونکە ئەو بەهایانە ناکۆک بن، لەبەر ئەوە ڕێساکانی ڕەفتار لە کۆتایی کارەکەدا پێوانەی ڕەفتاری دروستن. لە بنەڕەتیشدا بڕواپێکراوی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ گوتەبێژی فەرمی. هەرچەند پیشاندانی وەلا بۆ بەڕێوەبەری کار گرنگە، بۆیە هەر شتێک کەم بێ لە ڕاستگۆیی تەواو لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بڕواپێکراوی گوتەبێژی فەرمی ناهێڵێ و لە کۆتاییشدا دەبێتە مایەی نەهێشتنی نرخی ئەو کەسە بۆ بەڕێوەبەرەکەشی.

بڕواهێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە گوتەبێژی فەرمی بە ئاستەنگ پەیدا دەبێ، لەگەڵ کاتیش لە ڕێگای بەجێهێنانی پیشەیی و ئاکاری بەرز دێتە دی. لە دووایدا یەکەمین ئامانجی گوتەبێژی فەرمی دەست گرتوو بە پێوانە ئاکارییەکان، گەیاندنی ڕاستی ڕووداوەکە یان مەسەلەکە یان سیاسەتەکە یان پلانەکەیە بە ڕاستگۆیی.

هەرچەند میری و ڕۆژنامەنووسی وەک دوو ناحەزی یەکتر لە ڕێسا ڕەفتارەکانیان دەبینرێن، بەڵام ڕێساکانیان لە چەند پرینسیپێکدا هاوبەشن لە سیستەمی دیموکراتی. بۆ نمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان و ڕێساکانی ڕەفتاری ڕۆژنامەنووسی، وا پێویست دەکەن لە کەسی پیشەوەر، کە کەسانی بەرپرسیارو ڕاستگۆ و ووردبین بن و ناشبێ بەرژەوەندی ناکۆکیان هەبێ، دەبێ کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بکەن. هەروەها دەبێ دەستپاک و بڕوای گەل بپارێزن.

ئەوەی پێوەندی بە بابەتی بڕواو ووردییەوە هەیە، کۆمەڵەی نووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا(ASNE) لە پەیمانی ڕەفتاریدا ئەمەی خوارەوە دەبێژێ: " نیازی چاک بەرامبەر خوێنەر بنەمای ڕۆژنامەنووسی چاکە. پێویستە هەموو کۆششێک بکرێ بۆ دابینکردنی ووردی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا و دوور بێ لە لایەنداری، دەبێ لە ناو ڕەوتەکەدا بێ و گشت لایەنەکانیش بە پاکی پێشکیش بکا". ناوبراو بۆ ئەوە دەڕوا، هەڵە گەورەکانی ڕاستی و ئەو هەڵانەی پێوەندی بە لابردنەوە هەیە، دەبێ خێرا و بە ڕوونی ڕاست بکرێتەوە.

بەهەمان شێوە، کۆمەڵەی نەتەوەیی گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان(NAGC) لە پەیمانی ڕەفتاریدا دەبێژێ، کە گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان" بە ئەنقەست هەڵناستن بە گەیاندنی زانیاری هەڵە یان شێواو، هەر زووش زانیاری هەڵەو شێواو دەنگۆیەکان ڕاست دەکەنەوە".

هەر دوو پەیمانی پێوانە ئاکارییەکانی هەردوو کۆمەڵەکە دەبێژن، کە ئەندامە پیشەوەرییەکانیان خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکەن، نەک هی خۆیان، هەر ئەوانیش بەر پرسیارن لەو کارەی پێشکێشی دەکەن. ئەوەندەی پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتیو بڕوای گشتییەوە هەیە، پەیمانی کۆمەڵەی نووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا دەبێژێ، کە ئازادی ڕۆژنامەنووسی موڵکی گەلە. پەیمانەکە ئەوەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:" دەبێ بەرامبەر هەر دەستدرێژییەک یان پەلامارێک لە هەر لایەکەوە، گشتی یان تایبەت بێ، بەرگری لێبکرێ. ڕۆژنامەنووسانیش دەبێ هۆشیار بن، کە کاروباری گەل دەبێ بە ئاشکرا بەڕێوە دەچێ. هەروەها دەبێ چاوکراوە بن دژی گشت ئەوانەی ڕۆژنامەنووسی بۆ مەبەستی خۆپەرستی خۆیان بەکاری دەهێنن". پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەیی گوتەبێژە فەرمییە میرییەکانیش دەبێژێ، کە پێویستە لەسەر گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان" ژیانی پیشەیی خۆیان بە پێی بەرژەوەندی گشتی بەڕێوە ببەن و دانیش بەوەدا بنێن، کە هەر یەکێک لە ئێمە بڕوای گەل دەپارێزێ"

ئەو نمونانەی لە هەردوو پەیمانەکەدا هاتووە بەڵگەیەک پێشکێش دەکا، بەڵام چۆن مەسەلە ئاکارییەکان دەتواندرێ چارەسەر بکرێن لەو شوێنانەی، کە لەوانەیە چاک بیری لێنەکراوەتەوە؟بەرپرسی زانیارییە گشتییەکان دەتوانن ئەمانەی خوارەوە لەبەر چاو بگرن:

* پەیمانی پێوانە ئاکارییەکان بۆ گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان ئامادە بکەن و لە ئاستێکی فراوانیشدا بەسەر ئەو کەسانەی ئەو پیشەیە دەکەن دابەشی بکەن، هەروەها بەسەر فەرمانبەرانیش.

* چەند کۆبونەوەیەک لەگەڵ گوتەبێژە فەرمییە میرییەکان ساز بکەن. کۆمەڵەو یانەی پیشەیی پێک بهێنن. لەوانەیە گوشاری دووسەرە بۆ بەجێهێنان لە سەر ئاستەکانی ڕەفتارێکی دیاریکراودا، هێزێکی هاوسەنگ بێ دژی کارە نائاکارییەکان. هەروەها دووان لەسەر داتەپین و بەرژەوەندە هاوبەشەکان و ناکۆکەکان، لەوانەیە ببێتە هۆکاری سنوردانانێک بۆیان.

* پشتیوانی بەرنامەی فێرکردنەکان بکە، سەبارەت بەوانەی ئارەزووی کارکردنیان هەیە لە پێوەندییە ڕۆژنامەنووسییەکاندا.

بەشی نۆزدەهەم

# بۆ وەزارەتی پەروەردە ... کێ بەرپرسیارە ؟!



**ئەحمەد ئیبراهیم**

کوردستان بە کەشێکی زۆر ئازاد تێدەپەڕی و لەگشت بوارەکان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە دیوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرجار گوێمان لێ دەبێت لە دەرەوە بە ناوچەی ئازاد ناودەبرێت، ئەمانەش بۆتە جێگای دەستخۆشی خەڵکەکەی کە تیایدا دەژین، ئەوەی دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئێستا لە هەندێ سەتەلایت و تەلەفزیۆنەکان بەرنامەی تازە پێشکەش دەکرێت، کە جێگای دەستخۆشییە، بەلام دەبێ دان بەوە دابنێین، کە زیانێکی زۆر بە قوتابیان دەگەیەنێ، ئەویش بە پێشبڕکێی نێوان دوو تیمی قوتابخانە یان بە میوانیکردنی قوتابخانەیەک، لەم ڕۆژەدا مەبەستم لە ڕۆژی پێشبرکێیەکەیە یان میواندارکردنەکە، ئەوا لەم قوتابخانەیە بەهۆی بەشداریکردنیان لەم بەرنامەیە دەبێت بە پشوو، ئەمیش دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی ئەم کۆمەڵە قوتابییە، بێ ئەوەی خۆیان هەست بەم زیانە گەورە بکەن سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ واتە (٢٠٠٨-٢٠٠٩ ) قوتابخانە هەیە زیاتر لە دووجار بەشداری ئەم جۆرە بەنامەیەی کردووە، داهاتەکەشی بۆ گیرفانی کۆمەڵە کەسێکە، کە ئاگامان لەخۆمان نییە بازرگانی بە ڕۆڵەکانمان دەکەن بۆ ئەوەی بۆخۆیان داهاتێکی باش پەیدا بکەن، بیریش لەوە ناکەنەوە، کە ئەمە زیان بە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە ستەم دیدەیە دەگەیەنن، بۆیە دەپرسم وەزارەتی پەروەردە کێ لەم بەفیرۆدانەی دەوام بەرپرسیارە یان تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە لەبیری ئەوە نەبووە بڕیارێکی لەم شێوەیە دەربکات، ئەگەر بڕیاریش هەیە هیوادارین کاری پێبکرێ، ئەگەر بڕیاریش نییە هیوادارین بە زووترین کات بیر لە دەرچوونی بڕیارێکی لەم شێوەیە بن، بۆئەوەی لەمە زیاتر زیان بە ڕۆڵەکانمان نەگەیەنن، ڕۆڵەکانمان نەبنە قوربانی دەستی کۆمەڵە کەسێک، کە بازرگانیان پێبکەن و چیتر زیانیان بەرنەکەوێ، ئەم بەرنامەیە با هەبێ، بەڵام با لەکاتی دەوام نەبێت، لە کاتێکی تر قوتابیی بەشداری تێدابکات، لەوانەیە بۆ قوتابییەکەش ئەم شتانە ببینێ، کە بەرنامەی وا بە ئاسانی و بەم سادەییە پێشکەشی ناکرێ، بۆئەوەی سوودێک بەدەست بێنن، سەرەڕای بەشداری کردنیان.

# پیرۆزی قوتابخانەو خوێندنگاکان و گرفتی لاوەکی

**یوشۆ خدر قەساب**

گەر باسی گوند و لادێیەکانی کوردستان بکەین، سیما و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و هەر لە ڕێگاو بان و شێوازی دروستکردنی خانوو و سادەیی ژیان و دڵگەورەیی و فراوانی و میوانداری و داب و نەریت و کلتوور و تێکەڵاوی و هاوکاری و کارکردن و هەروەزی و ئاژەڵداری و دەستووری جوانی ژنان و جلوبەرگی کوردەواری و گفتوگۆی پیر و بەساڵاچووانی پاڵ گرد و مزگەوتەکان و کۆڕ و دیوەخان و حیکایەتی شەوانی درێژی زستان و سەیران و گەشتوگوزاری وەرزی بەهاران و باعە باعی بەرخ و مێگەڵ و هەوێزماڵین و گەڕانەوەی گاران و دۆشینی مەڕ و بزن چ سەداو خۆشییەک بە گوندنشینان دەبەخشێت، هەروەها گوند تایبەتمەندی خۆی هەیە لە گەشەی منداڵ و هەوای لەبار و ئاخاوتنی زمانی پاراوی دایک و چالاکی و تەندروستی باش و پەرۆشی گوندنشینان بۆ خوێندن، بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەمانە و گەورەیی و خۆشەویستی لەژێر ساباتی جوانی دیمەنەکانی گوند و لادێیەکان، هەموو کات گوند پەناگەو داڵدەی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگە بووە.

ناوەڕۆکی نووسینەکەم بۆ ئەو بەڕێوەبەرە بەڕێزانەیە، کە لە قوتابخانەکانی گوند و لادێیەکان لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوشان و دڵسۆز پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو فێرکردن، فێری منداڵان و قوتابیانی گوندەکان دەکەن، کە پێشەنگی زانست و زانیارینە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ و وەچەیەکی تازە.

کەش و هەواو مامۆستایانی گوند و لادێیەکان، لە قوتابخانەیەکی قوڕو خشت، کە بنەمای وانەوتنەوەی دروستی لێ ڕەچاوناکرێت، لەگەڵ ئەو سیستەمە و گۆڕانکارییانەی ئەمڕۆ ناگونجێ، دەبێ چەند هاریکارو هاوکار و پاڵپشت بن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن، کە وەک براو هاوڕێ و دۆست و خۆشەویست هاوکاری یەک بن، چونکە هەموو کاتێک بەڕێوەبەر هاوسەنگ و پارسەنگی قوتابخانە و خۆشەویستی مامۆستایان و پابەند بوون و هاوکاریکردنی قوتابخانەکانی لە پێشەوەی هەرە کارەکانی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو بووە، قوتابخانەی گوندەکان لە ڕووی پێکهاتەی بینا و ژمارەی مامۆستا جیاوازی زۆری هەیە، لەگەڵ قوتابخانەکانی ناو شار و شارۆچکەکان، لە کاتێکدا قوتابخانەکانی ناوشار دوو دەوام و سێ دەوام زیاتر لە (٣٠) هەتا (٥٠) مامۆستا میلاکی قوتابخانەیە، بێجەگە لە چەند یاریدەدەر و کارمەندانی دیکەی قوتابخانە و زۆری گرفت و کێشە، کە بەڕێوەبەری ناوشار ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان بەڕێوەبەر و مامۆستاکان وەکو پێویست بەدی ناکرێ.

کەواتە قوتابخانەکانی گوند و لادێیەکان جیاوازی زۆریان هەیە، هەر لە بینای قوتابخانە و کەسی مامۆستاو پێکەوە دانیشتن و هاتووچۆ و نانخواردن و خەوتن و هاریکاری خزمەتکردنی هەر هەمووی پێکەوەیە، بەڵام بەداخەوە زۆر لە بەڕێوەبەری قوتابخانەی لادێیەکانخۆشەویستی و هاوکاری و تەبایی لاواز دەکات جیاوازی لە نێوان مامۆستا و هاوپیشەی، کە نەتوانی گیانی خۆشەویستی و تەبایی و لێک حاڵی بوون درووستبکات، بێجگە ژمارەیەکی کەمی قوتابی، کە ناکاتە پۆلێکی ناوشار...هەموو ئامانجمان پێگەیاندنی قوتابییە، کەوتە گەڕانەوەی بۆ گیانی برایەتی و لێک حاڵی بوون و یەکسانی سەرکەوتنە بە پیشەی مامۆستایەتی، ئەنجامەکەی بە بەرزبوونەوەی ئاستی قوتابی و قوتابخانە کۆتایی دێت، چونکە پیرۆزی قوتابخانە گەلێ گەورەترە لە گرفتی لاوەکی و بگرە ململانێی سیاسی و حزبایەتی.

# عەبدوڵڵا سەراج: وشەیەک ئەگەر گەشبێت دەتوانێت زۆر شت بڵێت


عەبدوڵڵا سەراج

**عەبدوڵڵا سەراج قەڵەمێکی تژی جوانی و ئیستاتیکا و داهێنان، چەندە تەمەنی هەڵدەکشێت ئەوەندە بەرهەم و دەقی گەورەتر دەنووسێت، بە تایبەتی کە هەنووکە رووی لە رۆمان نووسینە و بە دەگمەن چیرۆک دەنووسێت، تا ئێستا "١٠" رۆمان و "٦" کۆمەڵە چیرۆک و "٤" کتێبی تیۆری بە چاپ گەیاندووە.**
**هەروەها سەلیقەی لەگەڵ فلچە و رەنگیش هەیەو "٥" پێشانگای لە فینللەندا و یەکێکیشی لە کوردستان کردۆتەوە، یەکەم و دووەم مۆنۆدراماش لە ئەدەبی کوردیدا بە قەڵەمی سەراج نووسراوە، سەراج جگە لە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبیش دەنووسێت.**

## ئا: عەبدولرەحمان مەعروف

*** تەوەرێکی دیکەو دیوێکی دیکەی ژیانت فلچە و رەنگ و وێنەکێشان و هونەری تەشکیلیە، بۆ رووتکردە ئەو دنیایە، یان بڵێین لەگەڵ نووسین یەکدی تەواو دەکەن؟**
— بەر لە هەموو شتێک، من بەر لەوەی دەست بدەمە پێنووس، لە سەرەتاییەوە دواتر لە ناوەندیش وێنەم دەکرد و پەیکەرم دەتاشی، لە ئامادەیی بازرگانی من لە لێژنەی شێوەکاری بووم، کەڤاڵم بە حبری چینی دەکێشا، بەم بۆنەیەوە لە ساڵی (١٩٥٢)، کە جێگری سەرۆکی لێژنەی ئامادەیی بووم، ئەمەش تاکە ئامادەیی بوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم لە هەولێر و سلێمانی قوتابی بۆ دەهات، وتاریشم بە عەرەبی لە رۆژنامەی دیوار دەنووسی و وێنەشم دەکێشا، ئەوەبوو لەگەڵ (سینان سەعید، ئەنوەر محمود سامی، ئەنوەر غەسانی) و چەندانی دیکەش بەشداریم کرد، لە ئاکامدا بەدەستی رەشید نەجیبی پارێزگاری ئەوسا مەدالیای زیوینم وەرگرت، پاش دە ساڵ زانیم پێی وتم: تۆ کوردی، وتم: بەڵی، وتی: ئافەرین. وێنەی (گاندی)م بە مەرەکەبی چینی کێشابوو، دوایی زانیم ئەوە یەکێک بووە لەگەڵ مامۆستا گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و....هتد، کە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر دەستی ئەوان سەری هەڵدا.
***ئەوە باست لەسەرەتا کرد، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کەی پەنا بۆ وشە دەبەیت و کەنگێ بۆ فلچە ..؟**
— من هونەرمەندی تەشکیلی نیم، من ئاماتیورم یان هاویم، کە ماندوو دەبم یان فیکرەیەک زۆریم لێدەکات، ئەگەر نەینووسم وەختە بمرم، دێم وێنە دەکەم، هەر وەکو نووسینێک و دێرە شیعرێکم بۆم دێ، ئەگەر نەینووسم دڵم شەق دەبات، زۆرجار قەڵەمم پێ نەبووە، بە شخاتە نووسیومە، بە ئاماژەیەک نووسیوومە بۆ ئەوەی لەبیرم نەچێتەوە، چونکە زوو شتەکانم لەبیر دەچێتەوە، وێنەکێشان لای من بۆ پشوودانە، من بە رەنگ و هێڵ کەڤاڵ دەکەم، هزر و هەستی خۆم دەردەبڕم، لە نووسینیشدا بە قەڵەم کەڤاڵ دەکێشم، لە ژیانی مندا تەواوکەری یەکترین و شانازیشی پێوەدەکەم.

*** کەوابێ ئیلهام لە تابلۆ و رەنگ و پیشانگا وەردەگریت؟**
— بەڵێ، ئەوەی بە چیرۆک بۆم یەکلایی نەکرابێتەوە، لە رۆماندا وتوومە، زۆرجار سەیردەکەیت وشەش دەرەقەتی ئەو فیکرەت نایێ، بەڵام رەنگێک یان هێڵێک ئەوەت بۆ بکات، هێڵێک دەتوانێت شاخێک دروستبکات، رەنگێک دەتوانێت دەریایێک دروستبکات، بگرە هەموو شتێک دروستبکات، وشەیەکیش ئەگەر گەش بێت دەتوانێت زۆر شت بڵێت.
*** کورد خاوەنی کلتوورێک، رابردوویێک دنیایێک ئەفسانە و....هتد، عەبدوڵڵا سەراج چەند سوودی لێ بینیوە؟**
— لە پێشدا با لەشێوەکارییەوە دەست پێبکەم، ئەو پێشەنگایەی لێرە کردمەوە، دوایی بردمە کەرکووک و ئینجا بۆ سلێمانی، کە لێرە بە فۆڵدەرێکی رەش بوو، ماوەی دوو ساڵ وەزارەتی رۆشنبیری لەسەردەمی کابینەی چوارەم رێگەیان پێنەدام بیکەمەوە، بەڵام من بە تەحەدا وەکو ئەندامی باڵای یەکێتی نووسەران چووم لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو کردمەوە، هەر چەندە گوتیان ئێرە شوێنی پێشانگا نییە، من سوور بووم و وتم: دەبێت. ئیدی دوو گەنجی شاعیرم برد و یارمەتیان دام، پێشانگاکەش کرایەوە و زۆریش سەرکەوتوو بوو، بۆ تەحەدای ئەوان بە وەزیرم نەوت بۆمی بکاتەوە، چونکە رەزامەندییان پێنەدام، بۆیە داوام لە مەحمود زامدار کرد بیکاتەوە، وەزیری رۆشنبیریش دانیشتبوو لە کەرکووکیش بە شێوەیەکی هەژارانە بەرێوەچوو، بەڵام لە سلێمانی رێزێکی زۆریان لێنام، ئەویش یەکێک بۆی کردم، چونکە کاتی خۆی ئەو بووە هۆی ئەوەی لە کوردستان نەمینێم و سەری خۆم هەڵگرم، ویستی قەرەبووی ئەوەم بۆ بکاتەوە، تەلەفۆنی بۆ وەزارەت کرد، وتی: عەبدوڵڵا سەراج چی دەوێ بۆی بکەن، وێڕای خزمەتێکی زۆر (٤٦) چوارچێوەی ئەلەمنیۆمی ملەوەن بە شووشەوە، وەزیر لەوێ نەبوو وەکیل وەزیر هات و پیشانگاکەی کردەوە، بەرێوەبەرە گشتییەکان و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، بەڵام مەخابن دوو کەرکووکی نەبێت وەکو وەزیفە، دوای وەزیر کەوتبوون، یەک کەرکووکی نەهات هەمووم بە دەم پێگوتبوون، کوڕە وەرن شتێکی گەورەیە بۆ کەرکووک، هیچی نەهات، بۆ؟! لەخۆیان بپرسە...
*** بەرای بەرێزتان وایە چیرۆک و رۆمان شوێنیان بە شیعر لەقکردووە؟**
— شیعر هەر بە شیعر دەمینێتەوە و چیرۆک هەر بە چیرۆک و دراما و رۆمانیش هەروا، هیچی جێ لەقی ئەوە ناکەن، ئەمرۆ هەوڵدەدەین زمانی شیعر بێنینە ناو چیرۆک و رۆمانەوە، شیعر و مۆسیقا لە رۆماندا بێنینە ئاراوە، ئەمرۆ ژانرەکان تێکەڵ بەیەکەوە بوون، ئەگەر دەیەمین رۆمانی من بخوێنیتەوە، ئەفسانەی رەنگستان بەشێوەی پرسیارە: مێژووە، جوانی و وێنەکێشانە، ئەفسانەیە، فرینە، دزێوییە، هەموو شتێکە، هەڵبەتە رۆمانێک بە دوو رستە ناگوترێت هەتا نەیخوێنیتەوە.
رەخنەگرانمان لا لەشتی جوان ناکەنەوە، نووسەران و شاعیران لەهەر کامەی دەپرسی، لەبەرچەند هۆیەک ناخوێننەوە، ئاگایان لێ نییە، تۆ چی دەنووسیت و ئەو چی دەنووسێت، ئاڵوونەتە شتی دیکە، ئەوە زۆر ئازارم دەدات، من بۆ بەلەتێک چاوەوە بە تەمەنی (٧٥) ساڵییەوە دەخوێنمەوە و ئاگادارم، بۆ ئەوان لێرە لەسەرچاوەی نووسینەکان ناخوێننەوە، من ناڵێم هەموو شتێک بخوێننەوە، شتی باش.. نووسینی باش هەڵبژێرن، خاوەن وشە گەشەکان و خاوەن هەڵوێستەکان بخوێننەوە، هەڵبەتە لە هەر سەردەمێک وشەی جوان هەیە، وشەی ناشیرینیش هەیە، کورد گوتەنی چەمیش بێ چەقەڵ نابێت، بەڵام نابێت بە بیانووی ئەوەی کاتم نییە، (حابل و نابل) تێکەڵ بکەن، بۆ کاتی نییە، لەچەند دەزگا ئیش دەکات و خەریکی (گیرفانمەند)یە، بۆیە بۆی ناخوێندرێتەوە، تەمبەڵە و خۆی پێناگەینێت، ئەو زانیارییەی، کە هەیبووە هەر ئەوەیە، ئەگەر زانیارییەکانی تریشی بیرنەچووبێتەوە و لێی ون نەبووبێت.
*** نەمری دەق لەکوێدایە، دەڵێن ئەو دەقە زیندووە، ئەمە چی دەگەیەنێت؟**
— نەمری دەق بە ناسنامەی خۆیەوەیە، زمان، ناسنامەمان، ئێمە بە زمانەوە ماوین، نەک بە شاخ و چیاوە، هەرچەندە خزمەتی زمانەکەمان بکەین و یەکگرتووی بکەین، ئەوەندە ناسنامەکان و کوردایەتییەکەمان تەمەن درێژتر دەبێت، نەمری دەق لەوەدایە جوان بڵێی و حەق پەرستبیت، رۆژنامەیەک، گۆڤارێک، کتێبێکم دەوێ خۆی خۆی بفرۆشێت، نەک لەلایەن ئەم و ئەوەوە پاڵپشتی بکرێت، ئەوانە ئەگەر یەکێک لە پشتیانەوە نەبێت سەرکەوتوو نابن، لە ئەوروپا رۆژنامە خۆی بەرێوەنەبات دەمرێت و نامینێت. رۆمان داستانی ئەو سەردەمەمانە...
*** سەراج چی زۆر دەخوێنیتەوە؟**
— بەزۆر دەقی رۆمان، لەپاشان رەخنە، شێوەکاریش دەخوێنمەوە، هەتا دەقەکە نەخوێنمەوە من بروا بە دەقی رەخنەکە ناکەم، چونکە رەنگە رەخنەگر بە هەڵەداچووبێت، هەوڵیش دەدەم رۆمانێکم خوێندبێتەوە جا چ کوردی بێت یان بیانی، ئەگەر کرابێت بەسینەما فلیمەکەش ببینم و بەراوردیان بکەم، بەڵام هەرگیز و هەرگیز نەمدیوە فیلمێکی سینەمایی بگاتە ئاستی دەقەکە، هەر دەقەکە بەرزتر بووە.
*** کەوا بوو ئاگاداری سینەماشی و سوودیشت لێ بینیوە؟**
— بەڵێ...مۆنتاژ دەکەم و گرتە دەگرم، دیالۆگ هەیە سینەمایە، دیالۆگ کەسایەتی دەردەبڕێت، هەژاری دەردەبڕێت، ئاستی رۆشنبیری دەردەبڕێت، خەڵکی شوێنەکە لە دیالۆگەکە دیاری دەکات، دەیان شت لە دیالۆگدا دەخوێنیتەوە.
*** بێگومان بواری رۆژنامەگەری پێشکەوتن و گۆرانی بەخۆیەوە دیوە، لەگەڵ بەر لە راپەرین، بەڵام زۆری و بۆرییەکە و ئاڵۆزراوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە؟**
— هەڵبەتە وەکوو گوتت دیاردەی بەرەو پێشچوون هەستی پێدەکەم، بەڵام بەو پلەیە نییە، کە دەیخوازین و خەونی پێوە دەبینین، رۆژنامەگەری بەلای منەوە پرسیار دروستکردنە، هونەری پرسیارە، کابرایەک چووەلای حەکیمێکی تاوی حیکمەتی لێ فێربێت، لێی پرسی پرسیارت هەیە، وتی: نەخێر، وتی: دەبرۆ پرسیار دروستبکە ئینجا وەرەوە، لە ئەوروپا و لە جیهاندا پرسیار دکتۆرای لێوەردەگیرێت، زانستە...پرسیار ئەوەیە بەرامبەرەکەت بورووژێنی و تورەی بکەیت و ناخی دەربێنی، منیش بەرامبەرەکەم تورە دەکەم ناخی دەردێنم و لێی دەپرسم: هەفتەنامەکەی ئێوە ئەم شتانە دەنووسێت ناترسێ؟ کێ تەمویلتان دەکات و چۆن چۆنی تەمویل دەکرێن، لە سانسۆر ناترسێن؟ لە دەسەڵات ناترسێ؟.
*** هەڵبەتە پرسیارەکانی بەرێزتان دوو تەوەرە، یەکێکیان تەمویلکردن و چۆنیەتی وەگێرخستنی سەرچاوەی داراییە، کە ئەمەیان ئەگەر لێیشی بزانم، ئەرکی من نییە و ئیدارە و دارایی ئەوکارە ئەنجام دەدات، بەڵام لە رێگای ناڕەوا و لەسەر حیسابی کەس نییە. دووەمیش، کە دەڵێی ئێوە ناترسن؟ لە دەسەڵات و سانسۆر ناترسن؟ بۆ ئەوەیان دەڵێم نەخێر، چونکە ئێمە تا ئەوپەڕی ئەخلاقی رۆژنامەگەری لەبەرچاو دەگرین و وەکو رۆژنامەیەکی ئازاد، خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆمانین، ئەوکاتەی تیر و توانج و رەخنەش لە دەسەڵات و لە حکومەت دەگرین، هیچ کاتێک مەبەستمان سووک کردن و ریسوایی و بەرەو هەڵدێر بردن و دەست راکێشانی دوژمن و نەیاران نییە، ئێمە بەوپەڕی هەستکردن و بەرپرسیارێتی و روحێکی نەتەوەییانە درێژە پێدەری پەیامی بەدرخانییەکانین، کارەکانمان دەبەینە پێشەوە، بەو واتایەی رەخنەکانمان بنیادنەرن نەک روخێنەر، لەگەڵ بەرێزیشتانم، ئەگەر پرسیار بەرامبەرەکەت نەورووژێنێ و کۆمەڵێک پرسیاری کلێشەدار و سواوی بخەیتە بەردەست و لێی بکەیت، ئەوا ئەنجام نەدان بڵاونەبوونەوەیم پێ باشترە و پێویست ناکات کات و شوێن و لاپەڕە بۆ گفتوگۆی لەم جۆرە تەرخانبکرێت و خوێنەریش هەناسەسارد و نائومێد بکەین.**
— راستە...پرسیار نابێت سواو بێت، چیت نووسیوە و چی دەنووسی و بۆکێ دەنووسیت، من بۆ کەس نانووسم بۆ میللەت دەنووسم، تێمدەگا یاخود تێمناگات کەیفی خۆیەتی، خۆم لەخۆم تێدەگەم (د.کاوس قەفتان) خوا لێی خۆشبێت، لە حەفتاکان لە کۆڕی زانیاری، وتی: (ئەم هەلەق و مەلەقە چییە دەینووسی) ئەوکات تازە شەش حەوت چیرۆکم بڵاوکردبۆوە، لە هەشتاکان بەولاوە دەستی خستە سەرشانم و وتی:(خۆزگە وەکو تۆ بنووسم)، جا وەرە بەراوردی ئەم دوو رایە بکە، رەخنەگرێکی وەکو (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، کە (ئازاد سوبحی)شی لەگەڵدابوو، پێی وتم: (رۆژگارێک گاڵتەمان بە چیرۆکەکانی تۆ دەکرد، دواتر بۆمان دەرکەوت تۆ بەدەیان ساڵ پێش ئێمە کەوتوویت، ئێستا ئاخ هەڵدەکێشین بۆ عەبدوڵڵا سەراجمان نەخوێندەوە؟!)
من لەوەتای هەم و هەتا ئێستا وەڵامی رەخنەی کەسم نەداوەتەوە، وەکوو لە گۆڤاری راماندا وتوومە، نەک لەبەر ئەوەی رێز لە رەخنە ناگرم، بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی بواری رەخنەم لە تەواوی بوارەکانی دیکە زیاترە، بەڵام ئەو کاتەی بۆ وەڵامدانەوەیەک تەرخانی دەکەم، خەریکی کارێکی باشتر و شتێکی چاکتر دەبم، ئەوە بۆ رەخنەگرەکە جێدەهێڵم، من دەینووسم وەکو دیکۆمێنتێک، دەیخەمە بازاڕ و بەردەستی خوێنەرانەوە.
*** ئەوەی بزانم زۆر بایەخ بە خاڵبەندی و رێنوس و زمان دەدەیت، بۆ؟**
— خاڵبەندی بەلامەوە زۆر گرنگە، خاڵبەندیش بەشێکە لە رستە، یەک رستە، تۆ بە نیشانەکان و بە ئاوازەی دەنگ دەتوانی و دەکرێ بزانی پرسیارە، سەرسورمان یان راگەیاندن؟ ئەمە یەک، دووەم من زۆر بایەخ بە وشەش دەدەم، وشەی کوردی پەتی، ئەگەر هیچ چارەم نەبێت و زاراوەکە تازەبێت و لە زمانی کوردیدا نەبێت، وەک وشەی"تداعی"، وشەکەش هەتا ئینگلیزییەکەی وەستا بێت، من عەرەبییەکەی ناڵێم، هەوڵیش دەدەم لە نا ئامادەیی کۆڕی زانیاری لە کاردابم، چونکە من پێم وایە تا ئێستا هیچیان نەکردووە، من یەکەم کەسم لە ساڵی (١٩٦٩) لە رۆژنامەی (نور)دا وتاریکم بە عەرەبی نووسی، کە هێشتا ئەم دەزگایە دانەمەزرابوو، وتم: دەبێت کۆڕی زانیاریمان هەبێت، لە سیمینارێ رێنووسی کوردیدا داوەت کرابووم، دەستم هەڵبڕی و وتم: من ئامادەم زاراوەی شێوەکاری هونەری دروستبکەم و یەکێک دەبم لە ئەندامەکانی، هەندێک پاڵپشتیان کردم و هەندێک گاڵتەیان پێکردم، لەبەر ئەوەی من وشە دەتراشم.
جەلیل کاکە وەیسی چیرۆکنووس و رەخنەگر دەڵێت: من زمانی عەبدوڵڵا سەراج دەناسمەوە، بێ ئەوەی ناوی بەسەرەوە بێت، چونکە وشە دەتاشێت، وشەی جێکات، کۆ چیرۆک، کۆ رۆمان، کۆ وتار، گۆشەنیگا، بەنیئاژەڵ، کۆستارە بۆ (مجرات)...هتد، دەیانی دیکە من لە ئەدەبی کوردیدا دروستم کردوون، وشەی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)، کە ناوی رۆمانێکی منە، من دروستم کردووە، ئێستا بە دوای ئەوە دەڵێن: هەڵکشان بەرەو ئەوە، هەڵکشان بەرەو ئەمە... هتد، هەموو لەناو رۆمانەکەی منەوە سەرچاوەدەگرن، بەڵام من شانازی بەوە دەکەم قەیدی چییە، خۆ من بۆ میللەتم نووسیوە، نامەوێ مافی داهێنان هەر بۆمن بێت، دەیان وشە دەتاشم، چونکە کۆڕی زانیاری ناکاران، هەر خەریکی ئینقیلاب و ئینقلابکارین.
*** تۆ پێت وایە ئەکادیما یان کۆڕ تا ئێستا هیچیان نەکردووە؟**
— من ئێستا لەدەرەوەم ئاگاداری هەموو شتێک نیم، لە ساڵی (٢٠٠٥) کتێبی (با لە هونەر بگەین)م پێدان، کە لە حەفتاکان نووسیومە لە ساڵی (١٩٧٣ هەتا ١٩٧٤) بە زنجیرە وەکو دیکۆمێنت بڵاوکردەوە، دوای سێ مانگ دایانەوە پێم وتیان: ئەمە ئەکادیمی نییە، لەو ماوەیەش لە دەنگی کوردستانی عێراق خوێندرایەوە، بەرای برادەرانیش ئەوانەی لە شێوەکاری و زانستی جوانی ئەستاتیکا دەزانن، دەڵێن: ئێستاش شتی وا نەنووسراوە، من خوازیارم یەکێکی لەوە باشتر بنووسن.
*** مامۆستا دیاردەی دواخستن و سانسۆرکردنی کتێب لە دەزگاکان چۆن دەبینیت؟ بە تایبەتی عەبدوڵڵا سەراج یەکێک لەو کەسانەیە؟**
— دیاردەیەکی سەیر دەبینم و رێکەوتیش نییە، کتێبێک دەنووسم دوای چوار ساڵ چاپ دەکرێت، من نموونەت بۆ دێنم، هەڵکشان بەرەو لوتکە دوای پێنج ساڵ چاپکرا، کۆچرەو لە ساڵی (١٩٩١) نووسیم و لە ساڵی (١٩٩٦) بۆ دەزگایەکەم برد، کەچی لە ساڵی (٢٠٠٣) چاپیانکرد، کاولاش لە ساڵی (١٩٨٦) نووسیم لە ساڵی (١٩٩٧) چاپکرا، بەرەو ئاستانەی رۆمانی کوردی بەدەستی دکتۆری بەرێز "فوئاد مەعسوم" لە هیلسنکی، کە پێشەنگایەکەم لەسەر شەرەفی ئەو کردەوە، لەوێ داواکاریەکەم کرد، وتم: بەئیشی بەرێزتان ناشێت، ئەم کتێبەم بۆ بگەینە دەستی بەرێز "شێرکۆ بێکەس" لە دەزگای سەردەم دوای سێ ساڵ، چەند کەسم ناردۆتە دەزگا، وتویانە هەڵەی تیایە و... ئیدی خۆشم چوومە لای و بە دوو سێ وتار هێرشم کردە سەریان، ئینجا کاک شێرکۆ پاساوی ئەوەی بۆم هێنایەوە، وتی وەڵڵا من ئاگام لێ نییە، ئەمساڵ لەمنی بخوازە، من لە رقان بۆ پێشەنگاکەشم داوەتم نەکرد، بەگەورەیی خۆی هاتبوو، یەک لاپەرەشی نووسی و کتێبەکەشی بەچاپگەیاند، رەنگە لە هەندێک جاریش دەستێک هەبێت هەڵەی کردبێت و من سوپاسیان دەکەم، بەڵام سوورم لەسەر ئەوەی، کە هەموویان رێکەوت نییە، ئەوەتا رۆمانی نوێیەمم (سریکۆک هۆکلسێر) بۆ سانسۆری دەکەن، یانی دەتانەوێ مەسەلەی سەگوەر و لەخەوما لەگەڵ مندا دووبارەبکەنەوە، ئەوە مەحاڵە، ئەمن بەرێ ماڵم فرۆشتبێت چاپی دەکەم و دەیگەینمە خوێنەر، شوکر وا ئێستا لە سلێمانی چاپی دەکەن، من هیچم نەوتووە، رەخنەم گرتووە بۆ ئەوەی ئەم دەزگای حکومەتەی دەتوانم لەنێوان دووکەوانە ناوی بنێم (تۆز و با) چاک ببێتەوە، بودجەی ئێمە، بەقەدبودجەی سوریا و ئوردنە ئێمەش لێرە سێ شارنین، سێ شارەوانین، کەچی هیچی وا نەکراوە، من بە موتلەقی ئەوە ناڵێم هیچ نەکراوە، بەڵام بایی ئەو پارە نەکراوە، دەپرسم باقییەکەی چووەتە کوێ، بۆچی یارمەتی و نانی هونەرمەندان و ئەدیبان دەبڕن؟ حکومەت چۆن دەبێت لەشاردا پاسی نەبێت؟ چۆن دەبێت حوکمەت پۆستەو گەیاندنی نەبێت؟ لە ئەوروپا رۆژانە پۆستە دێت، دیموکراسی ئەوەیە: سیاسەتمەدارێکی ئەورووپی دەڵێت: من حەق بەخۆم دەدەم تۆ دژم بیت، ئەگەر دژم بیت ئەوجا هەست دەکەم من ئینسان و دیموکراسیم، کە تۆش هاتیتە سەر حوکم، حەق بە من بدە، ئەمە دیموکراسییە، لای ئێمە خەیاڵە، بەداخەوە کاربەدەستانمان بەرپرسانمان، هەموو ئەورووپایان دیوە یان نایزانن یان خۆیان بێ ئاگا دەکەن. یانی چی؟ با خۆیان وەڵام بدەنەوە...

بەشی دووەم






پەروەردە

# لە سیستەمی تازەی پەروەردە دا مامۆستا بە ئارەزووی خۆی خوێندکار راسب دەکات


**راپۆرتی کاروان عەلی**


ئاشکرایە کە سیستەمی تازەی پەروەردە دەنگۆیەکی گەورەی ناوەتەوە لە نێوان چینی خوێندکاران، بە تایبەتی ئەو خوێندکارانەی، کەوا تاقیکردنەوەی نیشتمانی ئەنجام دەدەن، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ روونکردنەوەیەکی ئەوتۆ بۆ خوێندکاران نەکراوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کەوا خوێندکاران سەریان لێ بشێوێ و نەزانن کە نمرەکانیان چۆن کۆدەکرێتەوە و چی بەسەر دێت، یاخود بەدیوێکی تر کە خوێندکاران دەڵێن سوودی ئەم کۆرساتانە چییە، کەوا تەنها بەناو بووە کۆرسات و تاقیکردنەوەی رۆژانە بووە بە کویزات و سیستەمی کۆرساتیان بەسەر ئێمەدا سەپاندووە، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا نازانین کویز چییە، هەروەها تاقیکردنەوەی مانگانە و نیوەی ساڵ هەروەکو تاقیکردنەوەی پێشووە، پشووش هەروەکو پشووی نیوەی ساڵ بووە، بۆیە تەنها هەندێک ناوی گەورەتر و قەبەتریان بۆ داناوە، هەروەها ئەم کۆرساتە وەکو کۆرساتی پەیمانگاکان و زانکۆش نییە، بۆ روونکردنەوەی زیاتر و ئاشنابوون بە سیستەمی تازە چەندین پرسیارمان ئاراستەی بەرپرسانی پەروەردەو مامۆستایان و خوێندکاران کرد، هەروەها مامۆستا ئەکرەم یابە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامێزی بنەڕەتی کوڕان، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی ئایا بەهۆی ئەم سیستەمە تازەیەوە ئاستی خوێندکاران بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەویش گوتی: بە بۆچوونی من بە رێژەیەکی کەم ئاستیان بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەم سیستەمە لەگەڵیان دەگونجێ، یاخود لە ماڵەوە کەسانی خوێندەوارییان هەیە، ئەمە وادەکات خوێندکار لەگەڵ ئەم سیستەمە تازەیە ئاشنا بێت و ئاستیان بەرز بێتەوە، بەڵام ئەوەی شایەنی باسکردنە زۆربەی رێژە زۆرەکەی ئاستیان دادەبەزێ، چونکە خوێندکار لە پۆلی یەکەوە تاوەکو پۆلی نۆی بنەڕەتی هیچ تاقیکردنەوەیەکی وزاری ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی خوێندکاران، چونکە خوێندکار هەیە پشت لە وانەیەک دەکاتەوە و دەڵێ ئەم وانەیەم با بۆ عبور بێ، یاخود خوێندکارەکە نمرەی مانگانەی باشە و پشت لە مانگەکانی تری خوێندن دەکات.

*** چ هەنگاوێک باشە بۆ ئەوەی خوێندکار تەنها بۆ نمرە نەخوێنێ، بەڵکو بۆ ئاستی زانستی خۆی بخوێنێ؟**

– ئێمە تاقیکردنەوەمان کردۆتە پێوەرێک بۆ ئەوەی ئاستی زانستی خوێندکاری پێ بزانین و لە پۆلێک بچێتە پۆلێکی تر، بەڵام بەڕاستی خوێندکار تاوەکو ئێستا خوێندنی تەنها بۆ نمرەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەوا بابەتەکان زۆرن و زۆر لایەنی تێدایە کە ناتوانرێ ئاواتی خوێندکار لەو بابەتە زۆرانە ببینرێتەوە، چونکە خوێندکار هەیە تەنها ئارەزووی بابەتی ئەدەبی دەکات، بەڵام لەم لاوە دەبێ بابەتی زانستی بخوێنێ، ئەمە وادەکات کە خوێندکار تەنها بۆ نمرە بخوێنێ، هەروەها ئەوەی پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە دەتوانرێ هەنگاوی باشتری وەکو کردنەوەی تاقیگە یاخود هۆڵ، کە لە زۆربەی خوێندنگاکان نییە، جگە لە کەشی لەبار بۆ خوێندکار و کردنەوەی خول و هۆڵ، بۆ نموونە کە کۆمپیوتەر دەخوێنێ وانەیەکی وشکە، گەر بێتو هۆڵی کۆمپیوتەرت نەبێت، یاخود کەم کردنەوەی ماوەی دەوام یان کەم کردنەوەی هێندێک بابەت، کە تەنها بۆ کات بەسەربردنەکەیە.

*** رێژەی دەرچووان لە سیستەمی نوێ باشترە، یاخود سیستەمی کۆن؟**

– سەرباری هاتنە خوارەوەی ئاستی خوێندکاران، چونکە هەڵسەنگاندنی تێدایە ئەم هەڵسەنگاندنەش وای کردووە. کەوا خوێندکاران هەنگاو بە هەنگاو نمرە کۆبکاتەوە و بتوانێت تەنها بۆ دەرچوون نمرە کۆبکاتەوە بۆیە رێژەی دەرچووان لەم سیستەمە باشترە، چونکە سیستەمی پێشووتر تەنها دوو، سێ تاقیکردنەوە هەبوو، گەر خوێندکار دەرچووبا ئەوە باش بوو، گەرنا هیچ رێگە چارەیەکی تر نەدەما و خوێندکار راسب دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی دەرچووان.

*** گەر خوێندکار تەنها لە کۆرسی دووەم تاقیکردنەوە بکات ئەمە نابێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی زانستی خوێندکاران؟**

– بێگومان چونکە خوێندکار لێرە بابەتەکانی تر لەبیر دەکات و ناخوێنێت ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی خوێندکار.

هەروەها مامۆستا لەمیعە عەزیز بەڕێوەبەری خوێندنگای خێرای بنەڕەتی ئافرەتان لە دارەتوو گوتی: مامۆستایان گلەیی لەم سیستەمە تازەیە دەکەن، چونکە هەموو گۆڕانکارییەکان لەناکاو بوو، ئەم سیستەمەش پێویستی بەوەیە، دەبێت شوێنی فراوانی هەبێت، نەک وەک ئەم خوێندنگایانەی ئێستا، جگە لەوەش پێویستی بە مامۆستای شارەزا هەیە، کە بەشداری چەندین خولی کردبێت بۆ زیاتر شارەزابوونی ئەم سیستەمە، بۆیە لێرەوە دەڵێم پێویستە زیاتر خول بکرێتەوە، چونکە زۆربەی مامۆستایان تاکو ئێستا وەکو پێویست شارەزا نین لەم سیستەمە، ئەوانە و چەندین شتی دیکە وای کردووە، کە مامۆستایان گلەیی زۆریان لەو سیستەمە هەبێ.



*** ئایا ئەم سیستەمە مامۆستا ماندوو دەکات یاخوود بە پێچەوانەوە؟**

– بە بۆچوونی من زیاتر ماندووی دەکات، لەبەرئەوەی کۆرسی یەکەم شێوازێکی خوێندن دەخوێندرێ، بەڵام کۆرسی دووەم شێوازێکی تری خوێندن دەخوێندرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەر لێ شێواندنی خوێندکار و شێوازی خوێندنی نوێ وادەکات لێی تێک بچێت و مامۆستاش بۆ باشترکردنی ئەم کێشانە لێرە زیاتر ماندوو دەبێت لەگەڵ خوێندکار.

*** سیستەمی کۆرسات رێگر نییە بۆ تەواوکردنی مەنهەج؟**

– بەڵێ بێگومان رێگرە، چونکە ئەو بەرنامەیەی دانراوە بۆ کۆرسی یەکەم، رەنگە مامۆستا نەتوانێت لەو ماوەیەدا تەواوی بکات، بۆیە مامۆستا ناچار دەبێت وازدەهێنێ لەو بابەتانەی نەخوێندراون و تەواو نەکراون لە کۆرسی یەکەم، پێویستە بچێتە سەر بابەت و بەرنامەی کۆرسی دووەم، ئەمەش لێرەدا دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی خوێندکار، چونکە خوێندکار ساڵێکی تر رەنگە لە شێوەی ئەو بابەتە بخوێنێ و پێویستە بیزانێ، بەڵام ئەوەندەی خوێندووە و ئەوەش کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە بۆ خوێندکار لێرەشدا بابەتەکە تەواو نەکران.

*** شێوازی وانە گوتنەوە گۆڕاوە لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی نوێ، ئەو گۆڕانە چۆنە؟**

– بەڵێ گۆڕاوە، بەڵام لە هەندێک شوێن جێبەجێدەکرێ و لە هەندێک شوێن جێبەجێ ناکرێ، ئەوەتا لە سلێمانی دوو مامۆستا دەچنە یەک پۆل و بۆ زیاتر یارمەتیدانی یەکتری و تەواو گەیاندنی بابەتەکان و زانستی پێویست، بەڵام لە هەولێر شتی وام نەبینیوە، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەک نابینم تەنها بەناو نەبێت، هەروەها (رزگار عوسمان) لە پۆلی (٩)ی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ئامێزی کوڕان وتی: لە تاقیکردنەوەی رۆژانە، کە ئێستا پێی دەڵێن کیوز بۆتە هۆی ئەوەی، کەوا خوێندکار رقی لە قوتابخانە ببێتەوە بێزاربێت، چونکە هێندێک مامۆستا رەچاوی خوێندکار ناکەن، کە خوێندویەتی یان نا هەر چ کاتێک بێت تاقیکردنەوە دەکات، زۆر باشیش خوێندکار ئامادە نییە، ئەمە وادەکات خوێندکار رقی لە قوتابخانە و تەنانەت مامۆستاش ببێتەوە.

*** خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی وەکو تاقیکردنەوەی ساڵانی پێشوو، واتە تاقیکردنەوەی وزاری دەترسن؟**

– نەخێر، چونکە تاقیکردنەوەی وزاری نابێتە پێوەرێک بۆئەوەی خوێندکار نەتوانێت ئەو قۆناغە ببڕێت، ئەمەش زۆر باشە چونکە خوێندکاران بێ دوو دڵی و ترس، زۆر بە ئارامی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێندکار بە ورەیەکی زۆرەوە، بڕوانێتە ئایندەی خۆی، من سوپاسی ئەم بڕیارە دەکەم چونکە ئەمە باشترین بڕیارە، کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی پێوەر نەبێت.

*** دەڵێن مامۆستایان پێتان دەڵێن: بە ئارەزووی خۆمانە راسبتان بکەین، ئەمە تا چەند راستە؟**

– بەڵێ، راستە، چونکە یاسای ئەم سیستەمە وایکردووە، کەوا هەموو نمرەیەکی خوێندکار لەژێر دەستی مامۆستا دابێت، بۆیە مامۆستاش وەکو هەڕەشەیەک پێمان دەڵێت بە ئارەزووی خۆمانە راسبتان بکەین یان نا، ئەمەش بۆ خوێندکار زۆر ناخۆشە و کاریگەری لەسەر دەروونی خوێندکار دەکات و وا دەکات خوێندکار بێئومێد بێت، رقی لە قوتابخانەو مامۆستاش ببێتەوە، هەروەها مامۆستا دەتوانێت بەهۆی ئەم سیستەمە تازەییەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی زۆر شت بکات،

سۆزان زراریش خوێندکاری پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی پرژەی کچان، دەربارەی ئەم سیستەمە تازەیە، وتی: ئەم سیستەمە هیچ سوودێکی ئەوتۆی بۆ خوێندکاران نەبووە، بگرە، کە بۆتە هۆی سەرلێشێواندنی خوێندکاران، چونکە خوێندکار تاکو ئێستا نازانێت تاکو ئێستا نمرەی کۆرسات چی بەسەردێت، خوود لەگەڵ تاقیکردنەوەی نیشتیمانییەکە، کۆدەکرێتەوە یان نا، چەندین پرسیاری نەدیاری تریش وایکردووە کەوا خوێندکاربێزاربێت و بیر لە وازهێنانی لە قوتابخانە بکاتەوە.

*** لەم سیستەمە تازەیە چی لە بەرژەوەندی خوێندکار دایە؟**

– تەنها ئەوەندە دەڵێین، گەر لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانییەکەش دەرنەچێت، گەر لە هەردوو کۆرسەکان تێکڕای نمرەکانت دەرچوو، ئەوا تۆ ئەو قۆناغە هەر دەبڕی و بەهیوام ئەمەش دەستکاری نەکرێت، چونکە ئەمە دڵخۆشکەرە بۆ خوێندکار.

*** چی دەربارەی کیوز دەڵێی؟**

– کیوز ناخۆشترین ناوە بەلای منەوە، چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشت، ئەوادەتوانێت بەشداری تاقیکردنەوەی نیشتیمانی نەکات؟

وتی: نەخێر پێویستە بەشداری لەم تاقیکردنەوە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە گەر بەشداری نەکات، ئەوا بڕوانامەی پێنادرێت، دەبێت خوێندکار بەشداری لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی کردبێت.

*** ئایا بڕوانامەی نۆیەمی بنەڕەتی چۆن دەبێت، چۆن خوێندکار بەدەستی دێنێت؟**

– گەر خوێندکار لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی دەرچووبوو، ئەوا بڕوانامەی دەبێت و بڕوانامەی بۆ رێکدەخرێت.

*** ئێوە ئاگادارن، کە مامۆستایان بەهۆی ئەم سیستەمە تازەیەی وەکو هەڕەشە بە خوێندکاران دەڵێن، بە ئارەزووی خۆمانە راسبتان بکەین یان نا؟**

_ نەخێر ئاگادار نینە و شتی واش نییە.

*** هیچ رێنموونییەک هەیە، کەوا بزانین پرسیارەکان لە کوێ ئامادە دەکرێ؟**

– بەڵێ رێنماییەکان چۆنیەتی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزا جێبەجێ دەکرێ، بەڵام بۆ پۆلی هەشتەم و نۆیەم لە وەزارەت ئامادە دەکرێت، وەک تێبینییەک خوێندنی خێرا و فێرکردنی گەورە بە شێوازی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی (٢٠٠٨–٢٠٠٩) ناکەن، بەڵام لە ساڵانی ئایندە دەبێ تاقیکردنەوە ئەنجامدەن.

مامۆستا (عەبدوڵڵا سابیر)یش بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر گوتی: گەر خوێندکار لە هەردوو کۆرسەکە لە تێکڕایی نمرەکان دەرچووبێت، هەر دەتوانێت ئەم قۆناغە ببڕێت گەر لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیش بێت، دەتوانێت بچێتە ئامادەییەوە، یاخود ئەو پەیمانگایانەی کەوا خوێندکار لەدوای بنەڕەتیەوە وەردەگرن، وەکو پەیمانگای هونەرە جوانەکان و پەیمانگای تر، بەڵام مەرجە کەوا خوێندکار ساڵێکی تر تاقیکردنەوە ئەنجام بداتەوە، ئەگەر دەرنەچووبوو، چونکە وەکو قەرز وایە خوێندکار دەبێ دەربچێت.

*** سیستەمی کۆرسات تەنها بۆ ساڵی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) یاخود بە بەردەوام دەبێت؟**

– ئەمە سیستەمە بەردەوام دەبێت وەکو سیستەمی پێشووتر.

*** ئایا نمرەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی کۆ دەکرێتەوە لەگەڵ نمرەمانی کۆرسات؟**

– نەخێر، تاقیکردنەوەی نیشتیمانی جودایە، نمرەکان کۆ ناکرێتەوە چونکە تاقیکردنەوەکە بۆ بڕوانامەکەیە و سەربەخۆیە.

# سی و پێنچ ساڵ لەمەوبەر شاری قەڵادزێ خەڵتانی خوێن کرا!




**کازم عومەر دەباغ**


میللەتی کورد لەماوەی هەشتا و هەشت ساڵی رابردوو تا ئەم سات و کاتە هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق رووبەڕووی ململانێ و شەڕو گێچەڵ بۆتەوە، نەیاران بەهەر شێوەیەک بۆیان گونجاو بێت هەوڵیان داوە دەنگی ئازادی ئەم گەلە زۆرلێکراوە کپ بکەن و تا ڕادەیەک چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیشیان بۆ قەڵاچۆکردنی بەکارهێناوە، ئەمەی گرنگە بەهۆی خەبات و خۆڕاگری رۆڵە قارەمانەکانی ئەم میللەتە توانراوە تارادەیەک سنوورێک بۆ دەست درێژییەکانیان دابندرێت و نەیان هێشتووە دوژمنان خەونەکانیان بەئاکام بگات، ئەگەرچی جیاوازییەکی بەرفراوان هەبوو لەنێوان هێز و توانای سەربازی ئێمە و ئەوان. ئەم نابەرابەرییە وایکردوە گەلێک جار زیانی گەورە بە میللەتەکەمان بکەوێت، سی و پێنچ ساڵ لەمەوبەر کارەساتی بۆمبابارانکردنی شاری چەندجار شەهیدی قەڵادزێ، لەبەرەبەیانی رۆژی (١٩٧٤/٤/٢٤) کاتژمێر (٩:٤٥) خولەک لەلایەن فرۆکە شەرکەرەکانی حکومەتی بەعسی لەناوچوو رووی دا، لەم هەڵمەتە نامرۆڤانەدا بەسەدەها کەس لەخەڵکی بێ تاوانی ئەم شارە لە ژن و منداڵ و پیر و خوێندکاری زانکۆ شەهیدو بریندار بوون، وەک شایەدحاڵێکی برینداری ناو ئەم کارەساتە تراجیدیایە باوەڕ ناکەم هیچ وێنەگرو مێژوونووسێک بتوانێت ئەم رووداوە کەم وێنەیە بگێڕێتەوە، کە چۆن کەللەی سەری پژاو و دەست و لاقی ئەم خەڵکە لێرە و لەوێ لەسەر شەقامەکان کەوتبوو، ئێوارەی هەمان رۆژ دەیەها لاشە لەسەر عارەبانە دانرابوون و بەرەو گۆڕستان دەبردران !!

سەرکردایەتی هەمیشە رێگای گفتوگۆی هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بەمافەکانی و روونەدانی کارەساتی لەم شێوەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە رێگای گفتوگۆیان ئەگەر هەڵبژاردبێت بۆ جێبەجێکردنی مەرامی گڵاوی خۆیان بووە کارەساتی بۆمبابارانی شاری قەڵادزێ. دوابەدوای پاشگەزبوونەوەی حکومەتی بەعس هات لەم رێکەوتنەی کە لە (١١/ئازاری/١٩٧٠) لەگەڵ سەرکردایەتی کورد ئیمزای کردبوو.

دوای چوار ساڵ گفتوگۆ لە (١٩٧٤/٣/١١) بەعسییەکان دەرگای گفتوگۆیان لەبەردەم سەرکردایەتی کورد داخست و زمانی هەڕەشە و شەڕیان هێنایە گۆڕێ، ئەوەبوو شەڕ دەستی پێ کردەوە جەماوەرێکی زۆر لە کوردستان لە دەوری شۆڕش کۆبوونەوە و روویان کردە ناوچە ئازادکراوەکان، ئێمەش وەک خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی هاوشێوەی جەماوەری راپەڕیو هۆڵەکانی خوێندمان بەجێ هێشت و پەیوەندیمان بەشۆڕشەوە کرد.

کۆبوونەوەی جەماوەری بەم شێوەیە هەموو چینەکانی حکومەتی ناوەندی هەراسانکرد و وایکرد بەدڕندانەترین شێوە بەرەنگاری جەماوەری خەڵکی کوردستان بێتەوە. کارەساتی بۆمبابارانکردنی شاری قەڵادزێ تاوانێکە لەم تاوانانەی، کە دەرهەق بە میللەتەکەمان کراوە و چەندین خانەوادەی وەک ماڵی (حەسەن حاجی مەحمود، مامۆستا عەبدولرەزاقی حاجی رەشید ) و چەندین خوێندکاری زانکۆی وەک: حەمە ساڵح سام سام و بورهان شاسواری و ئازاد حوسێنی گۆرانیبێژ.



بەم شێوەیە دوژمنانی گەلەکەمان لاپەڕەیەکی ڕەشیان خستەسەر لاپەڕەکانی دیکەیان و لاپەڕەیەکی پڕ شانازیشیان خستە سەر خەباتی مێژووی گەلەکەمان.

ئەوەی گرنگە دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ ئەم تاوانە بکردبایەوەو پێشکەشی دادگای باڵای تاوانەکانی بکردبایە، بۆئەوەی ئەم کارەساتە خوێناوییەش سەنگی خۆی بدرابایە و لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکرابایە. ئەم کارەساتە دەبێت ببێت بە هەوێنی یەکریزی میللەتەکەمان بۆئەوەی دوژمنان نەتوانن جارێکی دیکە زەفەرمان پێ ببەنەوە.

لاپەڕەیەکی وەرزشییە، بەدرخان دەریدەکات
بەسەرپەرشتی:
زاگرۆس نانەکەلی و ئەحمەد مستەفا

# وەرزشی بەدرخان

ژمارە ٤ ، ١١٦، ئەپریلی ٢٠٠٩/٤/٢٢


## شـــووت

## بەدرخانییەکان لە وەرزش ئەسپی خۆیان تاوداوە؟

**زاگرۆس نانەکەلی**

بەبۆنەی (111) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، چەپکێک گوڵی نێرگز بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و چەپکێکی تری نێرگزی تایبەت بۆ گیانی پاکی رۆژنامەنووسانی شەهیدی ئەو ڕێگایە دەنێرم.

بەردخانییەکان بوون بە دەروازەو مامۆستا و سەرچاوە و چاوساغی رۆژنامەگەری کوردی، ئایا بە هەمان ئەو مێژووە مەزن و پڕ سەروەری و داهێنانە کاریان بۆ وەرزش و راگەیاندنی وەرزشی کردووە؟ پرسیارێکە وەڵامدانەوەی ئاسان نییە، جگە لە وەرزش گەر باسی (مەحمود مەلیجی و سەلاح سەعدەنی و یوسف شەعبان و سوعاد حوسنی) بکەین، ئەوان خانەوادەی بەدرخانین و دەڵێن کوردن، هەروەها دەڵێن (لەیلا بەدرخان) کە لە بنەماڵەی بەدرخانییەکانە یاری یان هونەری (باڵێ)ی کردووە، باڵێ نزیکە لە وەرزش، بەڵام زیاتر بەلای هونەرەوە دەچێت، چونکە زۆربەی یاریزانەکانی باڵێ جیمناستیک دەکەن، بەڵام ئەو پرسیارەی، کە تا ئێستا وەڵامی لای من و خوێنەرانیش نییە...ئایا بەردخانییەکان وەرزشیان کردووە؟ ئایا بەدرخانییەکان یاریزانی وەرزشیان هەبووە؟ کێ دەڵێ ئەو بنەماڵەیە بەناوبانگە یاریزانی بەناوبانگیشی لێ هەڵنەکەوتووە؟ ئێمە پێی نازانین، لەوانەیە وابێ و لەوانەشە بوونیشی نەبێ، بەڵام ئەی راگەیاندنی وەرزشی ئاوا پیشەی خۆیان بووە، کەس هیچ لەو بنەماڵەیە بیریان لەوە نەکردۆتەوە لەسەر وەرزش بنووسن؟ تا ئێستا هیچ نووسراوێکی بەدرخانییەکانم بەدەست نەکەوتووە، کە لەسەر وەرزش نووسیبیان، لەوانەیە بوونیشی هەبێ و ئێمە نەمان زانیبێ، بەڵام بۆ ماوەی دوو مانگە گەر ئەم ئەسپە لە قاهیرەش تاو نەدرابێ، رۆژنامەی بەرخان من و هاوکارم لە هەولێر تاومانداوە، هیوا خوازین، کە بتوانین تێنوێتی، خوێنەرانی وەرزشی بشکێنین، سەرکەوتن و سستیمان بۆ رەخنەگری وەرزشی و خوێنەرانی ئازیز بەجێ دێڵین.

## (١١١) ساڵەی رۆژنامەنووسی وەرزشی خۆی نەدۆزیوەتەوە!

**وەرزشی بەدرخان**

بەڵێ ٤/٢٢ یادی (١١١)ەمین ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردییە، تا ئێستا رۆژنامەنووسی وەرزشی خۆی نەدۆزیوەتەوە، بەڵگە بۆ قسەکانم زۆرن، بەڵام ئایا ئێمەی رۆژنامەنووسی وەرزشی کەم تەرخەمین؟ یاخود رۆژنامەنووسی وەرزشی دوای راپەڕین سەری هەڵداوە و پێشتر بوونی نەبووە، دەکرێ بڵێین نەخێر بۆ هەردووکیان، رۆژنامەنووسی وەرزشی هەوڵی داوە، بەڵام هەوڵەکان زیاتر دوای راپەڕین بووە، بەر لە راپەڕین (سدیقی گچکە و سەلاح حەسەن خەسرۆ و سەرتیپ فاریق و عیماد قادر و هۆشیار عەبدولرەحمان، شێخ ستار بەرزنجی) هەبوون، بەڵام ئازاد نەبوون و نەیاندەتوانی بە ئارەزووی خۆیان بنووسن، دوای راپەڕین (یاوەر نامیق و زاگرۆس نانەکەلی و سەنگەر زرار و محەمەد سەعید کوردە و زیاد هورمزیاری...هتد) هەبوون، ئێستاش کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی بەتواناو کۆمەڵێک رۆژنامەی بەتوانا پەیدابووە...بەڵام ئایا رۆژنامەی وەرزشی ئەکتیڤ بووە و بە پرۆفیشناڵی کارەکانیان ئەنجامدەدەن؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی زۆر زەحمەتە، چونکە تا ئێستا وانەیەک لە کۆلیژی راگەیاندنیش نییە، باس لە راگەیاندنی وەرزشی بکات، کەواتە ئێمە کەسمان ئەکادیمی نین!! بەڵکو خۆرسک و سەماعین!! کەواتە دوای (١١١) ساڵ ئێستا رۆژنامەنووسی وەرزشی خۆی نەدۆزیوەتەوە، ئایا نووسەر و رۆژنامەنووسی بەتوانامان نییە؟ ئایا کەم تەرخەمین لە رۆژنامە وەرزشییەکان؟ یان مێژووی رۆژنامەی وەرزیشمان نییە؟ یان گرنگی بە رۆژنامەنووسی وەرزشی نەدراوە؟ یان لایەنی پەیوەندیدار گرنگی بە رۆژنامەی وەرزشی نەداوە؟ یاخود کێشەیەک، وشەیەک بوونی نییە، کە پێی بڵێن راگەیاندنی وەرزشی؟ یان رۆژنامەنوسی وەرزشی لەناخەوە نەچۆتە ناو خودی پیشەکە؟ ئەمانە هەموو پرسیارن قابیلی وەڵامدانەوەن، بەڵام کێ وەڵام دەداتەوە؟ من دەڵێم هەر هەموومان بەیەکەوە وەڵام بدەینەوە، بەم مەرجانە:

١- هەموو بەگشتی یەکبگرین. ٢- رێز لە یەکتری و پشتی یەکتری بگرین و بتوانین وا بکەین گرنگیمان پێبدەن. ٣- کردنەوەی خولی تایبەت بە راگەیاندنی وەرزشی. ٤- رۆژێک دابنێین بۆ یادی رۆژنامەگەری وەرزشی کوردی، ئێمەش ساڵانە بیکەینە رۆژی خۆمان و ئاهەنگ بگێڕین. ٥- سەفەری دەرەوەی وڵات بکەین زانیاری لە کۆلێژەکان وەربگرین سەبارەت بە زانستی راگەیاندنی وەرزشی.

بەڵێ ئەم مەرجانە ئەکتیڤ و پرۆفیشناڵی رۆژنامەنووسی لێ دەردەچێ، خۆمان و بەرامبەریشمان حیسابمان بۆ دەکەن، ئومێدەوارم لە ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی رۆژێک تەرخان بکرێ بۆ راگەیاندنی وەرزشی.



## دەنگی هەولێر گەیشتە یاری کۆتایی خولی راگەیاندن

**ئا: وەرزشی بەدرخان**

لە یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی خولی دەزگا راگەیاندنەکان، تیپی دەنگی هەولێری رادیۆی مەڵبەندی "٣" توانی بگاتە یاری کۆتایی ئەو خولە، ئەوەش دوای سەرکەوتنی بەسەر تیپی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس بە ئەنجامی (٢-٠)، بڕیاریشە بەم نزیکانە یاری کۆتایی خولی دەزگا راگەیاندنەکان ئەنجام بدرێ و دەنگی هەولێر لە یاری کۆتایی چاوەڕوانی براوەی یاری "تەلەفزیۆنی ئازادی سپۆرت و رۆژنامەی هەولێر) دەکات.

جێی ئاماژەیە ئەم خولە لەلایەن لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشییەوە سەرپەرشتی دەکرێ.

## پاڵەوانێتی مەلەی کچان لە هەولێر دواخرا

**ئا: وەرزشی بەدرخان**

یەکێتی مەولەوانی کوردستان لقی هەولێر، بڕیار وابوو لە مانگی ئازاری رابردوو پاڵەوانێتی مەلەی یانەکانی هەولێر بۆ کچان ئەنجام بدات، بەڵام بۆ ناوەڕاستی ئەو مانگە دواخرا، لەم مانگەش ئەنجامدرا سەرچاوەیەک لە یەکێتی مەلەوانی پێیان راگەیاندین هۆی دواخستنی خولەکە کێشەی داراییە، چونکە ئێمە بەس یەک ملیۆن دینارمان لەلایەن یەکێتی مەلەی کوردستانەوە بۆ دابینکراوە، بەڵام تەنها کرێی مەواەوانگە (٦٠٠) هەزار دینارە، بۆیە ناتوانین ئەم پاڵەوانیەتییە رێکبخەین.

## ولیامد و نادال بەبێ رکابەر لە یەکەمی جیهاندایە

**ئا: وەرزشی بەدرخان**

لەدوا ریزبەندی یەکێتی تێنیسی جیهانی، کە مانگانە بۆ باشترین یاریزانانی جیهان لە یاری تێنس بڵاودەکرێتەوە، ریزبەندی جیهانی بۆ ئەم مانگە بەم جۆرەیە:

١- نادال (١٤٤٧٠) خاڵ.
٢- رۆجیە فێدرێر (١١٠٢٠) خاڵ.
٣- دیکۆڤیچ (٩٠١٩) خاڵ.
٤- ئەندی مۆرای (٨٨٤٠) خاڵ.
٥- دیل پۆتدۆ (٤٧٩٠) خاڵ.

لەسەر ئاستی کچانیش ریزبەندەکە بەم جۆرەیە:

١-ڤینۆس ویلیامند (٩١٣٢) خاڵ.
٢- ساڤینا (٨٩٥١) خاڵ.
٣- دیمیتیڤا (٧٥٦١) خاڵ.
٤- جۆنکۆڤیچ (٧٣٥٠) خاڵ.
٥- زڤاتۆرۆڤا (٦٧٢٠) خاڵ.

## سێ یانەی ئینگلیزی لە چوارگۆشەی زێڕینی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپان

**ئا: وەرزشی بەدرخان**

بە یارییەکانی چوون وهاتنی خولی یانە پاڵەوانەکان و جامەی یەکێتی ئەوروپا، ناسنامەی ئەو یانانە ئاشکرابوو، کە توانیان بچنە چوارگۆشەی زێڕین، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە خولی یانەکانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، لەنێو چوار یانە سێ یانەی ئینگلتەڕان، واتە بە مسۆگەری لایەنێک لە ئەنگلیزەکان لە یاری کۆتایی دەبێت، لەوانەشە کۆتاییەکەی تەنها ئینگلیزی بێت، کاتێک مان یۆنایتد و ئەرسناڵ هەردووکیان رکابەرەکەی یەکتر لەگەڵ یەکتری یاری دەکەن، یانەیەکەی تریش (چێلسی) بەسەرپەرشتی راهێنەر "هێدینگ"، کە بەوە ناساروە دەیەوێت لە قۆناغەکانی کۆتایی بێت، لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا لە مۆندیالی (١٩٩٨) لەچوار گۆشەی زێڕین بوو، لە (٢٠٠٢) لەگەڵ کۆریای باشوور هەمان سیناریۆی دووبارە کردەوە، لە یۆرۆی (٢٠٠٨) لەگەڵ ورچە سپییەکان گەیشتە چوار گۆشەی زێڕین، لەوانەیە ئەمجارە تەنها بەوە رازی نەبێت، لەوانەیە لەگەڵ چێلسی لە رۆما بێت، کە لە (ئۆلۆمپیک) یاری کۆتایی ئەنجامدەدرێت، لە جامی یەکێتی ئەوروپاش دوو یانەی ئۆکرانی شاختەر و دینامۆکێڤ لە یاری پێش کۆتایدان، یەکەمیان بەرامبەر هامبۆرگ و دووەمیان بەرامبەر فەێردەرێمەن یاری دەکات.

## چەند عەیبە...عەمری نەمینێ !!!

**ئا: وەرزشی بەدرخان**



کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئەو بەچکە شێرەی پرتوگالیایە، کە بەرێکەوت فێرگ ئەریکسۆن راهێنەری مان یونایتد دوای ئەوەی لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە، لە پرتوگال دەنیشنەوە بەناچاری، پاشان یانەی سپۆرتینگ لشبۆنەی پرتوگالی یارییەکی دۆستانە لەگەڵ مان یۆنایتد دەکەن، فێرگ ئەریکسۆن زۆر سەرسام دەبێت بە ئاستی ئەو یاریزانە (کریستیان رۆناڵدۆ)، کە ئەوکاتە تەمەنی لە (١٨) ساڵ تێنەدەپەڕی، یەکسەر ئەریکسۆن دەڵێت: من لەگەڵ یانەکەم ناگەڕێمەوە تا رۆناڵدۆ لەگەڵ خۆم نەبەمەوە بۆ ئینگلتەرا، بەڵێ یەک دوو رۆژ دوای دەکەون تا بۆندەکەی لەگەڵ مۆردەکەن، لەگەڵ خۆی بۆ ئینگلتەرای بردەوەو ئەمڕۆ ئەم ئەستێرە ناودارەی لێدەرچووە، کە ئێستا چەندین دەسکەوتی بۆ مان یونایتد هێناوەتەوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لە ئەوروپا و جیهانیش، بەڵام ئەوەی مەبەستە ئایا رۆناڵدۆ لەو یاریەی بەرامبەر یانەی پۆرتۆی وڵاتەکەی، ئایا ئەمە زیرەکی رۆناڵدۆیە گۆڵی کرد؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوەی بیێت بە باشترین یاریزان بە چاکەی خۆشی پان بکاتەوە؟ ئایا رۆناڵدۆ وەرزش دەکات؟ ئایا رۆناڵدۆ پیشەگەرە؟ یا بازرگانە؟ یا خاینە؟ ئەمانە هەموو پرسیارن و دەمێک کراون و وەڵامیشان تا ئێستا روون نەبۆتەوە، زۆر یاریزان و راهێنەر دژی وڵاتەکەیان یارییان کردووە، بۆ نموونە شەڕی نێوان ئینگلتەراو ئەرژەنتین لەسەر دورگەی (فۆکلاند) کەچی یاریزانی ئەرجەنتین (ئەردلیس) لە یانەی (تۆتنهام)ی ئینگلیزی یاری دەکرد، راهێنەری هۆڵەندی (هێدینگ) لە جامی ئەوروپا، کە راهێنەری رووسیا بوو، هۆڵەندای لە پاڵەوانیەتەکە دەرکرد، پێش یارییەکەش وتی: من ئەمشەو خیانەت لە وڵاتەکەم دەکەم، راستیشی کردو هۆڵەندای دەرکرد، بەڵام وڵاتی هۆڵەندا پاسەپۆرتی لە (هێدینگ) سەندەوە...بەهەر حاڵ ئایا بۆنەی وەرزشی وای لێهاتووە وڵاتی خۆت، کە پەروەردەی کردیی و مەزنی کردی، ئینجا تۆ دژی بوەستی، من گومانم هەیە ئەمە بۆندی وەرزشی نییە، ئەمەی بۆم باسکردوون لە یاری نێوان مان یونایتد و پۆرتۆ بوو، کە بە درێژی بۆ منداڵەکەی خۆم گێڕاوەتەوە، منداڵەکەشم زۆر بە ئازادی و بەبێ دوو دڵی وتی: عەمری نەمینێ!! من هەموو دنیام بدەنێ گۆڵ لە وڵاتی خۆم تۆمار ناکەم، چەند عەیبە!! عەمری نەمینێ!!

پرسیارەکەی من لێرەیە ئایا ئەو بۆندە وەرزشیانە راستن؟ وەکو رۆناڵدۆ؟ یان منداڵەکەی من راستە؟


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
**عەبدولڕەحمان مەعروف** (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا:
**حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعود ئیبراهیم، حەسیبە بابۆڵی.**
■ نەخشەساز:
**ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

■ راوێژکاری مێژوو: د. **عەبدوڵلا عەلیاوەیی**
■ راوێژکاری زمانەوانیی: **د.وریا عومەر ئەمین**
■ راوێژکاری رووناکبیریی: د. **هیمداد حوسێن**
■ راوێژکاری کلتووری: **خالید جوتیار**
■ راوێژکاری هونەری: **محەمەد زادە**
■ بەشی کۆمپیوتەر: **ئەیوب یوسف ئەبوبەکر**



ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: + ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: + ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤

بەدرخان
Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com